پێشکەشە

بە بەڕێز

( ئەندازیاری بەڕێز کاتێک ئەو کتابەت بە دیاری وەرگرت )

بارمەتی هەژارێك بدە ئەگەر بە نیوەی نرخی کتابەکەش بێت

دانەر

# چۆنیەتی بەکارهێنانی




## لە بواری ڕێگاوبان دا

نووسینی : ئەندازیار محمود حسین شاهۆیی

ناوی کتێب : چۆنیەتی بەکارهێنانی (AutoCAD CIVIL 3D 2013) لە بواری رێگاوبان دا

ئامادەکردنی : ئەندازیار محمود حسین شاهۆیی

ژمارەی سپاردن : لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( ) ساڵی (2013) ی پێدراوە

تیراژ : دانە

مافی بلاوکردنەوەی بۆ هەموو کەسێکە ئەگەر دەستکاری نەکات و بە خۆڕایی دابەشی بکات

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەكی

الحمد لله رب العالمين حمداً يوافي نِعَمَهُ و يكافئ مزيده و يدفع عنا بلاءه و نِقَمَهُ يا ربنا لك الحمد كما ينبغي لجلال وجهك و لعظيم سلطانك و مجدك و نشهد ان لا اله الا الله وحده لا شريك له و نشهد ان قائدنا و حبيبنا و إمامنا محمد ﷺ عبده و رسوله اللهم صل وسلم و بارك على هذا النبي الكريم وعلى سائر إخوانه من النبيين والمرسلين و على آله و صحبه أجمعين و من تَّبِعهم بِإحسان الى يوم الدين.

بەرنامەی ( Civil 3D ) یەكێكە لە بەرنامە هەرە بەهێزەكان ، هەرچەندە كارەكانی وەكو بەرنامەی ( Land Development ) ە بەلاَم زۆر بە فراوانتر لەو بەرنامەیە كار دەكات ، بۆ نموونە ئەگەر ئەنجامدانی كارێك لە بەرنامەی ( Land Development ) بە یەك ڕێگا بكرێت ئەوا لە بەرنامەی ( Civil 3D ) دا بە چەندین شێواز ئەنجام دەدرێت ، وە ئەگەر بمانەوێ لە بەرنامەی ( Land Development ) بۆ نموونە پڕۆفایلێك دەستكاری بكەین پێویستە لە پێشدا داتاكانی سەر پڕۆفایلەكە بسڕینەوە ئینجا هەنگاوەكانی دەستكاری كردنەكە بنێین ، بەلاَم لە ( Civil 3D ) دا ئەگەر پڕۆفایلێك دەستكاری بكەین پاش دەستكاری كردنەكە هەموو داتاكانی پڕۆفایلەكە یەكسەر گۆڕانكاریان بەسەر دێت ، هەروەها هەموو گۆڕانكاریەكانی تریش یەكسەر تازە بوونەوەیان بەسەر دادێت ئەگەر ( Dynamic ) مان هەڵبژاردبێت لەكاتی دروستكردنی ئەو شتەی دەمانەوێ بیگۆڕین ،هەروەها لەو بەرنامەیەدا دەتوانین بە ماوەی چەند خولەكێك هەزاران پارچە زەوی ژمارە بكەین، كەچی ئەنجامدانی ئەو كارە بە بەرنامەی ( Auto CAD ) دەیان كاتژمێر یان چەندین ڕۆژی پێویستە بۆیە پێویستە ئەندازیارە ( تەلارساز-معماری ) ەكان یان ئەو ئەندازیارانەی لە بواری دیزاینی شارەكان كار دەكەن لە كاتی ژمارەكردنی پارچە زەویەكان سوود لە بەرنامەی ( Civil 3D ) وەربگرن بۆ ئەوەی كارەكانیان بە ڕێكی ئەنجام بدەن و كاتێكی زۆریشیان بۆ بمێنێتەوە .

**دەتوانین سوود لە بەرنامەی (Civil 3D) وەربگرین لەو بوارانەدا :**

- **لە بواری دیزاین و دروستکردنی ڕێگاوبان و زانینی بڕی ماددە بەکارهاتووەکان.**
- **بواری دروستکردنی زێراب بۆ ئاوەڕۆ و ئاوی باران و لافاو.**
- **بواری دابەشکردنی ئاوی پاك.**
- **بواری دیزاین و جێبەجێکردنی بۆری گاز و نەوت.**
- **بواری زانینی بڕ و گوژمەی تێچووی پڕۆژەکان.**
- **بواری دابەشکردنی زەوی و چەندین بواری تر.**

**هیوادارم بڵاوکردنەوەی ئەو کتابە ببێتە مایەی ڕەزامەندی خوا و کەمێکیش لەو ئەرکە ئایینی و نیشتمانیەی سەرشانم سووك بکات وە کەلێنێکی کتێبخانەی کوردیش پڕبکاتەوە.**

**ئەوەی ماوەتەوە بیلێم ئەوەیە کە کاتێك کتابی (دروستکردنی ڕێگاوبان بە بەرنامەی Land Development) م نووسی داوای یارمەتیم لە ئە نجوومەنی وەزیران کرد بۆ چاپکردنی بە چاپی ڕەنگاوڕەنگ،بەڵام ئەو بڕە پارەیەی کە تەرخانیان کرد بۆ چاپکردنی کتابەکە کەمتر بوو لە دەیەکی ئەو پارەیەی کە هەموو جارێ بۆ سەماکەرەکان تەرخان دەکرێت ،جا زۆر بەسەر خۆمدا شکامەوە و خۆم بە سواڵکەر هاتە بەرچاو بۆیە بڕیارم دا کە ئەو جارە ئەو کتابە لەسەر ئەرکی خۆم چاپ بکەم و بە خۆڕایی دابەشی بکەم تا بوودجەی ئە نجوومەنی وەزیران کورت نەهێنێ و سەماکەر و داهێنەرەکانیش تووشی تەنگژەی دارایی نەبن !!!.**

**ئەندازیار**

**محمود حسین شاهۆیی**

**هەولێر**

1434/9/2ك - 2013/7/11ز

# سەرەتای چوونە ناو بەرنامەکە

سەرەتا کە بەرنامەی Civil 3D 2013 دەکەیتەوە بەم شێوەیە دێت




لەگەڵ بەرنامەکە پەنجەرەیەك دێت بەناوی Welcome Screen کە چەند ڤیدیۆیەکی بێدەنگی تێدایە و راڤەی بەرنامەکە دەکات:




**لــەو پە نجەرەيــەدا چــەند شـــتێك باســـكراوە وەكـــو ســـەرەتاى چـــوونە نـــاو بەرنامەكــەو دروســـتكردنى (روو) و ڕێـــرەو و پرۆفايـــل و هتد...**

**ئەگەر بتەوێ هيچى تـر ئـەو پە نجەرەيەت بۆ نەيەت ئـەوا دەتوانى ئەو نيشانە (ڕاست) ى show this dialog at startup كە لە ژێـرەوەى پە نجەرەكەيـە لابـەيت جـا هيچى تر بۆت نايەتەوە.**

**وە ئەگەر بمانەوێ جارێكى تر پە نجـەرەى (Welcome Screen) بێنينـەوە ئـەوا دەچينە (Help) و كليك لەسەر دوگمـەى (Show Welcome Screen) دەكـەين وەكو لاى خوارەوە جا جارێكى تر پە نجەرەكە دێتەوە**




چەندین ڤیدیۆی تریش لەناو بەرنامەکە هەیە دەتوانین سوودیان لێ ببینین و بەم شێوەیە بیانهێنین :

دەچینە ( Help ) ئینجا کلیك لەسەر ( Videos ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




ئینجا بەشی ( Videos ) دەبێتەوە کە چەندین ڤیدیۆی لەخۆ گرتووە لە چەندین بەشی جۆراوجۆر وەکو لای خوارەوە



جگه له په نجەرەی ( Welcome Screen ) بەرنامەکە لە چوار بەشی سەرەکی پێـك دێت کە ئەمانەن :

1- Menu Bar

لیـستی سـەرەکی بەرنامەکەیـە بـەلاَم لـە سـەرەتای کردنـەوەی بەرنامەکـە دەرناکەوێ، جا بۆ ئەوەی ئەو لیستە دەرکەوێت دەچینە دوگمەی تەنیـشت ( Civil 3D ) و دەیکەینەوە هەووکو لـە خـوارەوە دیـارە ئینجـا کلیـك لەسـەر ( Show Menu Bar ) دەکەین




جا شاشەکە بەم شێوەیەی لێدێت و لیستە سەرەکیەکان دەردەکەون




ئەگەر بمانەوێ جارێکی تر ( Menu Bar ) لابەین دیسان دەچینەوە شـوێنی جـاران و کلیك لەسەر ( Hide Menu Bar ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




## 2- لیستی Ribbons




ئەم لیستە لە ( Home ) وە دەست پێدەكات تا ( Express Tools ) جا ئەگەر كلیك لەسەر ئایكۆنی تەنیشت ( Express Tools ) بكەین و ( Minimize To Tabs ) هەڵبژێرین وەكو لەسەرەوە دیارە ،ئەوا لیستەكە ئاواى لێدێت ، كە تەنها ( Tab ) ەكان ماونەتەوە لەو لیستەدا




وە ئەگەر ( Minimize to Panel Titels ) هەڵبژێرین ئەوا لیستەكە ئاواى لێدێت




وە ئەگەر (Minimize to Panel Buttons) هەڵبـژێرین ئـەوا لیـستەکە ئـاوای لێدێت




ئەگەر بمانەوێ لیستەکە وەکو خۆی لێبکەینەوە ئەوا تەنها (Tab)ەکان دەهێڵینــەوە و کلیك لەسەر ئـایکۆنی تەنیـشت (Express Tools) دەکـەین کـە (Show Full Ribbon) نیشان دەدات وەکو لای خوارەوە جا لیستەکە وەکو خۆی لێدێتەوە



### 3-بەشی (Toolspace)

ئەم بەشە هەر دەکەوێتە ناو (Ribbons) و لەناو (Home) و (View) هەیە بەڵام لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆر گرنگە و زۆربەی کارەکانی پێدەکرێت بۆیە بە تەنها باسی دەکەین




لێرەدا بەشی Toolspace کلیکی لەسەر کراوە و پەنجەرەیەك لە ژێرەوە دەرکەوتووە و لەم بەشانە پێك هاتووە

أ-Prospector ئەوە پەنجەرەی سەرەوەیە کە ناوی فایلەکەی تێدایە و لە چەند بەشێك پێکهاتووە.

ب-Settings ئەوەش لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت




**لێرەدا هەرچەندە ناوەکانی بەشەکان وەکو یەکن ، بەڵام شێوازی کارەکانیـان لەیـەکتر جیان**

**ج-Survey ئەو بەشەش بەم شێوەیە**




ئەو بەشەش لەمانە پێكدێت Toolbox-د




جا ئەگەر كلیك لەسەر Toolspace بكەین ئـەوا پە نجەرەكـەی خـوارەوە نامێنێـت و شاشەكە گەورەتر دەردەكەوێت.

وە ئەگەر بمانەوێ بیانهێنینەوە ئەوا دەتوانین لەسەر Toolspace یان یەکێك لە چوار بەشەکە کە لە تەنیشتیەتی کلیك بکەین جا پە نجەرەکەی پێشوومان بۆ دێتەوە هەروەکو لە خوارەوە دیارە.




4- Command Bar لیستی فەرمان

ئەو لیستە دەکەوێتە بەشی خوارەوەی شاشەکە هەروەکو لە خوارەوە دیارە




لەو بەشەدا دەتوانین بە نووسین هەر فەرمانێکمان بوێت بینووسین جا بۆمان جێبەجێ دەکات.

# بەشی یەكەم

## خاڵەكان ( Points )

خاڵ بریتیە لە شوێنێك كە هێمایەكی بۆ دانـدراوە و بـاكوور و رۆژهـەڵاتی زانـدراوە و بەرزی و تاییە تمەندی خۆی هەیە.

## هێنانی خاڵەكان

لـە بەرنامـەی Civil 3D و Land Development خاڵـەكان سـەرەكیترین بەشن، جا بۆ دروستكردنی هەر فایلێك یان پرۆژەیەك پێویـستمان بـە كۆمـەڵێك خـاڵ هەیە كە بە Total Station یان ( GPS ) وەرگیرابن یان بە دەست دروست كرابن، جـا لێرەدا كۆمەڵێك خاڵمان هەیە كـە بـە Total Station وەرگـیراون بـۆ دروسـتكردنی شوێنێك ئێمەش دەیانهێنینە ناو كارەكەمان بەم شێوەیە:

سەرەتا كە دەچینە ناو بەرنامەكە بەم شێوەیە دەكرێتەوە و فـایلێكی دروسـتكردووە بـە ناوی ( Drawing1 )



جا ئێمەش كليك لەسەر ئايكۆنی Save دەكـەين و بـەو نـاوەی كـە دەمانـەوێ هـەڵی دەگرين وەكو لای خوارەوە




جا ناوی فايلەكەمان لە ( Drawing1 ) ەوە دەبێتە ئەو ناوەی كـە لێمـان نـاوە ، بـۆ نموونە ( Kurdistan City ) هەروەكو دیارە




پێش هێنانی خاڵەكان بۆ ئەوەی دڵنيـا بـين كـە ( مـەترمان هەڵبـژاردووە و فووتمـان هەڵنەبژاردووە ) لە ( Toolspace ) دا ( Settings ) هەڵدەبـژێرين ئينجا كليكـی

راست لەسەر ناوی فایلەکـەمان دەکـەین کـە ( Kurdistan City ) یـە ئینجـا کلیـك لەسەر ( ..Edit Drawing Settings ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پە نجەرەی ( Drawing Settings-Kurdistan City ) دەبێتەوە ئێمـەش لـە بەشی ( Drawing units ) دا ( Meters ) هەڵدەبژێرین و ( OK ) دەکەین



# شێوازەکانی هێنانی خاڵ بۆ ناو فایل

**بە یەکێك لەم شێوازانە دەتوانین خاڵەکان بێنینە ناو فایلەکەمان :**

1-لـــە (Menu Bar) دەچـــینە (Points) ئینجـــا (Create Points...) هەڵدەبژێرین وەکو لای خوارەوە




جا پە نجەرەی (Create Points) دێت ئێمـەش کلیـك لەسـەر دوگمـەی (Import Points) دەکەین هەروەکو لای خوارەوە




جا پە نجەرەی (Import Points) دێت بەم شێوەیە



2- هــەر لــە (Menu Bar) دەچـــینە (Points) ئینجـــا (Import/Export Points) دواى ئەوە كليك لەسەر (Import Points) دەكەين هــەروەكو لــە خــوارەوە دیارە




ئینجا یەكسەر پە نجەرەى (Import Points) دێت



3- لـه ( Home ) دەچـينە ( Points ) ئينجـا كليـك لەسـەر ( Point Creation Tools ) دەكەين هەروەكو لاى خوارەوە




جـا پە نجـەرەى ( Create Points ) ديَـت دواى ئـەويش پە نجـەرەى ( Import Points ) وەكو شيَوازەكانى پيَشتر.

4-لە ( Insert ) دەچينە ( Points from File )




جا يەكسەر پە نجەرەى ( Import Points ) ديَت.

5-لە ( Toolspace ) لە بەشى ( Prospector ) دەچينە ( Points ) ئينجـا كليكـى راستى لەسەر دەكەين ئينجا كليك لەسەر ( Create ) دەكەين وەكو لاى خوارەوە




جـا پە نجـەرەی ( Create Points ) دێـت دوای ئـەویش پە نجـەرەی ( Import Points ) وەکو شێوازەکانی پێشتر.

جا ئەمانە و چەندین شێوازی تریش هەیە بۆ هێنانی خاڵەکان بۆ ناو فایلەکەمان، هـەر یەکێك لەو شێوازانە بەکاربێنین دەگەینـە پە نجـەرەی ( Import Points ) وەکـو لای خوارەوە




لەو پە نجەرەیەدا لـە بەشـی ( Specify Point file format ) ئـەو شـێوە فایلـە هەڵدەبژێرین کە خۆمان هەمانە بۆ نموونە ( PNEZD (space delimited ) وەکـو لای خوارەوە




کە

P بریتیە لە ( خاڵ )

N بریتیە لە( باکوور )

E بریتیە لە ( رۆژهەلاٌت )

Z بریتیە لە ( بەرزی )

D بریتیە لە ( وەسف )

وە لە بەشی ( Selected Files ) کلیك لەسەر( + ) دەکـەین کـە بریتیـە لـە ( Add Files ) وەکو لای خوارەوە



دوای ئــەوەی کــە فایلەکــەمان هەڵدەبــژێرین دەگەڕێینــەوە پە نجــەرەی ( Import Points ) بەم شێوەیەی لێدێت




لە بەشی ( Selected Files ) نــاوی فایلەکــەمان نووســراوەو نیــشانەی راســتی لــە تەنیشت دانراوە واتە فایلەکە هاتۆتە ناو بەرنامەکە،وە لە بەشی ( Preview ) ناوی فایلەکە و خاڵەکان و باکور و رۆژهــەڵات و بــەرزی و ســیفاتی خاڵــەکان نووســراون،وە ئەگەر کلیــك لــەناو چوارگۆشــەکەی تەنیــشت ( Add Points to Point Group ) بکەین ئەوا دەتوانین خاڵەکان بکەینە کۆمەڵ خاڵێك جا ( OK ) دەکــەین و خاڵــەکان دێنە ناو فایلەکە بەلاَم لەوانەیە دیار نەبن بۆیە دەنووسین ( Z ) جا ( Enter ) دەکــەین دوای ئەوە دەنووســین ( E ) وە دووبــارە ( Enter ) دەکەینــەوە ئینجــا هــەموو خاڵــەکان لەسەر شاشە دەردەکەون وەکو لای خوارەوە



بەلاّم ئەگەر سەیری خاڵەکان بکەین دەبینین تەنها ( X ) ەکان هاتوون ، بـەلاّم ژمـارە و بـەرزی و وەسـفی خاڵـەکان نـەهاتوون ، بـۆ ئـەوەی ئەوانـەش دەرکـەون دەچـینە ( Prospector ) لـە ( Toolspace ) جـا ( + ) ی تەنیشـت ( Point Groups ) دەکەینـەوە و کلیکـی راسـت لەسـەر ( _All Points ) دەکـەین و کلیـك لەسـەر ( Properties ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا ئەم پە نجەرەیەمان بۆ دێت




لێـرەدا ( Information ) كليكـى لەسـەر كـراوە و لـە بەشـى ( Point Style ) دا ( Basic ) هەڵبـژێردراوە،وە لـە بەشـى ( Point label style ) دا ( none ) هەڵبژێردراوە ، جا ئەگەر ئەو سەهمەى كە ( none ) ى لە تەنيشت نووسراوە بكەينـەوە ئەو هەڵبژاردنانەى تێدايە




كە :

none- هـيچ دەرناكـەوێت تـەنها ( نيـشانكەر ) وەكـە ( Marker ) نـەبێت بەم شێوەيە :



- Description Only تەنها وەسف دەردەکەوێت

بەم شێوەیە :




- Elevation and Description بەرزی و وەسف دەردەکەون

بەم شێوەیە :




- Elevation Only تەنها بەرزی دەردەکەوێت

بەم شێوەیە :




- Northing and Easting باکور و رۆژهەلاَت دەردەکەون

بەم شێوەیە :




**- Point Number Only تەنها ژمارەی خاڵ دەردەکەوێت بەم شێوەیە :**




**- Point # and Description ژمارەی خاڵ و وەسف دەردەکەون بەم شێوەیە :**




**- Point #- Elevation- Description ژمارەی خاڵ و بەرزی و وەسف دەردەکەون بەم شێوەیە :**




وه ئەگەر نووسینەکان گەورە و تێکەڵ بوون دەتـوانین کلیـك لەسـەر ( Annotation Scale ) بکەین و بەم شێوەیە بچووکیان بکەینەوە




جا خاڵەکان ئاوایان لێدێت



لێرەدا ( نیشانکەر ) مکە ( X ) ی بۆ هەڵبژێردراوە ، دەتوانین شێوەکەی بگۆڕین بەم جۆرە




لە پە نجەرەی ( Point Group Properties ) لە بەشی ( Point Style ) سەرە تیرەکە دەکەینەوە و ( Edit Current Selection ) هەڵدەبژێرین هەروەکو لەسەرەوە دیارە جا پە نجەرەی ( Point Style ) دێت جا دوگمەی ( Marker ) دەکەینەوە و ئەو شێوەیە هەڵدەبژێرین کە دەمانەوێت وەکو لای خوارەوە



هەروەها دەتوانین لە دوگمەی ( Display ) ڕەنگیشی بگۆڕین جا شێوەکەی ئاوای لێدێت




بۆ گۆڕینی ڕەنگ و قەبارەی ( ژمارە و بەرزی و وەسفی ) خاڵەکان دەچینە ( Settings ) لە ( Toolspace ) ئینجا ( points ) دوای ئەوە نیشانەی ( + ) ی ( Label Styles ) دەکەینەوە و کلیکی ڕاست لەسەر ( Point #-Elevation - Descreption ) دەکەین و ( Edit... ) کلیك دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی ( Label Style Composer ) دەبێتەوە و لە بەشی ( Layout ) دەتوانین ڕەنگ و شوێن و قەبارە و گۆشەی نووسینی هەریەکەیان بگۆڕین هەروەکو لای خوارەوە




بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێ ئەو نووسینانە هەر یەکەیان بە ڕەنگێك بنووسین لە بەشی (Component name) یەکێك لە (ژمارەی خاڵ یان بەرزی یان وەسف) هەڵدەبژێرین ، جا لە بەشی (Text) کلیك لەسەر (Color) دەکەین و ئەو ڕەنگەی دەمانەوێ هەڵیدەبژێرین وەکو لای خوارەوە






جا خاڵەکە ئاوای لێدێت



# چۆنیەتی هێنانی ئەو فایلانەی کە جگە لە ( PNEZD ) هەندێك شتی تریشی لەگەڵدایە

ئەگەر سەیری ( Point File Format ) ەکان بکەین دەبینین لە ( PNEZD ) زیـاتری تێدانیە هەروەکو لە خوارەوە دیارە




بەلاّم ئێمە فایلێکمـان هەیـە لـە دوای( D ) دوو سـتوونی تریـشمان هەیـە ئـەوانیش ( Type ) و ( Height ) ن ، هەروەکو ئەو فایلەی خوارەوە

BPole.txt - Notepad

| Point | North | East | Elevation | | Type | Height |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 5000.000 | 7000.000 | 500.000 | EG | | |
| 2 | 5040.463 | 7000.811 | 499.156 | EG | | |
| 3 | 5040.404 | 7000.001 | 499.103 | EG | | |
| 4 | 5148.432 | 7000.325 | 500.613 | Pole | Elec | 9.000 |
| 5 | 5148.335 | 7000.381 | 500.385 | EG | | |
| 6 | 5127.172 | 6994.411 | 500.243 | EG | | |
| 7 | 5158.386 | 6956.602 | 495.149 | Pole | Elec | 9.000 |
| 8 | 5152.405 | 6973.018 | 496.194 | Pole | Elec | 9.000 |
| 9 | 5160.522 | 6924.525 | 494.405 | EG | | |
| 10 | 5150.073 | 6951.555 | 494.907 | Pole | Tele | 6.500 |
| 11 | 5153.249 | 6927.003 | 494.407 | Pole | Tele | 6.500 |
| 12 | 5201.717 | 6869.476 | 493.586 | EG | | |
| 13 | 5169.098 | 6873.749 | 493.383 | EG | | |
| 14 | 5177.301 | 6853.595 | 493.070 | Pole | Tele | 6.500 |
| 15 | 5143.562 | 6899.391 | 493.872 | C.P | | |

جا لێرەدا پێویستە شێوازێکی تر دروست بکەین بۆ ئەوەی بتوانین ئەو جۆرە فایلە بێنینە ناو بەرنامەکەمان، بۆ دروستکردنی شێوازێکی تازە دەچینە ( Settings ) جا ( + )ی تەنیشت ( Point ) دەکەینەوە ئینجا ( + )ی تەنیشت ( User-Defined Property Classifications ) دەکەینەوەو کلیکی ڕاست لەسەر ( Unclassified ) دەکەین و کلیك لەسەر ( New ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




ئینجا پەنجەرەی ( New User-Defined Property ) دێت، ئێمەش لە خانەی ( Name ) ناوی ستوونە تازەکان دەنووسین کە یەکەمیان ( Type )ە وە لە بەشی ( Property field type ) ئەو شتە هەڵدەبژێرین کە لەگەڵ شێوازەکەمان دەگونجێت جا ( OK ) دەکەین وەکو لای خوارەوە



جارێکی تریش ئەو کردارە دووبارە دەکەینەوە چونکە دوو ستوونی زیادەمان هەیە ، ئەو جارە لە بەشی ( Name ) دەنووسین ( Height ) وە لە بەشی ( Property field type ) دەبێ ( Distance ) هەڵبژێرین چونکە پێوانەیە ئینجا ( OK ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




ئینجا دەچینە ( Settings ) جا ( + )ی تەنیشت ( Point ) دەکەینەوە ئینجا ( + )ی تەنیشت ( Point File Formats ) دەکەینەوە وەکو لای خوارەوە




دوای ئەوە کلیکی راست لەسەر ئەو شێوازە دەکەین کە لە شێوازەکەی خۆمان نزیکە ئەویش {PNEZD (Space Delimited)} ە ئینجا کلیك لەسەر ( Copy ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی (Point File Format) دێت ئێمەش لە بەشی (Format name) ناوی شێوازەکەمان دەنووسین بەم شێوەیە {PNEZDTH(Space Delimited)} وە لەبەشی (Default file extension) ئەو جۆرە فایلە هەڵدەبژێرین کە هەمانە لێرەدا (.txt) ە وەکو لای خوارەوە




ئینجا کلیك لەسەر (unused) دەکەین کە لەدوای (Raw Description) ە جا ئەو پەنجەرەیەمان بۆ دێت




ئێمەش لە بەشی ( Column name ) ناوی ئەو ستوونە هەڵدەبژێرین کە بۆمان دانابوو کە ( Type ) ە ئینجا ( OK ) دەکەین و جارێکی تر هەمان کردار دووبارە دەکەینەوە و ئەو جارە ستوونی دووەم دەنووسین کە ( Height ) ە ئینجا ( OK ) وەکو لای خوارەوە




ئینجا دەگەڕێینەوە پە نجەرەی ( Point File Format ) وە بەو شێوەیەی لێهاتووە




لەو پەنجەرەدا دیارە کە لە دوای ستوونەکانی ( PNEZD ) دوو ستوونی تریش زیاد بوونە کە ( Type ) و ( Height ) ن ، ئینجا ( OK ) .

ئەگەر جارێکی تر سەیری ( Point File Formats ) بکەین دەبینین ئەو شێوازەی کە دروستمان کرد چۆتە ریزی شێوازەکانی تر و بۆتە شێوازێکی سەربەخۆ لەو بەشە هەروەکو لە خوارەوە دیارە




دوای دروستکردنی ئەو شێوازە فایلێکی پێ دینینە ناو بەرنامەکەمان بۆ ئەوەی بزانین کە خاڵەکان چۆن دەردەکەون

دەچینە (Import Points) هەروەکو لە پێشتر باسمان کرد، ئینجا لە بەشی (Specify point file format) شێوازە تازەکەمان هەڵدەبژێرین وەکو لای خوارەوە




ئینجا لە بەشی (selected Files) فایلەکەمان دێنین و (OK) دەکەین، جا خاڵەکان بەم شێوەیە دێنە سەر شاشە



بەلاّم ئەگەر سەيرى خالّەكان بكەين دەبينين كە تەنها ژمارەى خـالّ و بـەرزى و وەسـفى خالّەكان هاتوونەتە سەر شاشە بەلاّم دوو ستوونە تازەكە كـە ( Type ) و ( Height ) ن ديارنين هۆيەكەشى ئەوەيە كە لە ( Point label style ) ئەو دوو سـتوونەمان نيـە هەرووەكو لە خوارەوە ديارە




جا پێويستە لە ( Point label style ) شـێوازێكى تـر دروسـتبكەين كـە ( Type ) و ( Height ) يشى تێدابێت بەم شێوەيە :

دەچـــينە ( Point label style ) و ( Point#-Elevation-Description ) هەڵدەبـژێرين جـا سـەرە تيرەكـەى تەنيـشتى دەكەينـەوە و كليـك لەسـەر ( Copy Current Selection ) دەكەين وەكو خوارەوە



ئینجا پەنجەرەی (Label Style Composer) دێت ئێمەش لە بەشی (Information) ناوی شێوازەکە لە خانەی (Name) وەکو لای خوارەوە دەنووسین




ئینجا کلیک لەسەر (Layout) دەکەین و بەشی (Component name) دەکەینەوە و دەبینین تەنها (Point Description) و (Point Number) و (Point Elev) ی تێدایە وەکو لای خوارەوە




بەڵام (Type) و (Height) ی تێدا نیە بۆیە پێویستە ئەو دوو بەشەشی بۆ زیاد بکەین بەم شێوەیە

دەچینە (Create Text component) جا لە بەشی (Component name) بەشێکی تازە زیاد دەبێت بە ناوی (Text-1) وەکو لای خوارەوە




ئینجا بەم شێوەیەی خوارەوە گۆڕانکاری تێدا دەکەین

لە ( Name ) دەنووسین ( Type )

لە ( Anchor Component ) دا ( Point Description ) هەڵدەبژێرین

لە ( Anchor Point ) دا ( Bottom Center ) هەڵدەبژێرین

لە ( Attachment ) دا ( Top center ) هەڵدەبژێرین

وەکو لای خوارەوە



دووباره دەچینەوە ( Create Text component ) جا لە بەشـی ( Component name ) بەشێکی تازە زیاد دەبێت بە ناوی ( Text-2 ) وەکو لای خوارەوە




بە هەمان شێوەی پێشوو گۆڕانکاری تێدا دەکەین بەڵام ئەمجارە بەم شێوەیە

لە ( Name ) دەنووسین ( Height )

لە ( Anchor Component ) دا ( Type ) هەڵدەبژێرین

لە ( Anchor Point ) دا ( Bottom Center ) هەڵدەبژێرین

لە ( Attachment ) دا ( Top center ) هەڵدەبژێرین

وەکو لای خوارەوە



بەلاّم ئەگەر سـەيرى (Contents) بكـەين دەبيـنين نووسـراوە (Label Text) بـۆ هەريەكە لە (Type) و (Height) وەكو لاى خوارەوە







جا پێويستە (Label Text) بۆ هەردووكيان بگۆڕين بەم شێوەيەى خوارەوە لـە بەشـى (Component name) دا (Type) هەلْدەبـژێرين جـا كليـك لەسـەر (Label Text) دەكـــەين و پە نجـــەرەى (Text Component Editor-Contents) ديَت وەكو لاى خوارەوە



جا لە بەشی ( Properties ) دا ( Type ) هەڵدەبژێرین و کلیك لەسەر سەرەتیرەکەی تەنیشتی دەکەین و بەم شێوەیەی لێدێت




ئینجا ( OK ) دەکەین و هەمان کردار بۆ ( Height ) یش دووبارە دەکەینەوە پەنجەرەی ( Text Component Editor-Contents ) بەم شێوەیەی لێدێت بۆ ( Height )




جا ( OK ) ( OK ) ( OK ) ئینجا خاڵەکان بەم شێوەیان لێدێت



# دروستكردنی خاڵ
# Creating Points

دەتوانین بە چەندین شێوە خاڵ درووست بکەین کە هەر هەموویان لە ناوەڕۆکـدا یـەکن، ئەمانەی خوارەوە هەندێك لە شێوازەکانن :

1- دروستکردنی خاڵ –جۆراوجۆر Create Points -miscellaneous

دەچینـە ( Menu Bar ) ئینجـا ( Point ) دەکەینـەوە و کلیـك لەسـەر ( Create Points -miscellaneous ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




لەم شێوازەدا کە شێوازی جۆراوجۆرە بۆ دروستکردنی خاڵ ،بە شازدە جـۆر خـاڵ دروست دەکرێت هەروەکو لە لیستەکەدا دیارن ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

أ- Manual واتە دروستکردنی خاڵ بە دەست

شێوازی ( Manual ) بەشی یەکەمی دروستکردنی خاڵە لە شێوازی جۆراوجۆر وەکـو لای خوارەوە




كە دەچينە سەر ئەو فرمانە، لە هێلی ( Command ) دەنووسرێت تكايە شوێنێك ديار بكە بۆ خاڵە نوێكە وەكو لای خوارەوە

```
CREATEPOINTMANUAL Please specify a location for the new point:
```

ئێمەش لەسەر شاشە لەو شوێنەی كە دەمانەوێ كليك دەكەين جا داوامان لێدەكات كە وەسفی خاڵەكە بنووسين ئێمەش دەنووسين بۆ نموونە ( Pole ) جا داوامان لێدەكات كە بەرزی خاڵەكە بنووسين ئێمەش دەنووسين ( 496,5 ) جا خاڵێكمان بۆ درووست دەكات وەكو خوارەوە




ب- دروستكردنی خاڵ بە شێوازی ( Northing\Easting ) - باكوور/ ڕۆژهەڵات

بەم شێوەيەی خوارەوە دەچينە سەر ئەو فرمانە




سەرەتا داوامان لێدەكات كە باكووری خاڵەكە دياربكەين ئێمەش دەنووسين بۆ نموونە( 4016602 ) ئينجا داوا دەكات كە ڕۆژهەڵات بنووسين ئێمەش دەنووسين بۆ نموونە( 415737 ) ئينجا داوا دەكات كە وەسفی خاڵەكە بنووسين جا ئێمەش بۆ

نموونه دەنووسین ( Wall ) جا داوا دەكات بەرزی خاڵەكە بنووسـین ئێمـەش دەنووسـین ( 497 ) جا بەم شێوە لەو شوێنەی كە پێمان داوە خاڵەكەمان بۆ درووست دەكات




ج- Bearing - دروستكردنی خاڵ بە ئاراستە

لە بەشی جۆراوجۆر دەچینە ( Bearing ) وەكو لای خوارەوە




جا داوامان لێدەكات كە خاڵی سەرەتا دیار بكەین یان هەندێك هەڵبژاردنی تر ئە نجام بدەین ، جا بۆ نموونە ئەگەر خاڵێكمان هەڵبژارد دوای ئەوە داوامان لێـدەكات كـە لـە چوار چواریەك یەكێكیان هەڵبژێرین وەكو لای خوارەوە



ئەو چوار چواریەکەش بریتین لە :

-چواریەکی یەکەم ( باکووری رۆژهەڵات –Quadrant:1-NE )

- چواریەکی دووەم ( باشووری رۆژهەڵات –Quadrant:2-SE )

- چواریەکی سێیەم ( باشووری رۆژئاوا –Quadrant:3-SW )

- چواریەکی چوارەم ( باکووری رۆژئاوا –Quadrant:4-NW )

جا دوای دیارکردنی یەکێك لەم چوار چواریەکە بۆ نموونە یەکەم ماوسەکەمان تەنها لەو چواریەکە کاردەکات ئینجا داوای دیارکردنی گۆشەی ئاراستە دەکات ئێمەش پێوانەیەك دەنووسین بۆ نموونە (30) ئینجا هێلێك دروست دەکات بە گۆشەی (30) پلە لەگەڵ ئاراستەی باکوور بەرەو رۆژهەڵات ئینجا ماوسەکەمان تەنها لەسەر ئەو هێلە کار دەکات ئینجا داوای دووری دەکات ئێمەش بۆ نموونە دەنووسین (15) جا داوای وەسف و بەرزی خاڵەکە دەکات دوای نووسینی ئەوانەش خاڵێکمان بۆ درووست دەکات وەکو لای خوارەوە




نموونە :

کێڵگە مینێکمان هەیە بە ناوی کێڵگە مینی (کەپکی حاجی صالح) ئاراستە گۆشە و دووری (Bearing & Distance) بە (کۆمپاس - Compass) بەم شێوەیەی خوارەوە لە (سەکۆی نیشانە – B.M Bench Mark) وە وەرگیراون:

| Type | Bearing | Distance |
|---|---|---|
| S.P | 256 | 60 |
| T.P1 | 206 | 56 |
| T.P2 | 280 | 219 |
| T.P3 | 55 | 45 |
| T.P4 | 80 | 205 |

كاتێك كليك لەسەر (Bearing) دەكەين لە (دروستكردنى خاڵ –جۆراوجۆر) داوامان لێدەكات كە خاڵى سەرەتا دياربكەين ئێمەش كليك لەسەر ئەو خاڵە دەكەين كە لێى نووسراوە (B.M) چونكە كارەكە لەوێوە دەستى پێكردووە ،جا پێمان دەڵێت چواريەكێك هەڵبژێرە ئێمەش دەبێ چواريەكى سێيەم هەڵبژێرين چونكە گۆشەكە لەنێوان (180-270) پلەيە ،ئينجا دەڵێت (Bearing) چەندە ئێمەش دەنووسين (76) چونكە دەبێت چواريەكى يەكەم و دووەمى لێدەربێنين ئينجا لە تەوەرى شاقوليەوە گۆشەكە بپێوين كە دەكاتە (256-180 =76) جا ئاراستەيەك دروستدەكات بە گۆشەى 76 لەگەڵ تەوەرى شاقولى هەروەكو لە خوارەوە ديارە




ئينجا داواى دوورى دەكات ئێمەش دەنووسين (60) جا داواى وەسفى خاڵەكە دەكات ئێمەش دەنووسين (S.P) ئينجا داواى بەرزى خاڵەكە دەكات دواى نووسينى بەرزيەكەش خاڵێكمان بۆ دروستدەكات، جا لەوێوە داواى چواريەكێكى نوێ دەكات بۆ دروستكردنى خاڵێكى تر ئێمەش دووبارە چواريەكى سێيەم هەڵدەبژێرين چونكە گۆشەكە لە نێوان

(270-180) پلەیە ،بەهەمان شێوە بەردەوام دەبین تا تەواوکردنی خشتەکە بەلاّم پێویستە ئاگاداربین کە پێویستە هەردەم گۆشەکان لە تەوەری شاقولیەوە بپێورێن ،بۆ نموونە بۆ گۆشەی (280) پلە دەبێ چواریەکی چوارەم هەڵبژێرین ئینجا کە داوای (Bearing)ی کرد پێویستە (270) پلە لەو گۆشەیە دەربێنین جا دەمێنێتەوە (10) بەلاّم لەبەر ئەوەی لە تەوەری شاقولیەوە دەبێ گۆشەکە بپێوین بۆیە پێویستە (90-10) بکەین و بنووسین (80) چونکە ئەو (10) یەی کە ماوەتەوە لە تەوەری ئاسۆییەوەیە ئێمە پێویستە لە (90) دەری بینین چونکە لە شاقولیەوە دەپێوین.

لە کۆتاییدا ئەو خالاّنەمان بەم شێوەیە بۆ دروست دەکات




جا دەتوانین بە (Polyline) چێوەی کێڵگەکە دیار بکەین بۆ زانینی رووبەرەکەی یان هەرکارێکی تر وەکو لای خوارەوە



د- Azimuth




ئەو شێوازەش هەر لەناو جۆراوجۆرە وەکو لەسـەرەوە دیـارە شـێوەی کارکردنیـشی وەکـو (Bearing) ە بەڵام داوای دیاریکردنی چواریەکەکان ناکات و گۆشەکانیش بەتـەواوی دەنووسین بەبێ کەمکردنەوەی (90 یان 180 یـان 270) جـا بۆیـە ئـەو شـێوەیە زۆر ئاسانترە لە شێوازی (Bearing).

کاتێك کلیك لەسەر (Azimuth) دەکەین داوای دیاریکردنی خـاڵی دەسـتپێك دەکـات جا کاتێك کلیك لە شوێنێك دەکەین داوای گۆشەکە دەکات وەکو لای خوارەوە




ئێمەش گۆشەکە دەنووسین جـا داوای دووریەکـە دەکـات، دوای ئـەویش داوای وەسـف و بەرزی خاڵەکە دەکات ئینجا خاڵەکەمان بۆ دروست دەکات .

هـ- Angle گۆشە

ئەو شێوازەش لەناو جۆراوجۆرە لە دروستکردنی خاڵ وەکو لای خوارەوە




کاتێك کلیك لەسەر ( Angle ) دەکەین داوا دەکات کە هێڵێك دیار بکەین یان خاڵێـك هەڵبژێرین ،بۆ نموونە ئێمە کلیك لەسەر هێڵێك دەکەین جا لەگەڵ هێڵەکە گۆشـەیەك دروست دەکات و دەڵێت گۆشەکە چەند بێت وەکو لای خوارەوە




ئێمەش گۆشەیەك دەنووسـین بـۆ نموونـە ( 40 ) جـا ماوەکە لەسـەر گۆشـەی ( 40 ) دەمێنێتەوە و داوای دووری دەکات ئێمەش دوورییـەك دەنووسـین بـۆ نموونـە ( 25 ) جـا داوای وەسف دەکات ئینجا بەرزی دوای نووسینی ئەوانە خاڵێکمان بۆ دروست دەکات لـەو شوێنەی دەمانویست.

Deflection-و

ئەم شێوازەش وەکو شێوازی گۆشەیە، سەرەتا بەم شێوەیە دەچینە ناوی




ئینجا داوا دەکات کە هێڵێك هەڵبژێرین ،دواى دیاركردنى هێڵەكە داواى گۆشەیەك دەكات وەكو لاى خوارەوە




هەروەكو لە وێنەكە دیارە دەتوانین بە ئاراستەى میلى كاتژمێر یان پێچەوانەى میلى كاتژمێر گۆشەكە دیار بكەین، دواى نووسینى گۆشەكە داوادەكات كە چەند دوور بێت لە جەمسەرى هێڵەكە كە گۆشەكەى لێوە دروستبووە ئینجا داواى وەسفى خاڵەكە دەكات دواى ئەویش داواى بەرزى خاڵەكە دەكات ، جا خاڵێكمان بۆ دروستدەكات بەو شێوەیەى كە بۆمان دیاركرد وەكو لاى خوارەوە



**چەند پرسیارێك:**

پ - (1)

ئەگەر ژمارەیەکی زۆر خاڵمان هەبێت چۆن بتوانین ئەو خاڵەی دەمانـەوێ بیدۆزینـەوە و بزانین لە کوێیە؟

**وەڵام :** بۆنموونە فایلێکمان هەیە و ژمارەیەکی زۆر خاڵی تێدایە ئێمەش پێویـستمان بە خاڵی ژمارە (427) هەیە ، بۆ دۆزینەوەی ئەو خاڵە دەچـینە (Zoom to Point) لە لیستی (Transparent Commands)وەکو لای خوارەوە




جا داوای ژمارەی خاڵەکە دەکات ئێمەش دەنووسین (427) جا خاڵەکـەمان بـۆ دێنێتـە پێش وەکو لای خوارەوە




**هەروەها دەتوانین لە ( Command Bar ) بنووسین ( ZTP ) وەکو لای خوارەوە**




**جا داوای ژمارەی خاڵەکە دەکات ، دوای ئەوە خاڵەکە دێنێتە بەر چاومان.**

**پ- ( 2 )**

**چـــــەند خاڵێکمـــــان هەیـــــە کـــــە ( PI ) ن خاڵـــــەکانیش ئەمانـــــەن ( 1007،24،96،1259 )چـــۆن بتـــوانین ئـــەو خاڵانـــە لـــەناو کۆمەڵـــە خـــاڵێکی زۆر بدۆزینەوەو بە هێڵێك بە یەکیان بگەیەنین؟**

**وەڵام:**

**بۆ دۆزینەوەی ئەو خاڵانە لەناو کۆمەڵە خاڵێکی زۆر و بەیەك گەیانـدنیان بـە هێڵێـك دەچـینە ( Create Line by Point # Range ) لـەناو ( Line ) لـە بەشـی ( Home ) وەکو لای خوارەوە**




جا داوا دەکات کە ژمارەی خاڵەکان بنووسین ، ئێمەش ژمارەکان بەم شێوەیە دەنووسین




جا هێڵێکمان بۆ دەکێشێت کە ئەو خالآنەی لە یەکتر بەستاوەتەوە وەکو لای خوارەوە



پ- (3)

**چۆن بتوانین نووسینی خاڵەکان بەو گۆشەیە بنووسین کە خۆمان دەمانەوێت؟**

**<u>وەڵام:</u>**

**بۆ نموونە خاڵێکمان هەیە بە ژمارەی (57) وەکو لای خوارەوە**



كليك لەسەر خاڵەكە دەكەين و ماوسەكە لەسەر خاڵی سەرەوە رادەگرين جا كليك لەسەر (Rotate lable) دەكەين وەكو لای خوارەوە




جا داوای ئەو گۆشەيە دەكات كە نووسينەكەی پێ بسوڕێنێت ئێمەش گۆشـەكە دەنووسـين بۆ نموونە(60) پلە جا نووسينەكەمان بەو گۆشەيە بۆ دەسووڕێنێت وەكو لای خوارەوە




پ- (4)
ئەگەر خاڵێكمان بەستا (Lock) ئايا چ شـتێكی ئـەو خاڵـە دەسـتكاری دەكرێـت و چ شتێك دەستكاری ناكرێت؟

وەڵام:

بۆ نموونە خاڵێکمان هەیە بە ژمارەی (1086) ئەو خاڵە بەو شێوەیە دەبەستین




کلیکی راست لەسەر خاڵەکە دەکەین ئینجا کلیك لەسەر (Lock Points) دەکەین، جا خاڵەکە لە لیستی خاڵەکان قفلێکی لێدەدرێت وەکو لای خوارەوە



| Point Number | Easting | Northing | Point Elevation |
|---|---|---|---|
| 1083 | 5580.1160m | 5008.3460m | 501.336m |
| 1084 | 5527.2620m | 5013.1540m | 499.953m |
| 1085 | 5596.7310m | 5004.6430m | 501.799m |
| 1086 | 5609.5410m | 5016.0290m | 502.323m |
| 1087 | 5532.5580m | 4999.1200m | 500.358m |
| 1088 | 5623.4560m | 5010.0070m | 502.567m |
| 1089 | 5546.2570m | 5005.9000m | 500.297m |



لەبەر ئەوەی ئەو خاڵە قفل دراوە کەواتە ئێمە ناتوانین ژمارە و بەرزی و رۆژهەڵات و باکووری خاڵەکە بگۆڕین واتە ناتوانین خاڵەکە لە شوێنی خۆی بجووڵێنین، بەڵام دەتوانین نووسینەکان بسووڕێنین وەکو لای خوارەوە




هەروەها دەتوانین نووسینەکان لەیەکتر دووربخەینەوە وەکو لای خوارەوە




هەروەها دەتوانین نووسینەکان دوور بخەینەوە وەکو لای خوارەوە




هەروەها دەتوانین هێمای خاڵەکە بگۆڕین وەکو لای خوارەوە




کەواتە کاتێك کە خاڵێك یان کۆمەڵە خاڵێك دەبەستین مانای ئەوەیە کە تەنها ناتوانین خاڵەکە بجولێنین یان بەرزییەکەی بگۆڕین.

# ناردنە دەرەوەی خاڵەکان

ئەگەر پێویستمان بە هەموو خاڵەکان یان چەند خاڵێك هەبێ دەتوانین ئەو خاڵانە بهێنینە دەرەوەی بەرنامەکە، بۆ نموونە پێویستمان بەو خاڵانە هەیە (106تاکو 250) ، بۆ بردنە دەرەوەی خاڵەکان سەرەتا لە (Menu Bar) دەچینە (Points) ئینجا کلیك لەسەر (List Points) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەیەك دێت کە هەموو خاڵەکانی تێدایە، ئێمەش سەرەتا کلیك لەسەر خاڵی ژمارە (106) دەکەین ئینجا (SHIFT) دادەگرین و کلیك لەسەر خاڵی ژمارە (250) دەکەین جا ئەو خاڵانە لە ژمارە (106)ەوە تا (250) هەموویان دیار دەکرێن وەکو لای خوارەوە




| oint Num... | Easting | Northing | Point Elevation | Name | Raw Description | Full Description |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 236 | 5456.3790m | 4682.9020m | 498.484m | | | |
| 237 | 5497.9550m | 4688.7730m | 499.114m | | | |
| 238 | 5476.6900m | 4676.9150m | 498.726m | | | |
| 239 | 5488.8200m | 4671.9160m | 499.102m | | | |
| 240 | 5507.7320m | 4670.2070m | 499.466m | | | |
| 241 | 5502.6390m | 4695.2990m | 499.152m | | | |
| 242 | 5524.1260m | 4682.7120m | 499.582m | | | |
| 243 | 5539.7470m | 4678.2610m | 499.923m | | | |
| 244 | 5518.8000m | 4698.1100m | 499.395m | | | |
| 245 | 5561.1880m | 4679.1530m | 500.326m | | | |
| 246 | 5541.3850m | 4697.4740m | 499.774m | | | |
| 247 | 5577.4200m | 4671.0450m | 500.659m | | | |
| 248 | 5563.0440m | 4697.9800m | 500.161m | | | |
| 249 | 5592.7310m | 4675.0810m | 500.885m | | | |
| 250 | 5591.1870m | 4697.5580m | 500.687m | | | |
| 251 | 5605.8990m | 4671.1020m | 501.153m | | | |
| 252 | 5613.6060m | 4695.4380m | 501.078m | | | |
| 253 | 5618.0880m | 4666.1350m | 501.223m | | | |
| 254 | 5630.6310m | 4693.9900m | 501.330m | | | |

ئینجا کلیکی راستی لەسەر دەکەین و کلیك لەسەر ( Export ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




| Point Num... | Easting | Northing | Point Elevation | Name | Raw Description | Full De: |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 241 | 5502.6390m | 4695.2990m | 499.152m | | | |
| 242 | 5524.1260m | 4682.7120m | 499.582m | | | |
| 243 | 5539.7470m | 4678.2610m | 499.923m | | | |
| 244 | 5518.8000m | 4698.1100m | 499.395m | | | |
| 245 | 5561.1880m | 4679.1530m | 500.326m | | | |
| 246 | 5541.3850m | 4697.4 | | | | |
| 247 | 5577.4200m | 4671.0 | | | | |
| 248 | 5563.0440m | 4697.9 | | | | |
| 249 | 5592.7310m | 4675.0 | | | | |
| 250 | 5591.1870m | 4697.5 | | | | |
| 251 | 5605.8990m | 4671.1 | | | | |
| 252 | 5613.6060m | 4695.4 | | | | |
| 253 | 5618.0880m | 4666.1 | | | | |
| 254 | 5630.6310m | 4693.9 | | | | |

جا پە نجەرەی ( Export Points ) دێت وەکو لای خوارەوە




لە بەشی ( Format ) ئەو شێوازە هەڵدەبژێرین کە لەگەڵ خاڵەکانی ئێمە دەگونجێ ، بۆ نموونە لێرەدا لەبەر ئەوەی فایلەکەی ئێمە {PNEZD(space delimited)} ە کەواتە دەبێ هەمان شێوە هەڵبژێرین ،وە لەبەشی ( Destination File ) کلیك لەسەر ئایکۆنی تەنیشتی دەکەین بۆ ناردنە دەرەوەی فایلەکە بۆ ئەو شوێنەی کە دەمانەوێ جا پە نجەرەی ( Select Destination File ) دێت وەکو لای خوارەوە




**جا له بەشی ( File name ) نـاوی فایلەکـە دەنووسـین بـۆ نموونـە( 106-250 ) وە لەبەشی ( Files of type ) شێوەی فایلەکە هەڵدەبژێرین بۆ نموونە ( *.txt ) ئینجـا کلیك لەسەر ( Open ) دەکەین و دەگەڕێینەوە پە نجەرەی پێشوو جا ( OK ) دەکـەین و لەو شوێنەی کە دەمانویست ئەو فایلەمان بۆ درووست دەکات وەکو لای خوارەوە**



# دروستکردنی کۆمەڵە خاڵ

## Creating Point Groups

کۆمەڵە خاڵەکان زۆر سوودیان هەیە لە کاتی کارکردنمان لەسەر فایلەکان و ئاسانکاری زۆریان هەیە وە یارمەتی دەرێکی باشن، بۆ دروستکردنی کۆمەڵە خاڵ چەندین ڕێگا هەیە بۆ نموونە دەچینە ( Home ) ئینجا ( Points ) جا کلیك لەسەر ( Create Point Group ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




دوای ئەوە پەنجەرەی ( Point Group Properties ) دەکرێتەوە وەکو لای خوارەوە



له بەشی ( Information ) له ژێـر ( Name ) نــاوی كۆمەڵەكــە دەنووســین ( Wall ) هەروەكو دیارە ئینجا كلیك لەسەر بەشی ( Include ) دەكەین و ئەو پە نجەرەیەمان بــۆ دەكرێتەوە




جـا لــە خانــەی ( With raw description matching ) وەســفی ئــەو خاڵانــە دەنووسین كە دەمانەوێ كۆمەڵە خاڵەكەی لــێ دروســت بكــەین كــە ( Wall ) ە . ئەگــەر بەشی ( Point List ) بكەینەوە دەبینین هەموو ئەو خاڵانەی كە ئەو وەســفەیان هەیــە چوونەتە ناو ئەو كۆمەڵە خاڵە وەكو لای خوارەوە


Point Group Properties - Wall

Information | Point Groups | Raw Desc Matching | Include | Exclude | Query Builder | Overrides | Point List | Summary

| Point ... | Easting | Northing | Point E... | Name | Raw D... | Full De... | Descri... |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 26 | 415732.9290m | 4016751.5254m | 495.668m | | wall | wall | |
| 28 | 415742.8721m | 4016764.1420m | 495.580m | | wall | wall | |
| 29 | 415745.6763m | 4016772.2129m | 495.436m | | wall | wall | |
| 44 | 415778.9426m | 4016871.8675m | 498.807m | | wall | wall | |
| 45 | 415824.3393m | 4016881.2392m | 500.254m | | wall | wall | |
| 55 | 415808.4892m | 4016945.4409m | 501.782m | | Wall | Wall | |
| 57 | 415814.0747m | 4016967.2035m | 502.897m | | Wall | Wall | |
| 111 | 415730.2091m | 4016793.2547m | 495.429m | | wall | wall | |
| 112 | 415714.8081m | 4016803.3907m | 495.157m | | wall | wall | |
| 1300 | 415737.0000m | 4016602.0000m | 497.000m | | wall | wall | |
| 1318 | 415822.6506m | 4016622.6177m | 499.000m | | wall | wall | |

ئینجا ( Apply ) دواى ئەویش كلیك لەسەر ( OK ) دەكەین

جارێکی تر کۆمەڵە خاڵێکی تر دروست دەکەین بەڵام ئەم جارە بە ڕێگایەکی تر.
دەچینە ( Point Groups ) لە بەشی ( Prospector ) جا کلیکی ڕاستی لەسەر دەکەین و کلیك لەسەر ( New ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی ( Point Group Properties ) دێت، ئێمەش لە خانەی ( Name ) دەنووسین بۆ نموونە ( TR ) وە ئەگەر بمانەوێ لەجیاتی ( X )ەکە وێنەی دارێکمان بۆ دابنێین ئەوا لە خانەی ( Point Stile ) دا ( Tree ) هەڵدەلژێرین وەکو لای خوارەوە



دوای ئـەوە دەچـینە بەشـی ( Include ) و خانـەی ( With raw description matching ) دیاردەکەین و دەنووسین ( TR ) وەکو لای خوارەوە




دوای ئەوە دەچینە ( Point List ) دەبینین هەموو ئەو خاڵانەی ئـەو وەسـفەیان هەیـە لەوێ بوونەتە لیستێك وەکو لای خوارەوە




| Point Num... | Easting | Northing | Point Elevation | Name | Raw Description | Full Description | Description Format |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 314 | 5248.3770m | 6865.6420m | 490.201m | | TR | TR | |
| 497 | 5248.9333m | 6870.4241m | 490.278m | | TR | TR | |
| 499 | 5247.9798m | 6886.7418m | 490.521m | | TR | TR | |
| 501 | 5247.0221m | 6904.0039m | 490.674m | | TR | TR | |
| 503 | 5246.2535m | 6920.3818m | 490.712m | | TR | TR | |
| 505 | 5245.2759m | 6937.3774m | 490.616m | | TR | TR | |
| 507 | 5245.2073m | 6954.6341m | 490.432m | | TR | TR | |
| 509 | 5245.5731m | 6971.1910m | 490.253m | | TR | TR | |
| 511 | 5246.1988m | 6987.5591m | 490.357m | | TR | TR | |
| 513 | 5246.1259m | 7003.7381m | 490.695m | | TR | TR | |
| 514 | 5245.4398m | 7019.7198m | 490.744m | | TR | TR | |

ئینجا ( Apply ) دوای ئەویش کلیك لەسەر ( OK ) دەکەین.

جا ئەگەر سەیری ئەو خاڵانە بکەین کە ئـەو کۆمەڵـە خاڵـەمان لـێ درووسـت کـردوون دەبینین هەموویان لەجیاتی( X ) وێنەی داریان بۆ دانراوە وەکو لای خوارەوە




کۆمەڵە خاڵێکی تر دروستدەکەین بەڵام ئەو جارە لەگـەڵ( Include ) ، ( Exclude ) یش بەکاردێنین .

ئەم جارە دەتوانین بچینە ( Points ) لە ( Minu Bar ) جا کلیـك لەسـەر ( Create Point Group ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی ( Point Group Properties ) دێتە وەکو لای خوارەوە




له بەشی ( Name ) ناوی کۆمەڵە خاڵەکە دەنووسین بۆ نموونە ( All Points ) ئینجـا دەچـینە ( Include ) وە خانـەی ( With number matching ) دیاردەکـەین و کلیك لەسەر ( Selection Set in Drawing ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




ئینجا هەموو خاڵەکانی ناو فایلەکە دیار دەکەین وەکو لای خوارەوە



دوای ئەوە دەگەڕێینەوە پەنجەرەی (Point Group Properties) کلیك لەسەر (Exclude) دەکەین و خانەی (With raw description matching) دیار دەکەین و دەنووسین (wall,TR) وەکو لای خوارەوە




جا کۆمەڵە خاڵێکمان بۆ دروست دەکات کە هەموو خاڵەکانی لەخۆ گرتووە جگە لەو خاڵانەی کە وەسفی (wall,TR) یان هەیە، هەروەکو لە (Point List) دیارە لە خوارەوە




| Point Num... | Easting | Northing | Point Elevation | Name | Raw Description | Full Description | Description Forma |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1297 | 5363.5726m | 6906.0544m | 493.032m | | | | |
| 1298 | 5377.8187m | 6918.7531m | 493.447m | | | | |
| 1299 | 5733.6966m | 6602.3019m | 496.500m | | Pole | Pole | |
| 1301 | 5761.7580m | 6623.7937m | 498.000m | | B | B | |
| 1302 | 5765.7547m | 6612.5049m | 499.000m | | B | B | |
| 1303 | 5761.7817m | 6617.6826m | 499.000m | | b | b | |
| 1304 | 5751.6041m | 6612.9953m | 498.000m | | B | B | |
| 1305 | 5775.7212m | 6606.4104m | 0.000m | | An | An | |
| 1306 | 5787.9304m | 6588.1091m | 0.000m | | An | An | |
| 1307 | 5775.7212m | 6606.4104m | 0.000m | | An | An | |
| 1308 | 5775.7212m | 6606.4104m | 11.000m | | An | An | |
| 1309 | 5763.2217m | 6578.0210m | 55.000m | | DD | DD | |
| 1310 | 5773.4421m | 6595.4672m | 66.000m | | dd | dd | |
| 1311 | 5777.0332m | 6598.7318m | 99.000m | | DD | DD | |
| 1312 | 5767.8593m | 6597.0734m | 77.000m | | dd | dd | |
| 1313 | 5751.4363m | 6605.6472m | 44.000m | | p | p | |
| 1315 | 5798.6601m | 6590.1060m | 502.000m | | MNH | MNH | |

**پرسیار: 1**

**هەندێك جار خاڵێك دەكەوێتە ناو چەندین كۆمەڵە خاڵ بەڵام تەنها شـێوە و سـیفاتی یەكێكیان وەردەگرێت، ئایا شێوەی كامە كۆمەڵە خاڵ وەردەگرێت؟**

**نموونەیەك دەهێنینەوە بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە.**

**نموونە :دوو خاڵمان هەیە بە ژمارەكانی ( 513 و 514 ) دەكەونە ناو هەردوو كۆمەڵە خاڵی ( TR ) و ( _All Points ) هەروەكو لە خوارەوە دیارن**




| Point Num... | Easting | Northing | Point Elevation | Name | Raw Description | Full Desc |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 314 | 5248.3770m | 6865.6420m | 490.201m | | TR | TR |
| 497 | 5248.9333m | 6870.4241m | 490.278m | | TR | TR |
| 499 | 5247.9798m | 6886.7418m | 490.521m | | TR | TR |
| 501 | 5247.0221m | 6904.0039m | 490.674m | | TR | TR |
| 503 | 5246.2535m | 6920.3818m | 490.712m | | TR | TR |
| 505 | 5245.2759m | 6937.3774m | 490.616m | | TR | TR |
| 507 | 5245.2073m | 6954.6341m | 490.432m | | TR | TR |
| 509 | 5245.5731m | 6971.1910m | 490.253m | | TR | TR |
| 511 | 5246.1988m | 6987.5591m | 490.357m | | TR | TR |
| 513 | 5246.1259m | 7003.7381m | 490.695m | | TR | TR |
| 514 | 5245.4398m | 7019.7198m | 490.744m | | TR | TR |

**كۆمەڵە خاڵی ( TR )**



Point Group Properties - _All Points

Information | Point Groups | Raw Desc Matching | Include | Exclude | Query Builder | Overrides | Point List | Summary

| Point ... | Easting | Northing | Point E... | Name | Raw D... | Full De... | Descri... | Grid E. |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 512 | 415258.4629m | 4017113.3568m | 489.375m | | | | | |
| 513 | 415246.1259m | 4017003.7381m | 490.695m | | TR | TR | | |
| 514 | 415245.4398m | 4017019.7198m | 490.744m | | TR | TR | | |
| 515 | 415268.6373m | 4017110.1196m | 489.564m | | | | | |
| 516 | 415246.6087m | 4017036.0915m | 490.411m | | | | | |
| 517 | 415247.8556m | 4017051.8802m | 490.095m | | | | | |
| 518 | 415270.0298m | 4017095.5499m | 489.694m | | | | | |
| 519 | 415248.1610m | 4017069.0515m | 489.712m | | | | | |
| 520 | 415271.6168m | 4017080.5239m | 489.815m | | | | | |
| 521 | 415248.6670m | 4017085.1855m | 489.203m | | | | | |
| 522 | 415269.8995m | 4017065.0150m | 490.253m | | | | | |
| 523 | 415251.1710m | 4017100.9696m | 489.284m | | | | | |
| 524 | 415274.2586m | 4017050.1023m | 490.894m | | | | | |
| 525 | 415251.8442m | 4017113.0682m | 489.378m | | | | | |
| 526 | 415277.3626m | 4017040.5397m | 491.133m | | | | | |
| 527 | 415633.5185m | 4016578.5040m | 494.181m | | | | | |
| 528 | 415637.3728m | 4016582.9159m | 494.410m | | | | | |

OK | Cancel | Apply | Help

کۆمەڵە خاڵی ( _All Points )

**ئایا ئەو دوو خاڵە شێوەی کامە کۆمەڵە خاڵ وەردەگرن؟**

**لە خشتەی یەکەمی سەرەوە هەروەکو ناوەکەی دیارە کۆمەڵە خاڵی ( TR ) ە هەردوو خاڵەکەش لەناو خشتەکەدا دیارن ،هەروەها لە خشتەی دووەمی سەرەوەش کە ناوی ( _All Points ) ە هەردوو خاڵەکە دیارن کەواتە ئەو دوو خاڵە لەناو هەردوو کۆمەڵە خاڵن، ئێستاش سەیری ئەو خاڵانە دەکەین تا بزانین شێوەی کۆمەڵە خاڵێان وەرگرتووە**



لەو وێنەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو دوو خاڵە شێوەی کۆمەڵەخاڵی ( TR ) یان وەرگرتووە چونکە ئەو کۆمەڵە خاڵە فەرمانی ( Point#-Elevation-Description ) ی بۆ دانراوە هەروەکو لە خوارەوە دیارە




واتە ئەو کۆمەڵە خاڵە دەبێت ( ژمارە و بەرزی و وەسف ) ی خاڵەکە نیشان بدات ، جا هەروەکو دیارە ئەو خاڵانە ( ژمارە و بەرزی و وەسف ) یان نیشان داوە ، بەڵام ئەگەر سەیری کۆمەڵە خاڵی ( _All Points ) بکەین دەبینین کە دەبێ تەنها ( بەرزی ) نیشان بدات هەروەکو خوارەوە



لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت كە ئایا بۆچی شێوەی كۆمەڵە خاڵی ( TR ) ی وەرگرتووە و شێوەی ئەوی تری وەرنەگرتووە؟

بۆ ڕوونكردنەوەی ئەو پرسیارە دەچینە ( Point Groups ) لە ( Prospector ) وە كلیكی ڕاستی لەسەر دەكەین ئینجا كلیك لەسەر ( Properties ) دەكەین وەكو لای خوارەوە







جا پەنجەرەی ( Point Groups ) دەكرێتەوە وەكو لای خوارەوە




لەو پەنجەرەیەدا دەبینین كۆمەڵە خاڵی ( TR ) لە سەرەوەی كۆمەڵە خاڵی ( _All Points ) ە بۆیە خاڵە هاوبەشەكانی نێوان ئەو دوو كۆمەڵە خاڵە شێوەی كۆمەڵە خاڵی ( TR ) ی وەرگرتووە.

ئێستاش کۆمەڵەخاڵی ( _All Points ) دەبەینە سەرەوەی کۆمەڵەخاڵی ( TR ) جا سەیری خاڵەکان دەکەینەوە بۆ ئەوەی بزانین شێوەیان چی لێدێت.

کلیك لەسەر ( _All Points ) دەکەین ئینجا کلیك لەسەر سەرەتیرەکە دەکەین بۆ سەرەوە جا کۆمەڵەخاڵی ( _All Points ) دەچێتە سەرەوە وەکو لای خوارەوە




ئینجا سەیری خاڵەکان دەکەینەوە و دەبینین بەم شێوەیەیان لێدێت




لەو وێنەیەدا دیارە کە هەردوو خاڵی ( 513 و 514 ) شێوەی کۆمەڵەخاڵی ( _All Points ) ی وەرگرتووە کە تەنها بەرزی خاڵەکانی نیشان داوە، ژمارەی خاڵ و وەسفی خاڵەکانی نیشان نەداوە ،کەواتە ئەگەر ویستمان جۆرە شێوازێکی خاڵەکان دەرکەون

ئەوا پێویستە ئەو کۆمەڵە خاڵە ببەینە سەرەوە لە پەنجەرەی (Point Groups) کە ئەو جۆرە شێوازەی هەیە.

**پرسیار: 2**

**چۆن بزانین هەر کۆمەڵە خاڵێك چەند خاڵی تێدایە ؟**

**وەڵام:**

لە بەشی (Prospector) دا کلیکی ڕاست لەسەر ئەو کۆمەڵە خاڵە دەکەین کە مەبەستمانە بۆ نموونە (_All Points) ئینجا کلیك لەسەر (Properties) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی (Point Group Properties) دێت، ئێمەش کلیك لەسەر (Summary) دەکەین ، لە بەشی (General) دا ژمارەی خاڵەکان نووسراوە وەکو لای خوارەوە



ڕێگایەکی ئاسانتر:هەر لە بەشی (Prospector) ماوسەکە لەسەر ئەو کۆمەڵە خاڵـە ڕادەگرین کە دەمانەوێ بزانین چەند خاڵی تێدایە جا ئەو زانیاریانـەی کـە پەیوەسـتن بەو کۆمەڵە خاڵە دەردەکەون وەکو لای خوارەوە



# کۆکردنەوەی زانیاری بەدەم ڕێگاوە

## أ-ڕۆژژمێرێك بۆ 99 ساڵ

### ئەو ڕۆژژمێرەم دروستکردووە بۆ ساڵی 2001 هەتا 2099 بەکار دێت

ڕۆژژمێری شاهۆ لە (٢٠٠١) - تا (٢٠٩٩) ی زاینی

| | 12 | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2001 2007 2018 2029 2035 2046 2057 2063 2074 2085 2091 | 6 | 4 | 1 | 6 | 3 | 0 | 5 | 2 | 0 | 4 | 4 | 1 |
| 2002 2013 2019 2030 2041 2047 2058 2069 2075 2086 2097 | 0 | 5 | 2 | 0 | 4 | 1 | 6 | 3 | 1 | 5 | 5 | 2 |
| 2003 2014 2025 2031 2042 2053 2059 2070 2081 2087 2098 | 1 | 6 | 3 | 1 | 5 | 2 | 0 | 4 | 2 | 6 | 6 | 3 |
| 2004 2032 2060 2088 | 3 | 1 | 5 | 3 | 0 | 4 | 2 | 6 | 4 | 1 | 0 | 4 |
| 2005 2011 2022 2033 2039 2050 2061 2067 2078 2089 2095 | 4 | 2 | 6 | 4 | 1 | 5 | 3 | 0 | 5 | 2 | 2 | 6 |
| 2006 2017 2023 2034 2045 2051 2062 2073 2079 2090 | 5 | 3 | 0 | 5 | 2 | 6 | 4 | 1 | 6 | 3 | 3 | 0 |
| 2008 2036 2064 2092 | 1 | 6 | 3 | 1 | 5 | 2 | 0 | 4 | 2 | 6 | 5 | 2 |

| | 12 | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2009 2015 2026 2037 2043 2054 2065 2071 2082 2093 2099 | 2 | 0 | 4 | 2 | 6 | 3 | 1 | 5 | 3 | 0 | 0 | 4 |
| 2010 2021 2027 2038 2049 2055 2066 2077 2083 2094 | 3 | 1 | 5 | 3 | 0 | 4 | 2 | 6 | 4 | 1 | 1 | 5 |
| 2012 2040 2068 2096 | 6 | 4 | 1 | 6 | 3 | 0 | 5 | 2 | 0 | 4 | 3 | 0 |
| 2016 2044 2072 | 4 | 2 | 6 | 4 | 1 | 5 | 3 | 0 | 5 | 2 | 1 | 5 |
| 2020 2048 2076 | 2 | 0 | 4 | 2 | 6 | 3 | 1 | 5 | 3 | 0 | 6 | 3 |
| 2024 2052 2080 | 0 | 5 | 2 | 0 | 4 | 1 | 6 | 3 | 1 | 5 | 4 | 1 |
| 2028 2056 2084 | 5 | 3 | 0 | 5 | 2 | 6 | 4 | 1 | 6 | 3 | 2 | 6 |

### چۆنیەتی بکارهێنانی :

- ئەو ژمارانەی لە (1تا 12) لە سەرەوە نووسراون مانگەکانن
- ژمارە لارەکانی ژێر ئەوانەی پێشوو (کۆد) ی مانگەکانن

**ئەگەر بمانەوێ بزانین ڕۆژی (1) ی مانگی (5) ی ساڵی (2014) چ ڕۆژێکە، سەرەتا ساڵەکە دەدۆزینەوە ئینجا کۆدی مانگی (5) دەدۆزینەوە کە لێرەدا (4) ە جا ئەو کۆدە لەگەڵ ڕۆژەکە کۆدەکەینەوە (1+4) =5 واتە ڕۆژەکە پێنج شەممەیە.**

**نموونەیەکی تر:** **ئەورۆژی 2033 چ ڕۆژێکە؟**

**سەرەتا کۆدی مانگی (3)ی ساڵی (2033) دەدۆزینەوە ، دەبینین (2) ە جا ئەو کۆدە لەگەڵ ڕۆژەکە کۆدەکەینەوە (21+2) =23 جا لەو ژمارەیە ژمارە (7) یان چەند جارەی (7) دەردێنین ، واتە (21) لەو ژمارەیە دەردێنین کەواتە (2) دەمێنێتەوە و ڕۆژەکەش دووشەممەیە.**

**کەواتە ئەگەر 1 مایەوە ڕۆژەکە یەکشەممە 2 مایەوە دووشەممە 3 مایەوە سێشەمە 4 مایەوە چوارشەمە 5 مایەوە پێنج شەمە 6 مایەوە هەینییە هیچ نەمایەوە شەممەیە.**

# بەشی دووەم

## دروستکردنی ڕوو

## Creating Surface

له چەندین ڕێگاوە دەتوانین ڕوو (Surface) دروست بکەین ئەمانەی خوارەوە هەندێکن لەو ڕێگایانە :

1-لە (Menu Bar) دەچینە (Surfaces) جا کلیك لەسەر (Create Surface) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی (Create Surface) دێت وەکو لای خوارەوە




2-له ( Home ) دەچينه ( Surfaces ) جا كليك لەسەر ( Create Surface ) وەكـو لاى خوارەوە




جا بەهەمان شێوەی پێشوو پە نجەرەی ( Create Surface ) دێت

3-له ( Prospector ) كليكى راست لەسەر ( Surfaces ) دەكەين جـا كليـك لەسـەر ( Create Surface ) دەكەين وەكو لاى خوارەوە




بەم ريگايەش هەر هەمان پەنجەرەی ( Create Surface ) مان بۆ دێت ……

جا بە هەر شێوازێك بمانەوێ ( روو -Surface ) درووست بكەين هەر دەمانهێنێتە ئەو پەنجەرەیە



لە بەشی ( Type ) جۆری ( TIN Surface ) هەڵدەبژێرین وە لە بەشی ( Surface layer ) دەتوانین ( چین - Layer ) بگۆڕین یان چینێکی نوێ ی بۆ درووستدەکەین وە لە بەشی ( Name ) ناوێکی لێدەنێین بۆ نموونە ( Sur 1 ) وە لە بەشەکانی تریش دەتوانین ئەو شێوازەی دەمانەوێ هەڵیبژێرین وەکو لای خوارەوە




جا ( OK ) دەکەین

ئێستا ( روو ) یکمان درووستکردووە بەڵام هیچ زانیاری تێدا نیە و لەسەر شاشە دیار نیە، بەڵام لە بەشی ( Prospector ) ئەگەر ( + ) ی تەنیشت ( Surfaces ) بکەینەوە دەبینین ( روو ) مکە درووست بووە بە ناوی ( Sur 1 ) هەروەکو ناومان لێنابوو وەکو لای خوارەوە



بۆ ئەوەی ( روو ) مكە تــەواو بكــەین دەچینە ( Sur 1 ) و ( + ) ی تەنیــشتی دەكەینــەوە ئینجا ( + ) ی تەنیشت ( Definition ) دەكەینەوە و دەبینین بە چــەندین ڕێگــا ( روو - Surface ) مكە زانیاری پێــدەدرێت و دروســتدەكرێت ، لــە خــوارەوەش دوو ڕێگــا لــەو ڕێگایانە باس دەكەین

1- دروستكردنی ( روو ) بە ( Point Files )

كلیكی ڕاست لەســەر ( Point Files ) دەكــەین و ( Add ) كلیــك دەكــەین وەكــو لای خوارەوە




جا پە نجــەرەی ( Add Point File ) دێــت ئێمــەش لــە بەشــی ( Specify Point File Format ) ئەو شێوازە هەڵدەبژێرین كە خۆمان هەمانە بۆ نموونــە ( PNEZD ) وە لــە بەشــی ( Selected Files ) كلیــك لەســەر ( Add files ) دەكــەین وەكــو لای خوارەوە




جا په نجه‌ره‌ى ( Select Source File ) دێت و ئێمه‌ش ئـه‌و فایلـه‌ى مه‌به‌سـتمانه‌ى نیشانى ده‌كه‌ین و كلیك له‌سه‌ر ( Open ) ده‌كه‌ین وه‌كو لاى خواره‌وه




جا په نجه‌ره‌ى ( Add Point File ) به‌م شێوه‌یه‌ى لێدێت




هەروەکو دیارە لە ( File Name ) دا شوێن و ناوی ئەو فایلەی هێناومانە نووسراون و نیشانەی راستیشی لە تەنیشت دانراوە واتە تەواوە ، هەروەها لە بەشی ( Preview ) خاڵەکان نیشان دراون ، جا ( OK ) دەکەین و ( روو ) وکەمان بۆ دروست دەکات ، ئەگەر هاتوو ( روو ) وکە دیار نەبوو لە ( Command Bar ) دەنووسین ( ZE ) جا ( Enter ) دەکەین و ( روو ) وکە بەم شێوەیە دێتە سەر شاشە



هێڵە کۆنتۆرەکانی ئەو ( روو ) ە دوو مەتر و دە مەتری بۆ هێڵـە لاوەکـی و سـەرەکیەکانی دانراوە جا ئەگەر بیانگۆڕین بە یەك مەتر و پێنج مەتری ئەوا هێڵەکان بـەم شـێوەیان لێدێت



لەبەر ئەوەی رەنگی هێڵە سەرەکی و لاوەکیەکان لە یەکتر دەچن بۆیە باش لەیەکتر جیـا ناکرێنەوە ، ئیستا رەنگی هێڵە سەرەکیەکان دەکەینە سـوور و لاوەکیـەکانیش دەکەینـە شین بەم شێوەیە

کلیکی راست لەسەر ( Sut 1 ) دەکەین ئینجا کلیـك لەسـەر ( Edit Surface Style ) دەکەین وەکو لای خوارەوە



جا پەنجەرەی ( Surface Style ) دێت ئێمەش كلیك لەسـەر ( Display ) دەكـەین و ڕەنگەكان بەم شێوەیە لێدەكەین




جا ( OK ) دەكەین و هێڵەكان بەم شێوەیان لێدێت



## 2- دروستكردنى ( روو ) به كۆمەڵە خاڵ

لەم فايلەدا پێشتر خاڵەكانمان هێناوە و كۆمەڵە خاڵێكمان هەيە

كليكى راست لەسەر ( Point Groups ) دەكەين و ( Add ) كليك دەكەين وەكو لاى خوارەوە




جا پەنجەرەى ( Point Groups ) دێت ئێمەش كليك لەسەر ( _All Points ) دەكەين وەكو لاى خوارەوە



ئینجا ( OK ) دەکەین ، جا ( ڕوو -Surface ) ەکەمان بۆ درووست دەکات وەکو لای خوارەوە



بۆ ئـەوەی هێڵـەکان باشـتر دیـار بێـت ڕەنگـی هێڵـەکان دەگـۆڕین بـەم شـێوەیە : لـە ( Prospector ) دەچینە ( Surfaces ) و ( + ) ی تەنیشتی دەکەینەوە و کلیکـی ڕاسـت لەسەر ( Sur 1 ) دەکەین و کلیك لەسەر ( Edit Surface Style ) دەکەین وەکـو لای خوارەوە



جا پەنجەرەی ( Surface Style ) دێت و ئەو ڕەنگەی دەمانەوێ بۆ هەر یەکەیان هەڵیدەبژێرین وەکو لای خوارەوە




جا وێنەکە ئاوای لێدێت



ئەگەر سەیری ئەو ( ڕوو - Surface ) ە بکەین دەبینین کە هێڵە کۆنتۆریەکانی زۆر لە یەکتر دوورن ، هۆیەکەشی ئەوەیە کە بۆ هەریەکە لە ( Minor Interval و Major Interval ) ( 2 مەتر و 10 مەتر ) هەڵبژێردراون یەك لە دوای یەك ، ئەگەر بمانەوێ ( Minor Interval و Major Interval ) بکەینە ( 1 مەتر و 5 مەتر ) دەچینە

(Sur 1) و کلیکی راستی لەسەر دەکـەین و کلیـك لەسـەر (Surface Properties) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پە نجـەرەی (Surface Properties) دێـت ، ئێمـەش لـە بەشـی (Surface Style) هێڵی کۆنتۆری (1 مەتر و 5 مەتر) هەڵدەبژێرین وەکو لای خوارەوە




جا (OK) دەکەین و هێڵەکان بەم شێوەیان لێدێت



بەلاَم ئەگەر بمانەوێ هێڵەکان چڕ تر بکەین دەبینین لەناو (Surface Style) دا لە (1 مەتر و 5 مەتر) کەمتری تێدانیە هەروەکو لە خوارەوە دیارە




بۆیە پێویستە سەرە تیری (Surface Style) بکەینەوە و کلیک لەسەر (Edit Current Selection) بکەین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی (Surface Style) دێت ، ئێمەش لە (Information) ناوێکی لێدەنێین بۆ نموونە (Contours .2 and 1 m) ئینجا دەچینە (Contours)

ئینجــا ( Contour Intervals ) دەکەینــەوە و ( Minor Interval ) دەکەینــە ( 0.2m ) وە ( Major Interval ) دەکەینە ( 1.0m ) وەکو لای خوارەوە




جا ( OK ) دەکەین و هێڵەکان بەم شێوەیە دەگۆڕێن



هەروەها لە بەشی ( Surface Style ) دا ناوە تازەکە زیاد دەبێت وەکو لای خوارەوە




**بۆ ئەوەی هێلە کۆنتۆریەکان باشتر دیار بن خاڵەکان بەم شێوەیە لادەبەین دەچینە ( Point Groups ) جا کلیکی راست لەسەر ( _All Points ) دەکەین ئینجا کلیك لەسەر ( Properties ) دەکەین وەکو لای خوارەوە**




**جا پەنجەرەی ( Point Group Properties ) دێت و ئێمەش لە بەشی ( Information ) لە ( Point style ) و ( Point label style ) دا ( none ) هەڵدەبژێرین وەکو لای خوارەوە**




جا (OK) دەکەین و خاڵەکان دیار نامێنن و هێڵە کۆنتۆریەکان بەم شێوەیە دەردەکەون



# گۆڕانکاری له ( روو )

## Edit Surface

( روو ) ێکمان هەیە بە ناوی ( S1 ) بە ( Point Group ) دروســتمان کــردووە هــەروەکو له خوارەوە دیارە دەمانەوێ گۆڕانکاری لەسەر بکەین



بۆ ئەوەی باشتر ( روو ) ەکە ببینین بەشێکی دێنینە پێش ، جا بەم شێوەیە دەیبینین



1- زیاد کردنی هێڵ

کلیکی راست لەسەر ( S1 ) دەکەین ئینجا کلیک لەسەر ( Surface Properties ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی ( Surface Properties ) دێتە ئێمەش ( Contours and Triangles ) هەڵدەبژێرین لە بەشی ( Surface Style ) وەکو لای خوارەوە




ئینجا ( OK ) دەکەین و وێنەکە بەم شێوەیەی لێدێت




دواى ئەوە كليك لەسەر ( روو ) وەكــە دەكــەين ئينجــا كليــك لەســەر ( Edit Surface )
دەكەين دواى ئەويش كليك لەسەر ( Add Line ) دەكەين وەكو لاى خوارەوە



ئینجا داوا دەكات كە سەرێكی هێڵەكە دیار بكەین دوای ئەوە داوای دیاركردنی لایەكـەی تر دەكات ئینجا هێڵەكەمان بۆ دروست دەكات دوای لابردنی ئەو هێڵانـەی كـە دەكەونـە سەر ڕێگای هێڵە تـازەكە وەكو لای خوارەوە




## 2- لابردنی هێڵ

لەم وێنەیەدا دەبینین كە چەندەها هێڵی كۆنتـۆری زیادەمـان هەیـە و زانیاریـەكانیان تەواو نین چونكە ئەو هێڵانە خاڵی زۆر لـە یـەكتر دووریـان بەیـەك گەیانـدووە بۆیـە پێویستە ئەو هێڵە زیادانە لابەین بەم شێوەیە :

كلیك لەسەر ( ڕوو ) وكە دەكەین ئینجا كلیـك لەسـەر ( Edit Surface ) دەكـەین دوای ئەویش كلیك لەسەر ( Delete Line ) دەكەین وەكو لای خوارەوە



جا ئەو هێڵانەی دەمانەوێ لایان ببەین دیاریان دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا ئەو هێڵانە هەموویان لادەچن وەکو لای خوارەوە



## 3- گۆڕینیەوەی لا Swap Edge

بۆ گۆڕانکاری لە لاکانی سێگۆشەکان کلیك لەسەر (روو) مکە دەکەین ئینجا کلیك لەسەر (Edit Surface) دەکەین دوای ئەویش کلیك لەسەر (Swap Edge) دەکەین وەکـو لای خوارەوە




جا داوامان لێدەکات کە لایەکی سێگۆشەیەك دیار بکـەین ، دوای کلیـك کـردن لەسـەر لایەك ، ئەو لایە لادەبات و لەجیاتی ئەو لایەکی تر دروست دەکات وەکو لای خوارەوە



## 4- زیاد كردنی خاڵ

**بەشێك لەو فایلەی سەرەوە دێنینە  پێش و بەم شێوەیە خاڵی نوێ دروست دەكەین**



**كلیك لەسەر ( روو ) مكە دەكەین ئینجا كلیـك لەسـەر ( Edit Surface ) دەكـەین دواى ئەویش كلیك لەسەر ( Add Point ) دەكەین وەكو لاى خوارەوە**



**جا داوا دەكات شوێنێك دیار بكەین بۆ خاڵەكە ئینجا داوای بەرزی خاڵەكە دەكـات دوای ئەوە خاڵەكەمان بۆ درووست دەكات وەكو لای خوارەوە**




## نووسین لەسەر ( روو )

**كلیك لەسەر ( روو ) ەكە دەكەین ئینجا كلیك لەسەر ( Add Labels ) دەكەین وەكو لای خوارەوە**



ئەو شتانەی كە دەتوانین لەسەر ( روو ) مكە بیاننووسین ئەمانەن :

Slope -1

بۆ نووسینی سلۆپ لەسەر روو كلیك لەسەر ( Slope ) دەكەین جا پێمان دەڵێت بە یەك خاڵ یان دوو خاڵ وەكو لای خوارەوە




جا ئەگەر یەك خاڵ هەڵبژێرین دواى كلیك كردن ( سلۆپ ) مكە دەنووسێت ، بەلاّم ئەگـەر دوو خاڵ هەڵبژێرین ئەوا دواى كلیك كردنی خاڵی دووەم لەنێوان ئەو دوو خاڵـە بۆمـان دەنووسێت وەكو لای خوارەوە




2- بەرزی شوێن ( Spot Elevation )

دواى كلیك كردن لەسەر روو كلیك لەسەر ( Add Labels ) دەكەین ئینجا كلیك لەسەر ( Spot Elevation ) دەكەین وەكو لای خوارەوە




جا پێمان دەڵێت شوێنێك دیار بكە ، جا كليك لەهەر شوێنێك بكەين لەسەر (روو) ەكە بەرزی ئەو شوێنەمان بۆ دەنووسێت وەكو لای خوارەوە




3- بەرزی شوێن لەسەر تۆڕ (Spot Elevation on Grid)

دوای كليك كردن لەسەر ئەو بەشە دەنوسێت بنكەی (تۆڕ) ەكە ديار بكە ئێمەش لەو شوێنەی دەمانەوێ كليك دەكەين ، ئينجا دەڵێت گۆشەی سوڕاندنی (تۆڕ) ە چەندە ؟ ئەگەر پێویستی كرد گۆشەيەكی دەدەينێ ئەگەر نا بە گۆشەی سفر رازی دەبين و ئينتەر

دەكەین جا دەڵێت نێوانیان چەند بێت لەسەر تەوەری ( x ) ئینجـا لەسـەر تـەوەری ( y ) ئینجا داوای خاڵی سەرەوەی راستەی ( تۆڕ ) مكە دیار بكەین ئیمەش لە سـەرەوەی راسـتە كلیك دەكەین جا بەرزی شوێنەكا نمان بۆ دەنووسێت وەكو لای خوارەوە




4- نووسینی بەرزی تاك هێڵی كۆنتۆری ( Contour-Single )

دوای كلیك كردن لەسەر ( Contour-Single ) پێمان دەڵێت هێڵێكـی كۆنتـۆری دیـار بكە بۆ نووسینی بەرزیەكـەی ، دوای كلیـك كـردن لەسـەر هـەر هێڵێـك بـەم شـێوەیە بەرزیەكەمان بۆ دەنووسێت



5- نووسینی بەرزی کۆمەڵە هێلی کۆنتۆری (Contour-Multiple)

دوای هەڵبژاردنی ئەو فەرمانە داوا دەکات کلیك لە شوێنێك بکەین دوای ئەوە داوای خاڵی دووەم دەکات وەکو لای خوارەوە




ئینجا بەرزی هەموو ئەو هێلانە دەنووسێت وەکو لای خوارەوە




6- نووسینی بەرزی کۆمەڵە هێلی کۆنتۆری و دووبارەکردنەوەی (Contour-Multiple at Interval)

کاتێك ئەو فەرمانە دێنین وەکو لای خوارەوە




داواى ديارى كردنى خاڵى يەكەم ئينجا خاڵى دووەم دەكـات ئينجـا داواى ئـەو دووريـە دەكات كە نووسينەكە دووبارە ببێتەوە لەسەر هێڵەكە ئينجا بەم شێوەيە بەرزى هێڵەكان و دووبارەكان دەنووسێت



# نیشاندانی بەرزی روو بە رەنگی جۆراو جۆر

ئەم (روو) ەمان هەیە بە ناوی (S1) دەمانەوێ بەرزیەکان بە رەنگی جۆراو جۆر ببینین



نزمترین خاڵی ئەو (روو) ە (478.760) مەترە

بەرزترین خاڵی (514.240) مەترە

ئێمە دەمانەوێ بەرزی (روو) ەکە بەو شێوەیە ببینین:

لە (480) مەتر نزمتر بە رەنگی سوور ببینین

لە (490-480) مەتر بە رەنگی زەرد ببینین

لە (500-490) مەتر بە رەنگی سەوز ببینین

لە (510-500) مەتر بە رەنگی شین ببینین

لە (510) مەتر بەرزتر بە رەنگی مۆر ببینین

بۆ ئەنجامدانی ئەو کردارە سەرەتا دەچینە (S1) و کلیکی راستی لەسەر دەکەین ئینجا کلیك لەسەر (surface Properties) دەکەین وەکو لای خوارەوە




ئینجا پە نجەرەی ( surface Properties ) دێت ئێمەش بەشی ( Information ) هەڵدەبژێرین ئینجا لە بەشی ( surface Style ) دا ( Elevation Bending 2D ) هەڵدەبژێرین وەکو لای خوارەوە




ئینجا کلیك لەسەر ( Analysis ) دەکەین و لە بەشی ( Analysis Type ) دا ( Elevations ) هەڵدەبژێرین جا لە بەشی ( Legend ) دا یەکسەر

( Elevations ) نیشان دەدرێت وە لــە بەشــی ( Create ranges by ) ژمــارە ( 5 )
دەنووسین ئینجا كلیك لەسەر ( Run analysis ) دەكەین وەكو لای خوارەوە




جا ( 5 ) ڕەنگمان نیشان دەدات و بەرامبەر هەر ڕەنگێكیش نـزمترین و بـەرزترین بـەرزی دەنووسێت وەكو لای خوارەوە



جا ئێمەش بەرزیەکان بەو شێوەیەی کـە خۆمـان دەمانـەوێت رێـك دەخـەین وەکـو لای خوارەوە




ئینجا ( Apply ) دوای ئەویش ( OK ) دەکەین جا ( روو ) مکە بەم شێوەیەی لێدێت




لەم وێنەیەدا هەر رەنگێك بەرزی شـوێنەکە نیـشان دەدات ، بـۆ نموونـە رەنگـی سـەوز مانای ئەوەیە کە ئەو شوێنەی ئەو رەنگەی لێدراوە بەرزیان لە نێـوان ( 490 تـا 500 ) مەترە ، رەنگەکانی تریش بەم شێوەیە بەرزی شوێنەکان نیشان دەدات .

دەتوانین نیشاندەرێك دروست بكەین بۆ ئەوەی رەنگ و رووبەری ئەو شوێنانەمان نیشان بدات بۆ ئەو بەرزیانە بەم شێوەیە :

سەرەتا كلیك لەسەر ( روو ) مكە دەكەین ئینجا كلیك لەسەر ( Add Legend ) دەكەین وەكو لای خوارەوە




ئینجا داوای شێوازی خشتە دەكات ئێمەش ( Elevation ) هەڵدەبژێرین وەكو لای خوارەوە




ئینجا ( Dynamic ) هەڵدەبژێرین وەكو لای خوارەوە




ئینجا دەڵێت گۆشەی چە پی سەرەوە دیار بکە بۆ خشتەی بەرزی ئێمەش لە شوێنێك كلیك دەكەین جا ئەم خشتەیەمان بۆ دروست دەكات

| Elevations Table | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Number | Minimum Elevation | Maximum Elevation | Area | Color |
| 1 | 478.76 | 480.00 | 4863.40 | |
| 2 | 480.00 | 490.00 | 130692.08 | |
| 3 | 490.00 | 500.00 | 170563.47 | |
| 4 | 500.00 | 510.00 | 65336.05 | |
| 5 | 510.00 | 514.24 | 8150.43 | |

لەم خشتەیەدا بەرامبەر هەر رەنگێك رووبەری شوێنەكە و نـزمترین و بـەرزترین بـەرزی نووسراوە.

# زانینی زانیاریەکانی (روو - Surface)

1- بۆ زانینی زانیاری دەربارەی (شێوازی روو ،بەرزی شوێنێك ، باکور و رۆژهەلاَت ، لاری و گرەید و ئاراستە) کلیك لەسەر (روو ) وەکە دەکەین ئینجا کلیك لەسەر (Inquiry) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پێمان دەڵێت خاڵێك دیار بکە بۆ بەرزی و گرەید ، دواى کلیك کردنمان لە شوێنێك هەموو ئەو زانیاریانەی لە سەرەوە باسمان کرد لە پەنجەرەیەکدا بۆمان دەنووسێت وەکو لای خوارەوە



2- بۆ زانینی ( ژمارەی خاڵەکان ، کەمترین و زۆرترین باکور و رۆژهەڵات ، نزمترین و بەرزترین بەرزی ) کلیکی راست لەسەر ناوی ( روو ) وەکە دەکەین ئینجا کلیك لەسەر ( Surface Properties ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی ( Surface Properties ) دێت ئێمەش کلیك لەسەر ( Statistics ) دەکەین ئینجا ( + ) ی ( General ) دەکەینەوە بۆ بەدەست هێنانی هەموو ئەو زانیاریانەی لەسەرەوە باسمان کردن وەکو لای خوارەوە



3- بۆ زانینی ( ڕووبەری 2D ، ڕووبەری 3D، کەمترین و زۆرترین سلۆپ و گرەید ) هەر لە پەنجەرەی ( Surface Properties ) دا ( + )ی ( Extended ) دەکەینەوە جا هەموو زانیاریەکان بەدەست دێنین وەکو لای خوارەوە




| Statistics | Value |
|---|---|
| ⊞ General | |
| ⊟ Extended | |
| 2D surface area | 379605.43sq.m |
| 3D surface area | 384899.83sq.m |
| Minimum grade/slope | 0.26% |
| Maximum grade/slope | 590.17% |
| Mean grade/slope | 14.51% |
| ⊞ TIN | |

4- بۆ زانینی ( ژمارەی سێگۆشەکان ، گەورەترین و بچووکترین ڕووبەری سێگۆشە ،درێژترین و کورتترین لای سێگۆشە ) هەر لە پەنجەرەی پێشوو ( + ) ی ( TIN ) دەکەینەوە جا هەموو زانیاریەکان بەدەست دێنین وەکو لای خوارەوە




| Statistics | Value |
|---|---|
| ⊞ General | |
| ⊞ Extended | |
| ⊟ TIN | |
| Number of triangles | 2151 |
| Maximum triangle area | 6456.82sq.m |
| Minimum triangle area | 0.01sq.m |
| Minimum triangle length | 0.006m |
| Maximum triangle length | 196.489m |

# دروستکردنی خاڵ لەسەر ( روو- Surface )

( روو ) یێکمان هەیە بەم شێوەیە ، دەمانەوێ خاڵی لەسەر دروست بکەین



بۆ دروستکردنی خاڵ لەسەر ( روو- Surface ) لە ( Home ) دا دەچینە ( Points )

ئینجا ( Create Points-Surface ) وەکو لای خوارەوە




کە لەو بەشەدا دەتوانین بەم شێوانەی خوارەوە خاڵ دروست بکەین:

أ-   خاڵی هەڕەمەکی –Random Points

لەو بەشەدا سەرەتا داوا دەکات کە شوێنێك دیار بکەین بۆ خاڵەکە ئینجا داوا دەکات کە تایبە تمەندی خاڵەکە بنووسین ئینجا خاڵەکەمان بۆ دروستدەکات.

ب-  لەسەر تۆڕ – On Grid

لەو بەشەدا ئەو پرسیارانە دەکات

```
Surface:  Surface1
Specify a grid basepoint:
Grid rotation <0.0000 (d)>:
Grid X spacing <5.0000>:
Grid Y spacing <5.0000>:
Specify the upper right location for the grid:
Change the size or rotation of the grid/grid squares [Yes/No] <No>:
```

لێرەدا داوا دەکات کەخاڵی بنچینەی تۆڕەکە دیار بکەین ئێمەش لە شوێنێك کلیك دەکەین ئینجا داوای گۆشەی سوڕان دەکات ئێمەش کلیکی ڕاست دەکەین و بە گۆشەی (0) ڕازی دەبین ، دوای ئەوە داوای دووری نێوان خاڵەکان دەکات لەسەر تەوەری (X) واتە ڕۆژهەلاّت ئێمەش ژمارەیەك دەنووسین هەمان پرسیار دووبارە دەکاتەوە بۆ تەوەری (Y) واتە باکوور ئینجا دەڵێت لای ڕاستەی سەرەوە دیار بکە بۆ تۆڕەکە ئێمەش لە شوێنێك کلیك دەکەین کە بکەوێتە ڕاستەی سەرەوە بەگوێرەی خاڵی بنچینەی تۆڕەکە وەکو لای خوارەوە



جا داوای تایبەتمەندی خاڵەکە دەکات ئینجا بەم شێوەیەی خوارەوە خاڵێکمان بۆ دروست دەکات



بەڵام لێرەدا بۆ هەموو خاڵەکان هەموو پرسیارەکان دووبارە دەکاتەوە بێگومان ئەوەش کاتێکی زۆری دەوێت ، بۆ ئەوەی هەموو خاڵەکانمان بە جارێك بۆ دروست بکات دەچینە پەنجەرەی (Create Points) ئینجا بەشی (Points Creation) دەکەینەوە وەکو لای خوارەوە




لێرەدا دەبینین بەشی (Prompt For Description) دا (Manual) هەڵبژێردراوە جا دەیگۆڕین بۆ (Automatic) وەکو لای خوارەوە




**جا دووباره هەمان هەنگاوەکانی پێشوو دووباره دەکەینەوە و هەموو خاڵەکانمان بە جارێك بۆ دروست دەکات وەکو لای خوارەوە**



ج- بە درێژایی پۆلی لاین یان هێلی کۆنتۆری- Along Polyline /Contour

کاتێك کە ئەو فرمانەدێنین داوا دەکات کە دووری نێوان خاڵەکان دیار بکەین وەکو لای خوارەوە




جا ئەگەر بە دووریەکەی بەرنامەکە رازی بین (Enter) دەکەین، ئەگینا ژمارەیەك دەنووسین و (Enter) دەکەین ، دواى ئەوە داوا دەکات کە پۆلی لاین یان هێلی کۆنتۆریەکە دیار بکەین ئێمەش لەسەر ئەو هێلە کۆنتۆریە کلیك دەکەین کە دەمانەوى خاڵەکانی لەسەر دیار بکەین ، جا بە درێژایی هێلەکە خاڵەکانمان بە یەك جار بۆ دروست دەکات چونکە (Automatic) مان هەڵبژاردووە وەکو لای خوارەوە



د – له پێچەکانی پۆلی لاین یان هێڵی کۆنتۆری-Polyline /Contour Vertices

کاتێك که ئەو فەرمانه دێنین داوا دەکات که پۆلی لاینەکه یان هێڵه کۆنتۆریەکه دەست نیشان بکەین وەکو لای خوارەوە




جا ئێمەش ئەو هێڵەی کە دەمانەوێ خاڵ لەسەر پێچەکانی دروست بکەین هەڵدەبژێرین ، جا خاڵەکان بە یەك جار وەکو لای خوارەوە دروست دەکات



# دەرهێنانی قەبارەی خۆڵ لەنێوان دوو ( روو )

دوو ( روو ) مـان هەیـە وەكـو لای خـوارەوە ( روو ) ە گەورەكـە زەوی سروشـتیە و ( روو ) ە لاكێشەكەش گۆڕەپانێكی یاریە كـە راسـتكراوە و یـەك ئاسـتی بـەرزی هەیـە ئـەویش ( 495 ) مەترە، دەمانەوێ بزانین قەبارەی خۆڵی بڕاو و پڕكراوە لەو كارەدا چەندە ؟

**تێبینی :**

هەر چواردەوری ئەو گۆڕەپانە ناوچەیەكی ئاوەدانیە و تـا ئاسـتی گۆڕەپانەكـە راست دەكرێت ، واتە بۆ تەنیشتەكانی ئەو گۆڕەپانە ( لاری – Side Slope ) مان نیە




**شێكار:**

**رێگای یەكەم:**

( روو ) یێكـی تـازە دروسـت دەكـەین دەچـینە ( Prospector ) كلیكـی راسـت لەسـەر ( Surfaces ) دەكەین ئینجا كلیك لەسـەر ( Create Surface ) دەكـەین وەكـو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی ( Create surface ) دێت، ئێمەش لە بەشی ( Type ) دا ( TIN volume surface ) هەڵدەبژێرین وە لە بەشی ( Name ) ناوێکی لێدەنێین بۆ نموونە ( CutFillV )، ئینجا لە بەشی ( Base Surface ) ( روو ) ە سەرەکیەکە هەڵدەبژێرین کە ( Surface1 ) ە وە لە بەشی ( Comparison Surface ) شوێنە راستکراوەکە هەڵدەبژێرین کە ( Stadium ) ە وەکو لای خوارەوە



ئينجا ( OK ) دەكەين ، جا لە ژێر ( Surfaces ) لەگەڵ ( روو ) ەكانى تر ئـەو ( روو ) ەى كە دروستمان كرد( CutFillV ) دەردەكەوێت كە رووێكى قەبارەييە وەكو لاى خوارەوە




جا كليكى راست لەسەر ( CutFillV ) ئينجا كليك لەسـەر ( Surface Properties ) دەكەين وەكو لاى خوارەوە



ئینجا پەنجەرەی ( surface Properties ) دێت ، کلیك لەسەر ( Statistics ) دەکەین و بەشی ( Volume ) دەکەینەوە کە تیایدا قەبارەی بڕین و پڕکردنەوەی تێدایە وەکو لای خوارەوە




**ڕێگای دووەم :**

کلیك لەسەر ( Surface1 ) دەکەین ئینجا کلیك لەسەر ( Volumes Dashboard ) دەکەین وەکو لای خوارەوە



جا پەنجەرەی ( Volumes Dashboard ) دێت وەکو لای خوارەوە




وە یاخود دەچینە ( Menu Bar ) ئینجا کلیك لەسەر ( Surfaces ) دەکەین جا دەچینە ( Utilities ) و کلیك لەسەر ( Volumes Dashboard ) دەکەین وەکو لای خوارەوە



هـــەروەها دەتـــوانين بـــچينە ( Analyze ) جـــا كليـــك لەســـەر ( Volumes Dashboard ) بكەين وەكو لای خوارەوە




جا هەر كامە ريْگا بەكار بيْنين هەر ديْتەوە پە نجــەرەی ( Volumes Dashboard ) وەكو لای خوارەوە




ئينجا كليك لەسەر ( Create new volume surface ) دەكەين وەكو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی ( Create Surface ) دێت ، ئێمەش لە بەشی ( Type ) دا ( TIN volume surface ) هەڵدەبژێرین وە لە بەشی ( Name ) ناوێکی لێدەنێین بۆ نموونە ( CutFillV1 ) ئینجا کلیك لەسەر ( Base Surface ) دەکەین بۆ ئەوەی ( روو ) ە سەرەکیەکە هەڵبژێرین وەکو لای خوارەوە



جا په نجه‌ره‌ی (select Base Surface) دێت ئێمه‌ش (Surface1) هه‌ڵده‌بژێرین وه‌کو لای خواره‌وه




جا (OK) ده‌که‌ین و ده‌گه‌ڕێینه‌وه په نجه‌ره‌ی پێشوو، به هه‌مان شێوه کلیک له‌سه‌ر (Comparison Surface) ده‌که‌ین و ده‌چینه په نجه‌ره‌ی (Select Comparison Surface) له‌وێش (Stadium) هه‌ڵده‌بژێرین و (OK) ده‌که‌ین جا ده‌گه‌ڕێینه‌وه په نجه‌ره‌ی (Create Surface) ئینجا (OK) ده‌که‌ین و ده‌گه‌ڕێینه‌وه په نجه‌ره‌ی (Volumes Dashboard) وه‌کو لای خواره‌وه



**لەو پەنجەرەدا دیارە کە (روو) یێکی بۆ دروستکردووین بە ناوی (CutFillV1) کە**

**رووبەری** = 9600.00 م$^2$

**برین** = 6542.56 م$^3$

**پڕکردنەوە** = 1155.85 م$^3$

**پوختە (برین)** = 5386.71 م$^3$

**ئەگەر کلیك لەسەر (Toggle Net Graph Panel) بکەین هەروەکو لە خوارەوە دیارە**




**ئەوا هێلکاری برین و پڕکردنەوەمان دەداتێ وەکو لای خوارەوە**



ئەو ئەنجامەش هەمان ئەنجامی ڕێگای یەکەمە هەروەکو لە خوارەوە دیارە




هەروەها دەتوانین هەموو ئەنجامەکان لە ڕا پۆرتێك كۆبكەینەوە بەم شێوەیە :

دەچینە ( Generate Cut/Fill Report ) هەروەکو لە خوارەوە دیارە




ئینجا ڕا پۆرتێکمان بەو شێوەیە بۆ درووست دەكات

# Cut/Fill Report

**Generated:** 2012-12-27 23:00:51

**By user:** Administrator

**Drawing:** D:\Civil 3D Files\D:\Civil 3D Files\Kurdistan City.dwg

**Volume Summary**

| Name | Type | Cut Factor | Fill Factor | 2d Area (sq.m) | Cut (Cu. M.) | Fill (Cu. M.) | Net (Cu. M.) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| CutFillV1 | full | 1.000 | 1.000 | 9600.00 | 6542.56 | 1155.85 | 5386.71<Cut> |

**Totals**

| | 2d Area (sq.m) | Cut (Cu. M.) | Fill (Cu. M.) | Net (Cu. M.) |
|---|---|---|---|---|
| Total | 9600.00 | 6542.56 | 1155.85 | 5386.71<Cut> |

هەمان نموونەی پێشوو دووبارە دەكەینەوە بەڵام ئەمجارە ئەگەر لە شوێنێكی چۆڵ بێت ، واتە پێویستە كە لاری بۆ هەموو لاكانی گۆڕەپانەكە لەبەرچاو بگرین.

پرسیارەكە بەو شێوەیە بوو:

دوو ( ڕوو ) مان هەیە وەكو لای خوارەوە ( ڕوو ) ە گەورەكە زەوی سروشتیە و ( ڕوو ) ە لاكێشەكەش گۆڕەپانێكی یاریە كە ڕاستكراوە و یەك ئاستی بەرزی هەیە ئەویش ( 495 ) مەترە، دەمانەوێ بزانین قەبارەی خۆڵی بڕاو و پڕكراوە لەو كارەدا چەندە ؟




سەرەتا لە ( Home ) دەچینە ( Feature Line ) ئینجا كلیك لەسەر ( Create Feature Lines from objects ) دەكەین وەكو لای خوارەوە



ئینجا داوامان لێدەکات کە هێڵ یان کەوانە یان پۆلی لاین دیارکەین بۆ ئەوەی بیگۆڕین بۆ ( Feature Line ) ، ئێمەش کلیك لەسەر لاکێشەکە دەکەین وەکو لای خوارەوە




ئینجا ( Enter ) دەکەین و پەنجەرەی ( Create Feature Lines ) دێتـە وەکـو لای خوارەوە



دەتوانین گۆڕانکاری لە زۆربەی بەشەکانی ئەو پە نجەرەیە بکەین هـەروەها دەشـتوانین یەکـسەر ( OK ) بکـەین جـا پە نجـەرەی ( Assign Elevation ) دێـت وەکـو لای خوارەوە ئێمەش ( Elevation ) هەڵدەبژێرین و دەنووسین ( 495 ) وەکو لای خوارەوە




جا ( OK ) دەکەین

ئینجا لەبەشی ( Prospector ) لە ژێر ( Sites ) دا ( Site 1 ) دروست دەبیَ هـەروەکو ناومان لێنا وەکو لای خوارەوە




ئینجـا دەچـینە ( Grading ) و کلیـك لەسـەر ( Grading Creation Tools ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




ئینجا پە نجەرەی ( Grading Creation Tools ) دێتە ئێمەش كلیك لەسەر ( Set the Grading Group ) دەكەین وەكو لای خوارەوە




جا پە نجەرەی ( Create Grading Group ) دێت ، ئێمەش بەو شێوەیە پڕی دەكەینەوە



جا پەنجەرەی ( Create Surface ) دێت ، ئێمەش دەتوانین دەستکاری لە بەشەکانی بکەین وە یاخود یەکسەر ( OK ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا لە بەشی ( Surfaces ) دا ( روو ) یێکی تازە دروست دەبێت بە ناوی ( Grading Group 1 ) وەکو لای خوارەوە




ئینجا کلیك لەسەر ( Set the target surface ) دەکەین وەکو لای خوارەوە



جـا پە نجـەرەی (Select surface) دێـت ئێمـەش (OK) دەکـەین و دەگەڕێینـەوە پە نجەرەی پێشوو




لـە بەشـی (Select a Grading Criteria) دا (Grade to Surface) هەڵدەبژێرین وەکو لای خوارەوە




دواى ئەوە كليك لەسەر (Create Grading) دەكەين وەكو لاى خوارەوە




جا پێمان دەڵێت (Select the Feature) ئێمەش كليك لەسەر لاكێشەكە دەكـەين ، ئينجا داوا دەكات كە ئاراستەی لاری دیار بکەین ئێمـەش لـە دەرەوەی لاكێشـەكە كليـك دەكەين، دواى ئەوە دەپرسێت بۆ درێژی هێڵەکە بە تەواوی ؟ ئێمەش دەڵـێين بـەڵێ دواى ئەوە بۆ هەریەکە لە بـڕین و پڕکردنـەوە داوای لاری یـان گرەیـد دەکـات ئێمـەش بـۆ هەریەکەیان بە گوێرەی شوێنەکە ژمارەیەك دەنووسین وەکو لای خوارەوە




دواى ئەوە دەچینە ( Create Infill ) وەکو لاى خوارەوە




جا دەڵێت ( Select an area to infill ) ئێمەش لە ناوەوەى لاکێشەکە کلیک دەکەین وەکو لاى خوارەوە




ئینجا دەچینە ( Grading Volume Tools ) وەکو لاى خوارەوە



ئینجا پە نجەرەی (Grading Volume Tools) دێت کە بڕی بڕین و پڕکردنـەوەی تێدایە وەکو لای خوارەوە




لێرەدا بڕی بڕین زۆر زیاترە لە بڕی پڕکردنەوە جا ئەگەر ئاستی گۆڕەپانەکە هەنـدێك بەرزتر بکەینەوە بڕی بڕین کەم دەبێتەوە و بڕی پڕکردنەوە زیاد دەبێت ، بـە ئـایکۆنی (Raise the Grading Group) کـە لـە خـوارەوە دیـارە دەتـوانین ئـاستی گۆڕەپانەکە بەرزبکەینەوە بەم شێوەیە




بۆ نموونە بڕی (0.5 مەتر) ئاستی گۆڕەپانەکـە بـەرز دەکەینـەوە بـۆ ئـەوەی بـزانین ئە نجامی کۆتـایی دەبێتە چەند؟

لێرەدا دەبینین بڕین و پڕکردنەوە بەم شێوەیان لێهاتووە

| | | |
|---|---|---|
| 3949.14 Cu. M. | 3498.83 Cu. M. | Cut: 450.31 Cu. M. |

هەروەها دەتوانین هاوسەنگی ڕاگرین لە نێوان بڕین و پڕکردنەوە بە کلیك کردن لەسـەر (Automatically raise/lower to balance the volumes) وەکـو لای خوارەوە




جا بڕین و پڕكردنەوە یەكسان دەكات وەكو لای خوارەوە




بۆ ئەوەی بزانین بەرزی گۆڕەپانەكە بۆتە چەند كلیك لەسەر ( Feature 1 ) دەكەین دوای ئەو كلیك لەسەر ( Edit Elevations ) دەكەین ئینجا كلیك لەسەر ( Elevation Editor ) دەكەین وەكو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی ( Grading Elevation Editor ) دێت كە بەرزی گۆڕەپانەكەی تێدایە وەكو لای خوارەوە




| | Station | Elevation | Length | Grade Ahead | Grade Back |
|---|---|---|---|---|---|
| | 0+000.00 | 495.541m | 85.043m | 0.00% | 0.00% |
| | 0+085.04 | 495.541m | 34.957m | 0.00% | 0.00% |
| | 0+120.00 | 495.541m | 80.000m | 0.00% | 0.00% |
| | 0+200.00 | 495.541m | 50.336m | 0.00% | 0.00% |
| | 0+250.34 | 495.541m | 69.664m | 0.00% | 0.00% |
| | 0+320.00 | 495.541m | 80.000m | 0.00% | 0.00% |
| | 0+400.00 | 495.541m | | | |

**لێرەدا دەبینین بەرزی گۆڕەپانەکە بۆتە ( 495.541 ) مەتر ، واتە ( 0.541 ) مـەتری بەرز کردۆتەوە ئینجا بڕی بڕین و پڕکردنەوە وەکو یەکیان لێهاتووە.**

## دیارکردنی سنوور بۆ روو

**( روو ) ێکمان هەیە بەم شێوەیە**



**دەمانەوێ کاری هەڵکەندنی تێدا بکەین بۆ شوێنی ( دینگە – Column ) بەم شێوەیە**



هەروەها دەمانەوێ بزانین کە بڕی خۆڵە هەڵکەندراوەکە چەندە ئەگەر قوولی هەڵکەندنەکە تا ئاستی (-1.77م) بێت لە ئاستی خاڵی (0+00)

سەرەتا لە هەموو گۆشەکانی هەڵکەندنەکە خاڵ دروست دەکەین بە بەرزی (-1.77م) ئینجا کۆمەڵە خاڵێك دروست دەکەین بە کلیکی ڕاست لەسەر (Point Group) ئینجا کلیك کردن لەسەر (New) وەکو لای خوارەوە






جا پەنجەرەی (Point Group Properties) دێت ئێمەش ناوێکی لێدەنێین وەکو لای خوارەوە




ئینجا بە یەکێك لە شێوازەکان کۆمەڵە خاڵەکە دروست دەکەین،دوای ئەوە (روو) یێك بۆ ژێر هەڵکەندنەکە دروست دەکەین ، جا ئەگەر سەیری (روو) ەکە بکەین دەبینین بەم شێوەیە :




بەلاَم ئەگەر بەم (روو) ەو (روو) ە سەرەکیەکە (روو) یێکی قەبارەیی دروست بکەین بۆ دەرهێنانی قەبارەی خۆڵە هەڵکەندراوەکە ئەنجامەکەی تەواو نابێ چونکە دوو سێگۆشە لەلای (سەرەوە راست) و (ژێرەوە چەپ) زیاد کراون و شوێنی هەڵکەندنەکە نین،بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە پێویستە سنوورێك بۆ (روو) ەکە دیاربکەین کە تەنها شوێنی هەڵکەندنەکە بگرێتەوە ، وەکو لای خوارەوە (روو) ەکە دەکەینەوە دوای

ئەو ( Definition ) دەکەینەوە ئینجا کلیکی راست لەسەر ( Boundaries ) دەکەین ئینجا دەچینە( Add )







ئینجا پە نجەرەی ( Add Boundaries ) دێت ، ئێمەش لە بەشی ( Name ) ناوێکی لێدەنێین وە لە بەشی ( Type ) دا ( Outer ) هەڵدەبژێرین وەکو لای خوارەوە



جا ( OK ) دەكەین و دەڵێت شتێك هەڵبژێرە بۆ ئەوەی ببێتە سنووری ( ڕوو ) هكە ئێمەش ئەو ( Polyline ) ە هەڵدەبژێرین كە سنووری هەڵكەندنەكەیە وەكو لای خوارەوە




جا تەنها شوێنی هەڵكەندنەكە دەبێتە سنووری هەڵكەندنەكە وەكو لای خوارەوە



دوای ئەوە لە نێوان ئەم ( ڕوو ) ە و ( ڕوو ) ە سەرەكیەكە ( ڕوو )ێكی قەبارەیی دروست دەكەین هەروەكو لە پێشوو باسمان كرد، ئەو كاتە قەبارەی ( ڕوو ) ە تازەكە قەبارەی ڕاستەقینەی خۆڵە هەڵكەندراوەكە دەبێ.

## دابەشکردنی زەوی

بۆ دابەشکردنی زەوی پێویستە لە پێشدا (Parcel) دروست بکەین ، بۆ دروستکردنی (Parcel) لە بەشی (Home) دا دەچینە (Parcel) ئینجا (Create Parcel from Objects) وەکو لای خوارەوە




جا داوا دەکات کە ئەو شتەی دەمانەوێ بیکەینە (Parcel) دیاری بکەین ، ئێمەش دیاری دەکەین وەکو لای خوارەوە



جا پەنجەرەی (Create Parcels) دێت ، ئێمەش لە (Parcel style) و (Area label style) دا یەکێك لە شێوازەکان هەڵدەبژێرین وەکو لای خوارەوە




جا ( OK ) دەکەین و ئەو لاکێشەیەی کە دیارمان کردبوو بۆمان دەکات بە ( Parcel ) وە لە ناوەڕاستیدا ئەو شێوازەی هەڵمان بژاردبوو دەنووسێ وەکو لای خوارەوە




دەتوانین ڕەنگی نووسین و چێوەی ( Parcel ) و ناوی بگۆڕین بەم شێوەیەی خوارەوە

کلیك لەسەر (Parcel) دەکەین ئینجا دەچینە (Edit Parcel Style) وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی (Parcel Style) دێت ، ئێمەش دەتوانین لە بەشی (Display) دا ڕەنگی چێوەی بگۆڕین وە لە بەشەکانی تریشدا دەتوانین گۆڕانکاری بکەین وەکو لای خوارەوە




وە ئەگەر کلیك لەسەر (Parcel) بکەین و بچینە (Parcel Properties) وەکو لای خوارەوە




ئەوا پەنجەرەی (Parcel Properties) دێت ، ئێمەش لە بەشی (Composition) دا دەتوانین بابەتی نووسینەکە بگۆڕین وەکو لای خوارەوە




هەروەها دەتوانین ڕەنگی نووسینەکە بگۆڕین، ئەگەر بچینە (Edit Current Selection) وەکو لای خوارەوە



جا پەنجەرەی (Label Style Composer) دێت و لە بەشی (Layout) دا دەتوانین ڕەنگی نووسینەکە بەم شێوەیە هەڵبژێرین وەکو لای خوارەوە




جا (OK) دەکەین و نووسینەکە بەم شێوەیە دەگۆڕێت



# دابەشکردنی پارچە زەویەکی نارێك

**پارچە زەویەکمان هەیە بەم شێوەیەی خوارەوەیە دەمانەوێ بزانین رووبەری چەندە و دابەشی بکەین بەسەر ( 7 ) کەسدا**




**لە پێشدا ئەو پارچە زەویە دەکەینە ( Parcel ) هەروەکو لە پێشدا باسمان کرد جا زانیاریەکانی لەسەر دەنووسرێت بەم شێوەیەی خوارەوە**



ئەگەر سەیری رووبەرەکەی بکەین دەبینین نووسراوە ( 43608.18 م$^{2}$ ) جا ئەگەر ئەو ژمارەیە دابەشی ( 7 ) بکەین ئە نجامەکەی دەبێتە ( 6229.74 م$^{2}$ )

بۆ دابەش کردنی زەویەکە لە بەشی ( Home ) دا دەچینە ( Parcel ) ئینجا ( Parcel Creation Tools ) وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی ( Parcel Layout Tools ) دێت ئێمەش بەگوێرەی رووبەر و زانیاریەکان پڕی دەکەینەوە وەکو لای خوارەوە



ئینجا دەچینە (Slide Line-Create) وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی (Create Parcels-Layout) دێت ئێمەش بەم شێوەیە پڕی دەکەینەوە




جا (OK) دەکەین و دەڵێت ئەو (Parcel) ە دیاربکە کە دەتەوێ دابەشی بکەی ، ئێمەش کلیك لەسەر (Parcel) ەکە دەکەین ، جا دەڵێت خاڵی سەرەتا لە پێشەوە دیار

بکە ئێمەش کلیك لە سەرێکی لای پێشەوە دەکەین ئینجا دەڵێت خاڵی کۆتایی لە پێشەوە دیار بکە ئێمەش کلیك لە سەرەکەی تری دەکەین وەکو لای خوارەوە




ئینجا دەڵێت گۆشەیەك دیار بکە لەسەر ئەو هێڵە ئێمەش بۆنموونە دەنووسین (90) جا زەویەکە بەم شێوەیە لێدەکات



وە دەنووسێت بەو ئەنجامە رازی؟ ئێمەش کلیك لەسەر ( Yes ) دەکەین و زەویەکە بەم شێوەیە دابەش دەکات




ئەگەر زیاتر بیانهێنینە پێش دەبینین هەموو پارچە زەویەکان رووبەریان وەکو یەکەو بریتیە لە ( $6229.74$ م$^2$ ) بەم شێوەیە



# ژمارەکردنی پارچە زەویەکان بەهۆی (Parcel)

زەویەکی نیشتەجێکردنمان هەیە بە (AutoCAD) دروستکراوە بەم شێوەیەی خوارەوە



سەرەتا نەخشەکە بەم شێوەیە دێنینە ناو (Civil 3D) :

لە بەشی (Insert) دا دەچینە (Insert) وەکو لای خوارەوە



جا پەنجەرەی ( Insert ) دێت ، ئێمەش لە بەشی ( Name ) دا كليك لەسەر ( Browse ) دەكەين و فايلەكە دەدۆزينەوە و دەيهێنينە ناو پەنجەرەكە وەكو لای خوارەوە




جا ( OK ) دەكەين و نەخشەكە دێتە سەر شاشە .

دواى ئەوە لە ( Home ) دا دەچينە ( Parcel ) ئينجا كليك لەسەر ( Create Parcel from Objects ) دەكەين وەكو لای خوارەوە



ئینجا داوا دەکات کە ئەو شتەی دەمانەوێ بیکەینە ( Parcel ) دیاری بکەین ، ئێمەش هەموو نەخشەکە دیار دەکەین وەکو لای خوارەوە



جا ( Enter ) دەکەین و پەنجەرەی ( Create Parcels ) دێت ،ئێمەش لە بەشی ( Area label style ) دا ( Parcel Number ) هەڵدەبژێرین وەکو لای خوارەوە



جا ( OK ) دەکەین و ژمارە بۆ هەموو شوێنە داخراوەکان دادەنێت وەکو لای خوارەوە



بەڵام ئەگەر بەشێکی نەخشەکە بێنینە پێش دەبینین بەم شێوەیە



لەو نەخشەیەدا دیارە کە ژمارەکان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك دابەش نەکراون ، دەبینین لە هەندێك شوێندا ژمارەکان یەك یەك زیادیان کردووە و لە هەندێك شوێنی تر دوو دوو زیادیان کردووە هەروەها ئەوانەی پشتیان بە یەکەوەیە لە یەکتر نزیك نین .... جا بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە و گونجاندنی ژمارەکان کلیك لەسەر یەکێك لە ژمارەکان دەکەین و دەچینە ( Renumber/Rename ) وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی ( Renumber/Rename Parcels ) دێتە ئێمەش لە ( Starting number ) دا ژمارەیەك دەنووسین بۆنموونە ( 407 ) وە لە ( Increment Value ) دا ژمارە ( 1 ) هەڵدەبژێرین وەکو لای خوارەوە



جا (OK)دەكەین و داوا دەكات كە شوێنی دەستپێكردن دیار بكەین ئێمەش كلیك لەو شوێنە دەكەین كە دەمانەوێ ببێتە ژمارە(407)ئینجا داوادەكات خاڵی دواتر دیار بكەین ئێمەش كلیك لەو شوێنە دەكەین كە دەمانەوێ ژمارەكەی لە دواى ئەو ژمارەیە بێت،بەم شێوەیە بەردەوام دەبین تا تەواو كردنی هەموو پارچە زەویەكان وەكو لای خوارەوە




ئینجا (Enter) دەكەین و ژمارەكا نمان بەو شێوەیە بۆ ڕێك دەكات



**هەروەها ئەگەر هەندێك شوێنی نەخشەكە بهێنینە پێش دەبینین كە هەموو شوێنە داخراوەكان كراون بە (Parcel) و ژمارەیان بۆ دانراوە وەكو لای خوارەوە**




**لێرەدا دیارە كە ژمارە (480) بۆ بەردەمی ماڵەكان دانراوە بەڵام ئێمە دەمانەوێ ئەو ژمارەیە دەرنەكەوێ ، بۆ ئەوەی ئەو ژمارەیە دەرنەكەوێ كلیكی لەسەر دەكەین و دەچینە (Parcel Properties) وەكو لای خوارەوە**



جا پەنجەرەی ( Parcel Properties ) دێت ، ئێمەش لە بەشی ( Composition ) و لە برِگەی ( Area selection label style ) دا ( none ) هەڵدەبژێرین وەکو لای خوارەوە




جا ( OK ) دەکەین و ژمارەکە نامێنیٚ وەکو لای خوارەوە



## کۆکردنەوەی زانیاری بەدەم ڕێگاوە

### ب- قەبارە و ڕووبەر

قەبارەی گۆ= 4/3نت$^3$*ژ $=\frac{4}{3}r^3\frac{22}{7}$ (ت 10)

$=\frac{4}{3}5^3\frac{22}{7}=523.809$

**ڕێگای خێرا=تیرە$^3$/1.90909090**

$=\frac{D^3}{1.90909090}=523.809$

**قەبارەی لوولەك=نت$^2$*ژ*ب**

$=H\times r^2\times\frac{22}{7}=10\times 5^2\times\frac{22}{7}=785.71$ (ت 10، ب 10)

**ڕێگای خێرا =ت$^2$/1.27272727*ب**

$=H\times\frac{D^2}{1.27272727}=10\times\frac{10^2}{1.27272727}=785.71$

**ڕووبەری بازنە=نت$^2$ژ**

$=r^2\times\frac{22}{7}=5^2\times\frac{22}{7}=78.57$ (ت 10)

**ڕێگای خێرا =تیرە$^2$/1.27272727**

$=\frac{D^2}{1.27272727}=\frac{10^2}{1.27272727}=78.57$

**ڕووبەری پارچە بازنە=گ/360*نت$^2$ژ** (گ40،ت 10)

$=\frac{\theta}{360}r^2\times\frac{22}{7}=\frac{40}{360}5^2\times\frac{22}{7}=8.73$

**ڕێگای خێرا =گ/458.18181818*تیرە$^2$**

$\frac{\theta}{458.18181818}D^2=\frac{40}{458.18181818}10^2=8.73$

# بەشی سێیەم

## دروستکردنی ( ڕێڕەو - Alignment )

**بۆ دروستکردنی هەر ڕێگایەك پێویستە لە پێشدا سەرەتا و کۆتایی ڕێڕەوەکـەی لەگـەڵ خاڵە یەکتر بڕەکان ( PI ) دیار بکەین ، ڕێڕەوی هەر ڕێگایـەکیش بـە هێڵـی ناوەڕاسـتی ڕێگاکە دیار دەکرێت، دەتوانرێت ڕێڕەو بە ڕاستە هێڵ یان هێڵی پێچاوپێچ یان کەوانـە یان هەموویان بەیەکەوە دروستبکرێت .**

**چەند خاڵێکمان هەیە کە شوێنی یەکتر بڕینی هێڵەکانن ( PI ) دەمانـەوێ ڕێڕەوێکیـان لێ دروستبکەین ، لە شوێنی خاڵەکان بازنەمان دروستکردووە بەم شێوەیە :**



**چەقی ئەو بازنانە بە ڕاستە هێڵ یان بە پۆلی لایـن بـە یـەکتر دەگەیـەنین وەکـو لای خوارەوە**



**بۆ دروستکردنی ڕێـڕەو دەچـینە ( Alignments ) ئینجـا ( Create Alignment from polyline ) وەکو لای خوارەوە**




وه یاخود له ( Home ) دەچینه ( Alignments ) ئینجـا ( Create Alignment from Objects ) وەکو لای خوارەوە



ئینجا داوامان لێدەكات كە یەكەم هێڵ یان كەوانە یان چەماوە دیـار بكـەین وەكـو لای خوارەوە




جا ئێمەش هەموو ئەو هێڵانەی كە ڕێڕەوەكەیان لێ دروستدەكەین دیار دەكـەین چـونكە بە ڕاستە هێڵ دروستمان كردووە ، بەڵام ئەگەر بە ( Polyline ) دروستمان بكردبا ئەوا تەنها لایەكی ( Polyline ) مكەمان دیـار دەكـرد ، جـا ( Enter ) دەكـەین و دەبیـنین چەند سەرە تیرێك بە ئاراستەیەك وێنەیان كێشراوە وە داوامان لێكـراوە كـە ( Enter ) بكەین بۆ ئەوەی بەو ئاراستەیە رازی بین وەیـان ( Reverse ) هەڵبـژێرین بـۆ ئـەوەی ڕێڕەوەكە ئاراستەی پێچەوانە بێتەوە وەكو لای خوارەوە




ئینجا ( Enter ) دەكەین و پە نجـەرەی ( Create Alignment from Objects ) دێت وەكو لای خوارەوە




جا ئێمەش لە بەشی ( Name ) ناوی ڕێڕەوەکە دەنووسین بۆ نموونە( A1 ) وە لە بەشی ( Type ) دا ( Centerline ) هەڵدەبژێرین هەروەها دەتوانین لە بەشی ( Description ) وەسفی ڕێگاکە بنووسین وە دەتوانین هیچ نەنووسین ، هەروەها دەتوانین سەرەتای ڕێڕەوەکە دیار بکەین لەهەر وێستگەیەکدا کە بمانەوێ ، ئینجا لە ( general ) دا لە بەشی ( Site )دا ( None ) هەڵدەبژێرین وە لە بەشی ( Alignment style ) دا ( Proposed ) هەڵدەبژێرین ،وە دەتوانین چینەکە بگۆڕین وە لە بەشی ( Alignment label set ) دا ( Major and Minor only ) هەڵدەبژێرین ، نیشانەی راستی بەردەم ( Add curves between tangents ) لادەبەین چونکە دەمانەوێ خۆمان درێژی هەر کەوانەیەك بە تەنها دیار بکەین وە ئەگەر نیشانەی راستی بەردەم ( Add curves between tangents )

لانەبەین ئەوا لە نێوان هەر دوو راستە هێڵدا کەوانەیەکمان بۆ دروست دەکات بەو نیــوە تیرەیەی کە پێی دەدەین جا ( OK ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا ڕێڕەوەکەمان بەم شێوەیەی لێدێت کە هەموو وێستگەکانی لەسەر نووسراوە



ئەگەر ڕێڕەوەکە هەندێك بێنینە پێش بەم شێوەیە دەبینین




بــۆ دروســتکردنی کەوانــەکان کلیــك لەســەر ڕێڕەوەکــە دەکــەین ئینجــا دەچــینە (Geometry Editor) وەکو لای خوارەوە




جا شریتی (Alignment Layout Tools-A1) دێت ئێمەش دەچــینە (Curve and Spiral Settings) هەروەکو لە خوارەوە دیارە




جــا پەنجــەرەی (Curve and Spiral Settings) دێــت ئێمــەش لــە بەشــی (Type) دا (Clothoid) هەڵدەبژێرین وە دەتوانین درێژی هەریەکــە لــە (سـپیرڵ-

(Spiral)ی هاتوو،دەرچوو لەگەڵ کەوان دیار بکەین ، هەروەها دەتوانین هیچ یەکێکیان دیار نەکەین بەڵکو دواتر هەریەکەیان بە تەنها دیار بکەین وەکو لای خوارەوە




دوای ئەوە (OK) دەکەین ئینجا دەچینە (Free Curve Fillet (Between two entities,radius) هەروەکو لای خوارەوە




جا پێمان دەڵێت کە هێڵی یەکەم دیار بکەین دوای ئەوە داوای دیارکردنی هێڵی دووەم دەکات ، دوای دیارکردنیان دەڵێت گۆشەکە لە (180 پلە) کەمترە یان زیاترە وەکو لای خوارەوە




جا كليك لەسەر ( Lessthan180 ) دەكەين ئينجا داواى نيوەتيرەى كەوانەكە دەكات ئێمەش بۆ نموونە دەنووسين ( 120 ) جا ( Enter ) دەكەين جا كەوانەيەكى بەم شێوەيەمان بۆ دروست دەكات




هەر بەم شێوەيە هەموو كەوانەكان دروست دەكەين جا ڕێڕەوەكە بەم شێوەيەى خوارەوەى لێدێت



لێرەدا ڕێڕەوەكە تەواو بووە بەڵام نازانين خێرايى ڕێپێدراو لەسەر ئەو ڕێگايە چەندە؟ بۆ زانينى خێرايى ڕێپێدراو كليك لەسەر ڕێڕەوەكە دەكەين ئينجا دەچينە ( Alignment Properties ) وەكو لاى خوارەوە






جـا پەنجـەرەی (Alignment Properties-A1) دێـت ئێمـەش لـە بەشـی (Design Criteria) خێرایـی (100 km/h) تـاقی دەکەینـەوە ، لـە (Minimum Radius Table) دا (AASHTO 2004 eMax 6%) هەڵدەبژێرین وەکو لای خوارەوە




جا (Apply) ئینجا (OK) دەکەین، بەڵام ئەگەر سەیری کەوانەکان بکـەین دەبیـنین نیشانەی سەرسوڕمان لەسەر کەوانەکان دانراون وەکو لای خوارەوە




**ئەو نیشانە مانای ئەوەیە کە نیوەتیرەی ئەو کەوانەیە بچووکە و بۆ ئەو خێراییە نابێت وە پێویستە نیوەتیرەی کەوانەکە زیاد بکەین یان خێرایی ڕێپێدراو کەم بکەینەوە، جا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە کلیك لەسەر ڕێڕەوەکە دەکەین ئینجا کلیك لەسەر** (Design Criteria Editor) **دەکەین وەکو لای خوارەوە**




**جا پەنجەرەی** (Design Criteria Editor) **دێت، ئێمەش دەچینە** (Alignments) **ئینجا** (Minimum Radius Tables) **ئینجا کلیك لەسەر** (AASHTO 2001 eMax 6%) **دەکەین وەکو لای خوارەوە**




لەو خشتەیەدا دیارە کە بۆ خێرایی ( 100کم/کت ) پێویستمان بـە کەوانەیـەك هەیـە کە نیوەتیرەکەی ( 435 مەتر ) بێت،بەلاَم نیـوەتیرەی ئـەو کەوانـەی ئێمـە دروسـتمان کردووە تەنها ( 120مەتر ) ە کەواتە بە گوێرەی خشتەی سەرەوە خێرایـی ڕێپێـدراو بـۆ کەوانەکەی ئێمە تەنها ( 50 ) کیلۆمەترە لە کاتژمێرێکدا .

ئەگەر بمانەوێ نیوەتیرەی کەوانەکە زیاتر بکەین بۆ ئەوەی خێرایی ڕێپێدراو زیاد بێـت کلیك لەسەر ڕێڕەوەکە دەکەین ئینجا دەچینە ( Geometry Editor ) جا پە نجـەرەی ( Alignment Layout Tools –A1 ) دێت وەکو لای خوارەوە




جا كليك لەسەر ( Sub-entity Editor ) دەكەين وەكو لاى خوارەوە




جـا پە نجـەرەى ( Alignment Layout Parameters-A1 ) دێـت وەكـو لاى خوارەوە



جا كليك لەسەر ( Pick Sub-entity ) دەكەين وەكو لاى خوارەوە




ئينجا كليك لەسەر كەوانەى يەكەم دەكەين جا زانياريەكانى ئەو كەوانەيە لە پەنجەرەى ( Alignment Layout Parameters-A1 ) دەردەكەويت وەكو لاى خوارەوە



لەو پەنجەرەیەدا دیارە کە نیوەتیرە نووسراوە (120مەتر) بەلام لە تەنیشتی نووسراوە دەبێ ئەو نیوەتیرەیە گەورەتر بێت یان یەکسان بێت بە (437مەتر) ،کەمترین نیوەتیرە بەگوێرەی خشتەکە بۆ خێرایی (60کم/ کت) بریتییە لە (135مەتر) جا ئێمەش ئەو کەوانانەی کە نیوەتیرەیان کەمترە لە (135مەتر) دەیانکەینە (135مەتر) بەلام ئەمجارەیان راستەهێلی نێوان دوو کەوانەی یەکەم و دووەم کورتتر دەبێت لە درێژی پێویست وەکو لە خوارەوە دیارە




بۆیە پێویستە بگەڕێینەوە (Alignment Properties) وە خێرایی رێپێدراو بگۆڕین بۆ (60کم/کت) هەروەکو لە خوارەوە دیارە




جا وەکو پێشوو نیوەتیرەی کەوانەکان بەگوێرەی رێپێدراو رێکدەخەین وەکو لای خوارەوە




ئینجا ڕێڕەوەکەمان بەم شێوەیەی لێدێت و نیشانەکانی سەرسورمان نامێنن



# دەستكارى كردن و رێكخستنى رێڕەو

ڕێڕەوێكمان هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە




لەم ڕێڕەوەدا

- نووسینی وێستگەكان بە تەریبی ڕێڕەوەكە نووسراوە
- نووسینەكان بە شێوازی هەزار نووسراوە واتە (0+320) ، (0+300)
- ڕەنگێكی تایبەت دانراوە بۆ وێستگەكان

بۆ دەستكاری كردنی ئەو شێوازە سەرەتا كلیكی ڕاست لەسەر ڕێڕەوەكە دەكەین ئینجا كلیك لەسەر (Edit Alignment Labels) دەكەین وەكو لای خوارەوە



جا پەنجەرەی (Alignment Labels) دێت ، ئێمەش لە بەشی (Type) دا (Major Stations) هەڵدەبژێرین وە دوای كلیك كردن لەسەر سەرەتیرەكە (Edit Current Selection) هەڵدەبژێرین وەكو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی (Label Style Composer) دێـت ، ئێمـەش ئەگـەر (Layout) نەكرابووەوە ئەوا دەیكەینەوە جا (Rotation Angle) دەكەینـە (90) وە دەسـتكاری (Y-Offset) دەكەین تا نووسینەكان دەكەونـە ناوەراسـتی ڕێڕەوەكـە ئینجـا بەشـی (Contents) دەكەینەوە وەكو لای خوارەوە



جا په نجـه‌ره‌ی ( Text Component Editor-Contents ) دێـت ، ئێمـه‌ش لـه به‌شی ( Properties ) دا ( Station Value ) هه‌ڵده‌بژێرین وه نووسـینی لای راسـت دیارده‌كه‌ین ئینجا له به‌شـی ( Station character ) دا ( 1+ 00 ) هه‌ڵده‌بـژێرین وه لـه به‌شـی ( Format ) دا ره‌نگێـك هه‌ڵده‌بـژێرین ئینجـا كلیـك له‌سـه‌ر سـه‌ره تـیره ئاسۆییه‌كه‌ی ته‌نیشت ( Station Value ) ده‌كه‌ین وه‌كو لای خواره‌وه




ئینجا ( OK ) ده‌كـه‌ین ، جـا بـۆ هـه‌موو په نجـه‌ره‌كانی تـریش ( Apply ) و ( OK ) ده‌كه‌ین ئینجا رێڕه‌وه‌كه وه‌كو لای خواره‌وه‌ی لێدێت



هەروەها دەتوانین زیاد بوونی وێستگەکان بگـۆڕین ،بۆنموونــە لـەو ڕێـڕەوەی سـەرەوە وێستگەکان (10،10) زیادیان کردووە بەلاَم نووسـینەکان (20،20) نووسـراون ،بـۆ گۆڕینی نووسینی وێستگەکان لە (10و 20) ەوە بۆ جـۆرێکی تـر کلیکـی ڕاسـت لەسـەر ڕێڕەوەکە دەکەین و دەچینە (Edit Alignment Labels) وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی (Alignment Labels) دێت ، ئێمەش لە بەشی (Major Station) دا زیادکردنەکە دەکەینە (30) وە بەشی (Minor Station) زیادکردن دەکەینە (15) وەکو لای خوارەوە




جا ڕێڕەوەکە بەم شێوەیەی لێدێت



# دیاری كردنی خێرایی ڕێپێدراو بەگوێرەی ڕێڕەو

**ڕێڕەوێكمان هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە خێرایی ڕێپێدراوی نووسراوە ( 100 كم/كت )**



**دەمانەوێ پاسادان بۆ ئەو ڕێگایە بكەین تا بزانین ئەو ڕێگایە بۆ ئەو خێراییە دەگونجێ یان نا ؟**

**سەرەتا كلیك لەسەر ڕێڕەوەكە دەكەین ئینجا دەچینە ( Geometry Editor ) وەكو لای خوارەوە**




**جا پەنجەرەی ( Alignment Layout Tools ) دێت، ئێمەش كلیك لەسەر ( Alignment Grid View ) دەكەین وەكو لای خوارەوە**




جا پەنجەرەی (Alignment entities) دێت کە زانیاری تەواوی راستە هێڵ و چەماوەکانی ئەو ڕێگایەی تێدایە وەکو خوارەوە



| | No. | Type | Tangency Constraint | Parameter Constr... | Parameter ... | Length | Radius | Minimum Radius | Design Speed |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 1 | Line | Not Constrained (Fixed) | | Two points | 473.798m | | | 100 km/h |
| ⚠ | 2 | Curve | Constrained on Both Sides (F... | | Radius | 308.003m | ⚠300.000m | 437.000m | 100 km/h |
| | 3 | Line | Not Constrained (Fixed) | | Two points | 228.994m | | | 100 km/h |
| ⚠ | 4 | Curve | Constrained on Both Sides (F... | | Radius | 223.757m | ⚠280.000m | 437.000m | 100 km/h |
| | 5 | Line | Not Constrained (Fixed) | | Two points | 669.968m | | | 100 km/h |
| | 6 | Curve | Constrained on Both Sides (Free) | | Radius | 207.017m | 450.000m | 437.000m | 100 km/h |
| | 7 | Line | Not Constrained (Fixed) | | Two points | 857.672m | | | 100 km/h |

لەو پەنجەرەدا چەماوەی یەکەم و دووەم نیشانەی سەرسوڕمانیان لەسەر دانراوە وە نووسراوە درێژی نیوەتیرەکان (280م، 300م) ە بەلاَم پێویستە لە (437م) کەمتر نەبن ئینجا دەگونجێت بۆ خێرایی (100کم/کت)، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە کلیك لەسەر ڕێڕەوەکە دەکەین ئینجا کلیك لەسەر (Design Criteria Editor) دەکەین وەکو لای خوارەوە




ئینجا پەنجەرەی (Design Criteria Editor) دێت، ئێمەش (+) تەنیشت (Alignments) دەکەینەوە دوای ئەوە (+) تەنیشت ( Minimum Radius Tables) دەکەینەوە و کلیك لەسەر (AASHTO 2001 eMax 6%) دەکەین جا خشتەی (Speed و Radius) دێت وەکو لای خوارەوە




بەگوێرەی ئەو خشتەیە پێویستە خێرایی سەر هەردوو چەماوەکان بکەینە ( 80 کم/کت ) جا بۆ گۆڕینی خێراییەکە کلیك لەسەر (Alignment Properties) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی ( Alignment Properties ) دێت ئیمەش کلیك لەسەر ( Design Criteria ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




ئینجا كلیك لەسەر ( Add design speed ) دەكەین وەكو لای خوارەوە




جا خێراییەكی تر زیاد دەبێ ئێمەش لە وێستگەی ( 0+00 ) خێراییەكە دەكەینە ( 80كم/كت ) وە لە وێستگەی ( 1+240 ) خێراییەكە دەكەینە ( 100كم/كت ) وەكو لای خوارەوە




جا ( Apply ) ئینجا ( OK ) دەکەین جا خێراییەکان لەو وێستگانەی نووسیمان بەو شێوەیە دەردەکەون






ئینجا دووباره دەچینەوە (Geometry Editor) بۆ ئەوەی بزانین چەماوەکان بۆ ئەو خێراییانە دەگونجێن یان نا؟

کلیك لەسەر (Alignment Grid View) دەکەین وەکو لای خوارەوە




ئینجا پەنجەرەی (Alignment entities) دێت وەکو لای خوارەوە



| r… | Parameter … | Length | Radius | Minimum Radius | Design Speed |
|---|---|---|---|---|---|
| | Two points | 473.798m | | | 80 km/h |
| | Radius | 308.003m | 300.000m | 252.000m | 80 km/h |
| | Two points | 228.994m | | | 80 km/h |
| | Radius | 223.757m | 280.000m | 252.000m | 80 km/h |
| | Two points | 669.968m | | | 100 km/h |
| | Radius | 207.017m | 450.000m | 437.000m | 100 km/h |
| | Two points | 857.672m | | | 100 km/h |



لەو پەنجەرەیەدا دیارە کە نیشانەکانی سەرسوڕمان نەماون وە درێژی نیوەتیرەی چەماوەکان زیاترن لە کەمترین نیوەتیرە بۆ خێرایی (80کم/کت) بۆیە ڕێڕەوەکە تەواوە و هیچ کێشەیەکی نیە.

# نووسینی هێڵ و چەماوەکان لەسەر ڕێڕەو و دروستکردنی خشتە

ڕێڕەوێکمان هەیە بەم شێوەیە دەمانەوێ زانیاری تـەواو دەربـارەی پێکهاتـەکانی ئـەو ڕێڕەوە لە خشتەیەکدا کۆ بکەینەوە



لەو ڕێڕەوەدا هەروەکو دیارە چوار ڕاستەهێڵ و سـێ چـەماوەمان هەیـە ، سـەرەتا کلیـك لەسـەر ڕێڕەوەکـە دەکـەین ئینجـا دەچـینە ( Add Labels ) ئینجـا ( Add Alignment Labels ) هەروەکو لە خوارەوە دیارە




جـا پەنجـەرەی ( Add Labels ) دێت، ئێمـەش لـە بەشـی ( Label type ) دا ( Multiple Segment ) هەڵدەبژێرین وەکو لای خوارەوە




وە لە بەشی ( Line label style ) ئەو سەرە تیرەی کە لە وێنەکەدا دیارە دەکەینەوە و ( Copy Current Selection ) هەڵدەبژێرین وەکو لای خوارەوە



جا پەنجەرەی (Label style Composer) دێت ئێمەش بەشی (Information) هەڵدەبژێرین و لە ژێر (Name) دا دەنووسین (Line tags) وەکو لای خوارەوە




ئێنجا بەشی (Generel) هەڵدەبژێرین و لە بەرامبەر (Display Mode) دا (tag) هەڵدەبژێرین وەکو لای خوارەوە



جا ( OK ) دەکەین و دەگەڕێینەوە پەنجەرەی ( Add Labels )، ئەمجارە لە بەشی ( Curve label style ) سەرەتیرەکە دەکەینەوە و ( Copy Current Selection ) هەڵدەبژێرین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی ( Label style Composer ) دێت ئێمەش بەشی ( Information ) هەڵدەبژێرین و لە ژێر ( Name ) دا دەنووسین ( Curve tags ) ئینجا بەشی ( General ) هەڵدەبژێرین و لە بەرامبەر ( Display Mode ) دا ( tag ) هەڵدەبژێرین وەکو لای خوارەوە




ئینجا ( OK ) دەکەین و دەگەڕێینەوە پەنجەرەی ( Add Labels ) وەکو لای خوارەوە




بەڵام دەستكاری بەشی ( Spiral label style ) ناكەین چونكە لەو ڕێڕەوەدا ( Spiral ) مان نیە ، ئینجا كلیك لەسەر ( Add ) دەكەین ئینجا كلیك لەسەر ڕێڕەوەكە دەكەین جا ژمارەی هێڵ و كەوانەكان لەسەر ڕێڕەوەكە دەنووسرێن وەكو لای خوارەوە




ئینجا پەنجەرەی ( Add Labels ) دادەخەین.

دوای ئەوە دەچینە ( Add Tables ) دوای ئەویش ( Add Segments ) وەكو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی (Alignment table creation) دێت، ئێمەش (By alignment) هەڵدەبژێرین وە لە بەشی (Select alignment) دا ئەو ڕێڕەوە هەڵدەبژێرین کە دەمانەوێ خشتەی بۆ بکەین، جا ئەگەر ڕێڕەوەکە لە زۆر ڕاستە هێڵ و کەوانە پێك هاتبێ ئەوا کلیك لە خانەی (Split table) دەکەین و خشتەکە بە گوێرەی لاپەڕەکان دابەش دەکەین، وە لە بەشی (Behavior) دا (Dynamic) هەڵدەبژێرین بۆ ئەوەی هەر گۆڕانکارییەك لە ڕێڕەوەکە بکەین یەکسەر لە خشتەکەدا گۆڕانکاری بەسەردا بێت وەکو لای خوارەوە



ئینجا ( OK ) دەكەین و لەو شوێنەی كە بمانەوێ كلیك دەكەین و ئەم خشتەیەمان بۆ دروست دەكات

Al 1

| Number | Radius | Length | Line/Chord Direction | A Value |
|---|---|---|---|---|
| L1 | | 539.90 | N67° 30' 07.27"E | |
| C1 | 450.00 | 299.21 | N86° 33' 01.22"E | |
| L2 | | 196.27 | S74° 24' 04.83"E | |
| C2 | 300.00 | 317.55 | N75° 16' 29.89"E | |
| L3 | | 366.64 | N44° 57' 04.61"E | |
| C3 | 350.00 | 429.16 | N80° 04' 42.13"E | |
| L4 | | 691.58 | S64° 47' 40.36"E | |

جا ئەگەر هەر گۆڕانكارییەك لە ڕێڕەوەكەدا بكەین ،بۆنموونە كەوانەی ( C1 ) بكەینە ( 440 ) مەتر لە جیاتی ( 450 ) مەتر وەكو لای خوارەوە

| | Parameter ... | Length | Radius | Minimum Radius | Design Speed |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Two points | 543.357m | | | 100 km/h |
| 2 | Radius | 292.561m | 440.000m | 437.000m | 100 km/h |
| 3 | Two points | 199.726m | | | 100 km/h |
| 4 | Radius | 317.549m | 300.000m | 252.000m | 80 km/h |
| 5 | Two points | 366.645m | | | 90 km/h |
| 6 | Radius | 429.158m | 350.000m | 336.000m | 90 km/h |
| 7 | Two points | 691.584m | | | 90 km/h |

ئەوا یەكسەر خشتەكە بە گوێرەی گۆڕانكاریەكە تازە دەبێتەوە وەكو لای خوارەوە

Al 1

| Number | Radius | Length | Line/Chord Direction | A Value |
|---|---|---|---|---|
| L1 | | 543.36 | N67° 30' 07.27"E | |
| C1 | 440.00 | 292.56 | N86° 33' 01.22"E | |
| L2 | | 199.73 | S74° 24' 04.83"E | |
| C2 | 300.00 | 317.55 | N75° 16' 29.89"E | |
| L3 | | 366.64 | N44° 57' 04.61"E | |
| C3 | 350.00 | 429.16 | N80° 04' 42.13"E | |
| L4 | | 691.58 | S64° 47' 40.36"E | |

# دروستکردنی لای راست وچه پی ڕێڕەو و فراوانکردنی

بۆ هێنانی لای راست و چه پی ڕێڕەو سەرەتا کلیك لەسەر ڕێڕەوەکە دەکەین و دەچینە (Offset Alignment) وەکو لای خوارەوە




ئینجا پەنجەرەی (Create Offset Alignments) دێت وەکو لای خوارەوە



لەو پەنجەرەدا ناوی ڕێڕەوەکە هەڵدەبژێرین هەروەها دەتوانین لەسەرەتاوە تا کۆتایی یان لە بەشێکی دیاریکراوی ڕێڕەوەکە لای ڕاست و چەپ دروست بکەین ، هەروەها ژمارەی هێڵەکانی لای ڕاست و چەپ دیار بکەین وە دووری ئەو هێڵانە لە هێڵی ناوەڕاستی ڕێڕەوەکە دەنووسین ......

جا پەنجەرەکە بەم شێوەیە پڕدەکەینەوە




ئینجا (OK) دەکەین و ڕێڕەوەکە بەم شێوەیەی لێدێت



بۆ فراوان کردنی ڕێڕەوەکە سەرەتا دیاری دەکەین ئینجا کلیکی ڕاستی لەسەر دەکەین و دەچینە ( Add Widening ) وەکو لای خوارەوە




جا دەپرسێت سەرەتا فراوانکردنەکە لە کوێیە ئینجا داوای دیارکردنی کۆتاییەکە دەکات دوای ئەوەی فراوانکردنەکە چەند بێت لە ناوەڕاستی ڕێڕەوەکەوە ئینجا لای ڕاست یان چەپ فراوان دەکەیت ئینجا بە گوێرەی وەلامەکا نمان ڕێڕەوەکە فراوان دەکات وەکو لای خوارەوە



وه پەنجەرەی ( Offset Alignment Parameters ) دێت کە دەتوانین دەستکاری فراوان کردنەکەی تێدا بکەین وەکو لای خوارەوە



# دروستکردنی Superelevation

Superelevation پەیوەندی بە خێرایی ڕێپێدراو و نیوەتیرەی کەوانەکە و هێزی لێکخشان هەیە بەگوێرەی ئەو هاوکێشەیەی خوارەوە

$$R_{min} = \frac{v^2}{127(0.01e_{max} + f_{max})}$$

کە

- ( $R_{min}$ ) بریتیە لە کەمترین نیوەتیرەی کەوانەکە
- ( $v^2$ ) بریتیە لە دووجای خێرایی ڕێپێدراو
- ( $e_{max}$ ) بریتیە لە بەرزترین ڕێژەی Superelevation
- ( $f_{max}$ ) بریتیە لە بەرزترین هێزی لێکخشاندنی نێوان جادە و تایەی ئۆتۆمۆبیل

سەرەتا ڕێڕەوەکە دیار دەکەین و دەچینە (Alignment Properties) بۆ ئەوەی بزانین چ خێراییەك بۆ ڕێڕەوەکە داندراوە وەکو لای خوارەوە



جـا پەنجـەرەی ( Alignment Properties ) دێـت و لـە بەشـی ( Design Criteria ) دیارە کە لە سێ وێستگەی جیاواز سێ جۆرە خێرایی بۆ دیارکراوە بەگوێرەی نیوەتیرەی کەوانەکان وەکو لای خوارەوە




ئینجا ئەو پەنجەرەیـە دادەخـەین و بـۆ دروسـتکردنی Superelevation دەچـینە ( Superelevation ) دواى ئـــەویش ( Calculate/Edit Superelevation ) وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی ( Edit Superelevation ) دێت ئێمەش کلیک لەسەر ( Calculate superelevation now ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی ( Calculate Superelevation ) دێت و لـە بەشـی ( Roadway Type ) دا چوار جۆر ڕێگای تێدایـە ، ئێمـەش ئـەو شـێوەیە هەڵدەبـژێرین کـە وەکـو ڕێڕەوەکەی خۆمانە بۆنموونـە ( Undivided Crowned ) وە لـە بەشـی ( Pivot Method ) دا ( Center Baseline ) هەڵدەبژێرین وەکو لای خوارەوە



ئینجا کلیك لەسەر ( Next ) دەكەین و دەچینە ( Lanes ) جا ( Symmetric Roadway ) هەڵدەبژێرین وە خانەكانی تریش بەگوێرەی تایبە تمەندی ڕێگاكەمان پڕدەكەینەوە وەكو لای خوارەوە




جا کلیك لەسەر ( Next ) دەكەین و دەچینە ( Shoulder Control ) ئەویش بەگوێرەی تایبە تمەندی ڕێگاكەمان پڕدەكەینەوە وەكو لای خوارەوە



جا كليك لەسەر ( Next ) دەكەين و دەچينە ( Attainment ) وەكو لاى خوارەوە




ئينجا كليك لەسەر ( Finish ) دەكەين و پە نجەرەى ( Superelevation Tabular ) ديّت كە هەموو زانياريەكانى ( Superelevation ) لەخۆ گرتووە وەكو لاى خوارەوە




| erelevation Curve | Start Station | End Station | Length | Overlap | Left Outside Shoulder | Left Outside Lane | Right Outsic |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Curve.1 | | | | | | | |
| Transition In Region | 0+469.86m | 0+559.69m | 89.833m | | | | |
| End Normal Shoulder | 0+469.86m | | | | -5.00% | -1.50% | -1.50% |
| Runout | 0+498.44m | 0+510.69m | 12.250m | | | | |
| End Normal Crown | 0+498.44m | | | | -1.50% | -1.50% | -1.50% |
| Level Crown | 0+510.69m | | | | 0.00% | 0.00% | -1.50% |
| Runoff | 0+510.69m | 0+559.69m | 49.000m | | | | |
| Level Crown | 0+510.69m | | | | 0.00% | 0.00% | -1.50% |
| Reverse Crown | 0+522.94m | | | | 1.50% | 1.50% | -1.50% |
| Begin Curve | 0+543.36m | | | | | | |
| Low Shoulder Match | 0+551.52m | | | | 5.00% | 5.00% | -5.00% |
| Begin Full Super | 0+559.69m | | | | 6.00% | 6.00% | -6.00% |
| Transition Out Region | 0+819.59m | 0+909.42m | 89.833m | | | | |
| Runoff | 0+819.59m | 0+868.59m | 49.000m | | | | |
| End Full Super | 0+819.59m | | | | 6.00% | 6.00% | -6.00% |
| Low Shoulder Match | 0+827.75m | | | | 5.00% | 5.00% | -5.00% |
| End Curve | 0+835.92m | | | | | | |
| Reverse Crown | 0+856.34m | | | | 1.50% | 1.50% | -1.50% |

ئینجا دەچینە ( Superelevation ) دواى ئـەویش ( Create Superelevation View ) هەروەکو لای خوارەوە




جـا پە نجـەرەی ( Create Superelevation View ) دێـت ، جـا بـۆ ئـەوەی هێڵکاریەکە بـاشتر دەرکەوێت ڕەنگی هێڵەکان دەگۆڕین وەکو لای خوارەوە



ئینجا ( OK ) دەکەین و لە شوێنێکی سەر شاشە کلیك دەکەین و ئـەم هێلکاریـەمان بـۆ دروست دەکات



# هێنانە دەرەوەی زانیاریەکانی ڕێڕەو

بۆ ئەوەی زانیاریەکانی ناو ڕێڕەو لە ناو فایلێکی سەربەخۆ دابنێین و بیاندەینە لایەنی جێبەجێکار ، دەچینە (Toolbox) دوای ئەوە (+)ی تەنیشت ( Reports Manager) دەکەینەوە ئینجا (+) ی تەنیشت (Alignment) دەکەینەوە، ئینجا بۆ دەرهێنانی زانیاریەکانی کەوانەکان کلیکی ڕاست لەسەر (Alignment_Curve) دەکەین، دوای ئەوە کلیك لەسەر (Execute) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی (Export to XML Report) دێت وەکو لای خوارەوە




جا ئەو زانیاریانەی پێویستمانن دیاریان دەکەین و (OK) دەکەین،ئینجا داوامان لێدەکات کە ناوێك لە فایلەکە بنێین وشوێنێك دیار بکەین بۆ هەڵگرتنی فایلەکە و شێوە فایلێکی دیاریکراویش هەڵبژێرین وەکو لای خوارەوە



جا کلیك لەسەر ( Save ) دەكەین، دواى ئەوە فایلەكە دەكەینەوە كە بەم شێوەیە

| | | | |
|---|---|---|---|
| | Tangent Data | | |
| Length: | 473.798 | Course: | N 54° 29' 37.1036" E |
| | Circular Curve Data | | |
| Delta: | 58° 49' 27.0388" | Type: | RIGHT |
| Radius: | 300.000 | | |
| Length: | 308.003 | Tangent: | 169.125 |
| Mid-Ord: | 38.667 | External: | 44.388 |
| Chord: | 294.653 | Course: | N 83° 54' 20.6229" E |
| | Tangent Data | | |
| Length: | 228.994 | Course: | S 66° 40' 55.8577" E |
| | Circular Curve Data | | |
| Delta: | 45° 47' 12.5844" | Type: | LEFT |
| Radius: | 280.000 | | |
| Length: | 223.757 | Tangent: | 118.239 |
| Mid-Ord: | 22.056 | External: | 23.941 |
| Chord: | 217.850 | Course: | S 89° 34' 32.1499" E |
| | Tangent Data | | |
| Length: | 669.968 | Course: | N 67° 31' 51.5579" E |
| | Circular Curve Data | | |
| Delta: | 26° 21' 29.6417" | Type: | RIGHT |
| Radius: | 450.000 | | |
| Length: | 207.017 | Tangent: | 105.374 |
| Mid-Ord: | 11.852 | External: | 12.173 |
| Chord: | 205.196 | Course: | N 80° 42' 36.3788" E |
| | Tangent Data | | |
| Length: | 857.672 | Course: | S 86° 06' 38.8003" E |

ئەگەر بمانەوێ زانیاری لەسەر (Design Criteria) بەدەست بێنین، هەر لەهەمان شوێن کلیکی راست لەسەر (Alignment Design Criteria Verification) دەکەین ئینجا کلیك لەسەر (Execute) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی (Create Reports- Alignment Design Criteria Verification Report) دێت ئێمەش کلیك لەسەر (Create Report) دەکەین دوای ئەوە کلیك لەسەر (Done) دەکەین وەکو لای خوارەوە



ئینجا زانیاریەکانمان پێدەدات کە بریتین لە وێستگەی سەرەتا و کۆتایی هەر بەشێك و درێژی ئەو بەشە و خێرایی رێپێدراو و نیوەتیرەی کەوانەکان وەکو لای خوارەوە

Alignment Name: A 1
Description:
Station Range: Start: 0+000.00, End: 2+969.21

**1 Tangent**

| | | |
|---|---|---|
| Start Station: | 0+000.00 | |
| End Station: | 0+473.80 | |
| Length: | 473.798m | |
| Design Speed: | 80 | |
| Design Checks: | | |
| Subdivision Street | | Cleared |

**2 Circular Curve**

| | | |
|---|---|---|
| Start Station: | 0+473.80 | |
| End Station: | 0+781.80 | |
| Radius: | 300.000m | |
| Design Speed: | 80 | |
| Design Criteria: | | |
| Minimum Radius: | 252.00 | Cleared |
| Design Checks: | | |

**3 Tangent**

| | | |
|---|---|---|
| Start Station: | 0+781.80 | |
| End Station: | 1+010.80 | |
| Length: | 228.994m | |
| Design Speed: | 80 | |
| Design Checks: | | |
| Subdivision Street | | Cleared |

**4 Circular Curve**

| | | |
|---|---|---|
| Start Station: | 1+010.80 | |
| End Station: | 1+234.55 | |
| Radius: | 280.000m | |
| Design Speed: | 80 | |
| Design Criteria: | | |
| Minimum Radius: | 252.00 | Cleared |
| Design Checks: | | |

**5 Tangent**

| | | |
|---|---|---|
| Start Station: | 1+234.55 | |
| End Station: | 1+904.52 | |
| Length: | 669.968m | |
| Design Speed: | 100 | |
| Design Checks: | | |
| Subdivision Street | | Cleared |

**6 Circular Curve**

| | | |
|---|---|---|
| Start Station: | 1+904.52 | |
| End Station: | 2+111.54 | |
| Radius: | 450.000m | |
| Design Speed: | 100 | |
| Design Criteria: | | |
| Minimum Radius: | 437.00 | Cleared |
| Design Checks: | | |

هەمان هەنگاوەکانی پێشوو دووبارە دەکەینـەوە بـۆ (Incremental Stationing) جا ئەو خشتەیەی خوارەوەمان پێدەدات

| Station | Northing | Easting | Tangential Direction |
|---|---|---|---|
| 0+000.00 | 1,170.3245m | 4,544.3427m | N54° 29' 37"E |
| 0+020.00 | 1,181.9404m | 4,560.6237m | N54° 29' 37"E |
| 0+040.00 | 1,193.5563m | 4,576.9048m | N54° 29' 37"E |
| 0+060.00 | 1,205.1721m | 4,593.1858m | N54° 29' 37"E |
| 0+080.00 | 1,216.7880m | 4,609.4668m | N54° 29' 37"E |
| 0+100.00 | 1,228.4039m | 4,625.7478m | N54° 29' 37"E |
| 0+120.00 | 1,240.0197m | 4,642.0288m | N54° 29' 37"E |
| 0+140.00 | 1,251.6356m | 4,658.3099m | N54° 29' 37"E |
| 0+160.00 | 1,263.2515m | 4,674.5909m | N54° 29' 37"E |
| 0+180.00 | 1,274.8673m | 4,690.8719m | N54° 29' 37"E |
| 0+200.00 | 1,286.4832m | 4,707.1529m | N54° 29' 37"E |
| 0+220.00 | 1,298.0991m | 4,723.4340m | N54° 29' 37"E |
| 0+240.00 | 1,309.7149m | 4,739.7150m | N54° 29' 37"E |
| 0+260.00 | 1,321.3308m | 4,755.9960m | N54° 29' 37"E |
| 0+280.00 | 1,332.9467m | 4,772.2770m | N54° 29' 37"E |
| 0+300.00 | 1,344.5625m | 4,788.5580m | N54° 29' 37"E |
| 0+320.00 | 1,356.1784m | 4,804.8391m | N54° 29' 37"E |
| 0+340.00 | 1,367.7943m | 4,821.1201m | N54° 29' 37"E |
| 0+360.00 | 1,379.4101m | 4,837.4011m | N54° 29' 37"E |
| 0+380.00 | 1,391.0260m | 4,853.6821m | N54° 29' 37"E |
| 0+400.00 | 1,402.6419m | 4,869.9631m | N54° 29' 37"E |
| 0+420.00 | 1,414.2577m | 4,886.2442m | N54° 29' 37"E |
| 0+440.00 | 1,425.8736m | 4,902.5252m | N54° 29' 37"E |
| 0+460.00 | 1,437.4894m | 4,918.8062m | N54° 29' 37"E |
| 0+480.00 | 1,449.0529m | 4,935.1241m | N55° 40' 41"E |
| 0+500.00 | 1,459.7710m | 4,952.0053m | N59° 29' 52"E |

هەروەها بۆ زانیاری دەربارەی خاڵی یەکتربڕینی لێکەوتەکان هەنگاوەکانی پێشوو دووبارە دەکەینەوە ئەمجارەیان کلیکی راست لەسەر (PI Station Report) دەکەین دوایی بەردەوان دەبین ئینجا ئەم خشتەیەمان پێدەدات

Alignment Name: A 1
Description:
Station Range: Start: 0+000.00, End: 2+969.21

| PI Station | Northing | Easting | Distance | Direction |
|---|---|---|---|---|
| 0+000.00 | 1,170.3245m | 4,544.3427m | | |
| | | | 642.923m | N54° 29' 37"E |
| 0+642.92 | 1,543.7300m | 5,067.7150m | | |
| | | | 516.358m | S66° 40' 56"E |
| 1+129.03 | 1,339.3396m | 5,541.8982m | | |
| | | | 893.580m | N67° 31' 52"E |
| 2+009.89 | 1,680.8514m | 6,367.6433m | | |
| | | | 963.045m | S86° 06' 39"E |
| 2+969.21 | 1,615.5303m | 7,328.4709m | | |

بۆ زانینی زانیاریەکانی وێستگە و کەوانەکان کلیکی راست لەسەر (Station_and_Curve) دەکەین و بەردەوام دەبین تا خشتەیەکی لەو جۆرەمان پێدەدات

**Tangent Data**

| Description | PT Station | Northing | Easting |
|---|---|---|---|
| Start: | 0+00.000 | 2187.860 | 3631.743 |
| End: | 5+43.357 | 2395.776 | 4133.747 |

**Tangent Data**

| Parameter | Value | Parameter | Value |
|---|---|---|---|
| Length: | 543.357 | Course: | N 67° 30' 07.2650" E |

**Curve Point Data**

| Description | Station | Northing | Easting |
|---|---|---|---|
| PC: | 5+43.357 | 2395.776 | 4133.747 |
| RP: | | 1989.263 | 4302.114 |
| PT: | 8+35.918 | 2413.057 | 4420.428 |

**Circular Curve Data**

| Parameter | Value | Parameter | Value |
|---|---|---|---|
| Delta: | 38° 05' 47.9006" | Type: | RIGHT |
| Radius: | 440.000 | | |
| Length: | 292.561 | Tangent: | 151.919 |
| Mid-Ord: | 24.093 | External: | 25.488 |
| Chord: | 287.202 | Course: | N 86° 33' 01.2153" E |

**Tangent Data**

| Description | PT Station | Northing | Easting |
|---|---|---|---|
| Start: | 8+35.918 | 2413.057 | 4420.428 |
| End: | 10+35.644 | 2359.352 | 4612.798 |

**Tangent Data**

| Parameter | Value | Parameter | Value |
|---|---|---|---|
| Length: | 199.726 | Course: | S 74° 24' 04.8344" E |

**Curve Point Data**

| Description | Station | Northing | Easting |
|---|---|---|---|
| PC: | 10+35.644 | 2359.352 | 4612.798 |
| RP: | | 2648.302 | 4693.467 |
| PT: | 13+53.193 | 2436.351 | 4905.779 |

**Circular Curve Data**

| Parameter | Value | Parameter | Value |
|---|---|---|---|
| Delta: | 60° 38' 50.5527" | Type: | LEFT |
| Radius: | 300.000 | | |
| Length: | 317.549 | Tangent: | 175.472 |

## کۆکردنەوەی زانیاری بەدەم ڕێگاوە

### ج-ڕووبەری سێگۆشەیەکی نارێك

**سێگۆشەیەکمان هەیە بەم شێوەیە بنکە و بەرزی نەزانراوە**




**سەرەتا کۆدێك دروست دەکەین دەڵێین**

$S=\dfrac{A+B+C}{2}$ ، $S=\dfrac{25+12+15.39}{2}$ =26.195

**ڕووبەر**= $\sqrt{S(S-A)(S-B)(S-C)}$

= $\sqrt{26.195(26.195-25)(26.195-12)(26.195-15.39)}$

**=**69.29

# بەشی چوارەم

## دروستکردنی پرۆفایل

بۆ دروستکردنی پرۆفایل پێویستە ڕوو ( Surface ) مان هەبێت ، هەروەها لەناو ( ڕوو ) ەکەش ڕێڕەومان هەبێت ، بۆ نموونە ڕوو( Surface ) ێکمان هەیە بە ناوی ( Surface1 ) وە ڕێڕەوێکیشمان هەیە لە ناو ( ڕوو ) ەکە بە ناوی ( R1 ) وەکو لای خوارەوە




بۆ دروستکردنی پرۆفایلەکە دەچینە ( Profile ) ئینجا دەچینە ( Create Profile from Surface ) وەکو لای خوارەوە



وەیاخود لە بەشی (Home) دەچینە (Profile) ئینجا دەچینە ( Create Surface Profile) وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی (Create Profile from Surface) دێت ئێمەش لە بەشی (Alignment) ڕێڕەووەکەی خۆمان هەڵدەبژێرین کە لێرەدا (R1) ە وە لە بەشی (Select surface) دا (surface1) هەڵدەبژێرین ئینجا کلیك لەسەر (Add) دەکەین ئینجا لە بەشی (Profile list) دا زانیاریەکانی پرۆفایلەکە دەنووسرێت وەکو لای خوارەوە



ئەگەر بمانەوێ راست و چەپی رێڕەوەکە بخەینە ناو پرۆفایلەکە ئەوا کلیك لەسەر (Sample offsets) دەکەین ئینجا دووریەکان دەنووسین و کلیك لەسەر (Add) دەکەین .

دوای ئەوە کلیك لەسەر (Draw in profile view) دەکەین جا پەنجەرەی (Create Profile View) دێت،ئێمەش لە بەشی (Select alignment) دا (R1) هەڵدەبژێرین وە لە بەشی (Profile view name) ناوێکی لێدەنێین بۆ نموونە (Pr 1) وە لە بەشی (profile view style) یەکێك لە شێوازەکان هەڵدەبژێرین بۆ نموونە (Land Desktop Profile View) وەکو لای خوارەوە




ئینجا کلیك لەسەر (Next) دەکەین و بەشی (Station Range) دێت کە دەتوانین پرۆفایلەکە لە وێستگەی (0+00) وەوە تا کۆتایی دروست بکەین ،بەلاَم ئەگەر (User specified range) هەڵبژێرین ئەوا دەتوانین لە هەر وێستگەیەکی بمانەوێ دروستی بکەین هەروەکو لە خوارەوە دیارە



ئینجا كلیك لەسەر (Next) دەكەین جا بەشی (Profile View Height) دێت،لەو بەشەدا ئەگەر (Automatic) هەڵبژێرین ئەوا ئەو بەرزیەی كە بەرنامەكە دایناوە پرۆفایلەكەی پێ دروستدەكرێت، بەڵام ئەگەر (User specified) هەڵبژێرین ئەوا دەتوانین بە ئارەزووی خۆمان بەرزی پرۆفایلەكە دیاربكەین وەكو لای خوارەوە




دوای ئەوە كلیك لەسەر (Next) دەكەین جا دەچینە بەشی (Profile Display Options) وەكو لای خوارەوە




لەم بەشەشدا دەتوانین دەسكاری شێوازەكەی بكەین ، دەشتوانین بەبێ دەسكاری كلیك لەسەر (Next) بكەین و بچینە بەشی (Data Bands) لەو بەشەدا شێوازێك

هەڵدەبژێرین لە بڕگەی (Select band set) وە لە بەشی (Location) دا دەتوانین بەشی خوارەوە یان سەرەوەی پڕۆفایلەکە دیار بکەین بۆ زانیاریەکان وەکو لای خوارەوە




ئینجا کلیك لەسەر (Next) دەکەین جا دەچینە بەشی ( Profile Hatch Options) لەو بەشەدا دەتوانین رووبەری بڕین یان پڕکردنەوە دیاربکەین وە دەتوانین گۆڕانکاری نەکەین وەکو لای خوارەوە



ئينجا كليك لەسەر (Create Profile View) دەكەين جا داوامان لێدەكات كە شوێنێك دياربكەين بۆ پرۆفايلەكە، دواى كليك كردن لەو شوێنەى دەمانەوێ پرۆفايليێكى بەم جۆرەمان بۆ دروستدەكات




بۆ ئەوەى باشتر سەيرى پرۆفايلەكە بكەين هەندێك دەيهێنينە پێش جا بەم شێوەيە دەردەكەوێت



لـەو پڕۆفایلـەدا وێـستگەکان سـەرەکیەکان ( 40،40 ) زیادیـان کـردووە و وێـستگە لاوەکیەکانیش ( 20،20 ) زیادیان کردووە ، وە بـەرزی زەوی سروشـتی و بـەرزی هێلـی دروستکردن ( Design Line ) هـەر هـەمان بەرزیـە چـونکە تـا ئێـستا ( Design Line ) مان دروست نەکردووە.ئێمە دەتوانین لەو پڕۆفایلەدا چەندین گۆڕانکاری بکـەین بەو شێوەیەی کە پێمان گونجاوە.

# دەستکاری کردن و ڕێکخستنی پڕۆفایل

بۆ ڕێکخستنی پڕۆفایل کلیك لەسەر پڕۆفایلەکە دەکەین ئینجا کلیکی ڕاست دەکەین و دەچینە ( Edit Profile View Style ) وەکو لای خوارەوە




جا پە نجەرەی ( Profile View Style ) دێتە وەکو لای خوارەوە

## – گۆڕینی پێوەر

بۆ گۆڕینی پێوەری ئاسۆیی و ستوونی دەچینە بەشی ( Graph ) بەو شێوەیەی کە بمانەوێ دەستکاری دەکەین وەکو لای خوارەوە




لەو بەشەدا لە بڕگەی (Vertical Scale) دا دەتـوانین بـۆ سـتوونی ئـەو پێـوەرەی دەمانەوێ هەلیبژێرین جـا لــە (Vertical exaggeration) دا ئــە نجامی پێــوەری ئاسۆییمان بۆ دابەش دەکات بەسەر سـتوونیدا وە لــە (Profile view direction) دا دەتوانین پرۆفایلەکە لە چە پەوە بۆ ڕاست یان لە ڕاستەوە بۆ چەپ هەڵبژێرین.

## -گۆڕینی تۆڕ

بۆ گۆڕینی هێڵە ستوونی و ئاسۆییەکانی تۆڕەکـە دەتـوانین (Clip vertical grid) دیار بکەین ئینجا (Apply) جا تۆڕەکە بەم شێوەیەی لێدێت



وه ئەگەر ( Clip horizontal grid ) دیار بکەین ئینجا ( Apply ) تۆڕەکە بەم شێوەیەی لێدێت




وه ئەگەر هەردووکیان دیاربکەین و کلیك لەسەر ( Apply ) بکەین هێڵە ئاسۆیی و ستوونیەکانی سەرەوەی هێڵی زەوی سروشتی نامێنن وەکو لای خوارەوە



هەروەها دەتوانین لە ( Grid Padding ) و ( Axis Offset ) گۆڕانكاری تـریش لــە پڕۆفایلەكەدا بكەین وەكو لای خوارەوە




## -گۆڕینی ناوونیشان

لــە بەشــی ( Title Annotation ) دا دەتــوانین شــوێنی ناوونیــشان و قــەبارەی نووسینەكە و چەند شتی تریش بگۆڕین

## -گۆڕینی تەوەری ئاسۆیی

لـە بەشـی ( Horizontal Axes ) دا دەتـوانین نێـوانی وێـستگە سـەرەكیەكان لـە ( 40 )ەوە بۆ نموونە بكەینە ( 20 ) وە نێـوانی وێـستگە لاوەكیـەكان لــە ( 20 ) ەوە بـۆ نموونە بكەینە( 10 ) ، هــەروەها دەتــوانین قــەبارەی نووســینەكان بگــۆڕین هــەروەها دەتوانین چەندین گۆڕانكاری تریش بكەین هەروەكو لە پە نجەرەی خوارەوە دیارە




ئینجا ( Apply ) دەکەین و تەوەری ئاسۆیی بەم شێوەیەی لێدێت



## -گۆڕینی تەوەری ستوونی

لەم تەوەرەشدا لـە بەشی ( Vertical Axes ) دا وەکو تـەوەری ئاسـۆیی دەتـوانین دەستکاری نێوانی بەرزیەکان بکەین وەکو لە خوارەوە دیارە




ئینجا ( Apply ) دەکەین و تەوەری ستوونی بەم شێوەیەی لێدێت



## -گۆڕینی ڕەنگ و ناوونیشانی تەوەرەکان

لە بەشی ( Display ) دا دەتوانین گۆڕانکاری بکەین لە پێکهاتەکانی پرۆفایلەکە بەو شێوەیەی کە دەمانەوێ هەروەکو لە خوارەوە دیارە




جا ( Apply ) دەکەین و پرۆفایلەکە بەم شێوەیەی لێدێت



# هێڵی دیزاین ( Design Line )

بۆ دروستکردنی ( Design Line ) دەچینە ( Profile ) ئینجا کلیك لەسەر ( Create Profile by Layout ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا لە ژێرەوە دەنووسرێت ( Select Profile View to create profile ) ئێمەش پرۆفایلەکەمان دیار دەکەین جا پەنجەرەی ( Create Profile ) دێت ، ئێمەش لە بەشی ( Name ) ناوی پرۆفایلەکە دەنووسین بۆ نموونە( FG Pr ) وە لە بەشی ( Profile style ) دا ( Design Profile ) هەڵدەبژێرین وە لە ( Profile label set ) دا ( Complete Label Set ) هەڵدەبژێرین وەکو لای خوارەوە




ئینجا (OK) دەکەین جا پە نجەرەی (Profile Layout Tools) دێت هەروەکو لە خوارەوە دیارە




لە بەشی (Draw Tangents) دا چەند هەڵبژاردنێکمان هەیە بۆ دروستکردنی (Design Line) کە ئەمانەن:

-(Draw Tangents)

ئەم هەڵبژاردنە تەنها دروستکردنی لێکەوتەکانی تێدایە دواى دروستکردنی لێکەوتەکان ئینجا خۆمان کەوانەکان دروستدەکەین.

- (Draw Tangents with Curves)

ئەم هەڵبژاردنە لەگەڵ دروستکردنی لێکەوتەکان کەوانەکانیش یەکسەر دروستدەبن بەو درێژیەی کە بۆی دانراوە.

- (Curve Settings)

لەم بەشەدا دەتوانین نرخی کەوانەکان و (K) دیار بکەین ئینجا بگەڕێینەوە (Draw Tangents with Curves)

سەرەتا دەچینە (Curve Settings) جا پەنجەرەی (Vertical Curve Settings) دێت ئێمەش یەکێك لە شێوازەکانی کەوانە لە بەشی (Select curve type) هەڵدەبژێرین ئینجا درێژی کەوانە (قۆقز و چاڵ) ەکان دیار دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا (OK) دەکەین و دەگەڕێینەوە (Draw Tangents with Curves) ئینجا داوای دیارکردنی خاڵی دەسپێکردن دەکات وەکو لای خوارەوە




ئێمەش لە وێستگەی (0+00) ەوە و لەو بەرزیەی بمانەوێ دەست بە کێشانی لێکەوتەکە دەکەین و بەردەوام دەبین تا کۆتایی پرۆفایلەکە، جا لە نێوان لێکەوتەکاندا یەکسەر کەوانەکان دروست دەبن وەکو لای خوارەوە




لەم پرۆفایلەدا کەوانەکە دروستکراوە و زانیاریەکانیشی هەموو نووسراون هەروەها لاری ڕێگاکەش بۆ هەموو ڕاستە هێڵەکان نووسراوە ، بەلاَم ئەگەر سەیری بەرزیەکان بکەین دەبینین بەرزی (Design Line) نەنوسراوە بەڵکو ئەو بەرزیەی بۆ

(Design Line) نوسراوە هەر هەمان بەرزی زەوی سروشتیە هەروەکو لە خوارەوە دیارە




بۆ هێنانی بەرزی (Design Line) کلیك لەسەر پرۆفایلەکە دەکەین ئینجا دەچینە (Profile View Properties) وەکو لای خوارەوە




جا پە نجەرەی (Profile View Properties) دێت ئێمەش لە بەشی (Bands) دا دەچینە (Profile2) ئینجا ناوی پرۆفایلەکەمان هەڵدەبژێرین وەکو لای خوارەوە




ئینجا (Apply) دەکەین دوای ئەویش (OK) جا بەرزیەکانی (Design Line) بەم شێوەیە دەردەکەون



# دروستکردنی شێوازێکی تایبەت لە پڕۆفایل

ڕێڕەوێکمان هەیە بەم شێوەیە دەمانەوێ پڕۆفایلێکی تایبەت بە خۆمانی لێ دروست بکەین.




سەرەتا لەناو لیستی (Profile) دەچینە (Create Profile from Surface) وەکو لای خوارەوە



جا پەنجەرەی ( Create Profile from Surface ) مان بۆ دێت ، ئێمەش لە بەشی ( Alignment ) دا ڕێڕەوەکە هەڵدەبژێرین وە لە بەشی ( Select surface ) دا ( ڕوو-surface ) ەکە هەڵدەبژێرین ئەگەر زیاتر لە یەك ( ڕوو ) مان هەبێ بەلاَم لێرەدا تەنها یەك ( ڕوو ) مان هەیە ئینجا کلیك لەسەر ( Add ) دەکەین جا زانیاریەکانی پڕۆفایلەکە دەچێتە ژێر بەشی ( Profile list ) وەکو لای خوارەوە




ئینجا بۆ زیاد کردنی پڕۆفایلی لای ڕاست و چەپ خانەی ( Sample offsets ) نیشان دەکەین و لە ژێریدا ( 6، -6 ) دەنووسین ئینجا کلیك لەسەر ( Add ) دەکەین جا پڕۆفایلی هەردوو لای ڕاست و چەپ دەچنە ژێر بەشی ( Profile list ) وەکو لای خوارەوە




ئەگەر بەشی ( Style ) درێژبکەینەوە دەبینین بۆ هەر سێ پرۆفایل کە ( هێلی ناوەراست و لای راست و چەپ ) ن نووسراوە ( Existing Ground Profile ) بەلام ئێمە دەمانەوێ تەنها بۆ هێلی ناوەراست ئەمە بمێنێتەوە ، وە بۆ ( 6مەتری لای راست ) کلیك لەسەر ( Existing Ground Profile ) بەرامبەر ( 6.000m ) دەکەین جا پەنجەرەی ( Pick profile style ) دێت ئێمەش ( Right Sample Profile ) هەڵدەبژێرین و ( OK ) دەکەین وەکو لای خوارەوە



هەر بـە هـەمان شـێوە بـۆ (-6مـەتری لای چـەپ) یـش کلیـك لەسـەر (Existing Ground Profile) بەرامبـەر (-6.000m) دەکـەین جـا پە نجـەرەی (Pick profile style) دێت ئێمەش (Left Sample Profile) هەڵدەبـژێرین و (OK) دەکەین وەکو لای خوارەوە




دواى ئـەوە کلیـك لەسـەر (Draw in profile view) دەکـەین و پە نجـەرەی (Create Profile View) دێت، ئێمەش وەکو پڕۆفایلی پێشوو هـەموو برگـەکانی ئامادەکاری تەواو دەکەین وەکو لای خوارەوە




ئینجا كلیك لەسەر (Create Profile View) دەكەین جا داوا دەكات كە شوێنێك دیار بكەین بۆ پڕۆفایلەكە ئێمەش لەو شوێنەی كە دەمانەوێ كلیك دەكەین و ئەم پڕۆفایلەی خوارەوەمان بۆ دروست دەكات




ئەگەر بمانەوێ هەندێك شتی پڕۆفایلەكە لاببەین كلیك لەسەر پڕۆفایلەكە دەكەین ئینجا كلیكی راست لەسەر (Edit Profile View Style) دەكەین وەكو لای خوارەوە




جـا پە نجـەرەی ( Profile View Style ) دێـت و لـە بەشـی ( Display ) دا هـەر شتێکمان ویست دەرنەکەوێ گلۆپەکەی تەنیشتی دەکوژێنینەوە وەکو لای خوارەوە




جا پرۆفایلەکە بەو شێوەیە لێدێت




لەو پرۆفایلەدا تەنها بەرزی هێڵی ناوەراستی زەوی سروشتیمان هەیە ،بەرزی تەنیشتیشی بۆ (Design Line) ە کە هێشتا دروستمان نەکردووە بۆیە هەمان بەرزی زەوی سروشتی پێدراوە ،بۆ لابردنی بەرزی (Design Line) و وێستگەکان کلیك لەسەر پرۆفایلەکە دەکەین ئینجا کلیك لەسەر ( Profile View Properties) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پە نجەرەی (Profile View Properties) دێت ، ئێمەش بەشی (Bands) دەکەینەوە ئینجا کلیك لەسەر (Elevations and Stations) دەکەین جا پە نجەرەی (Pick Band Style) دێت وەکو لای خوارەوە




ئینجا ئەو سەرە تیرەی لە وێنەکەدا دیارە دەکەینەوە و کلیك لەسەر ( Edit Current Selection ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پە نجەرەی ( Profile Data Band Style ) دێت ، جا لەبەشی ( Labels and ticks ) دا ( Majar station ) هەڵدەبژێرین ئینجا کلیك لەسەر ( Compose label ) دەکەین وەکو لای خوارەوە



ئینجا پەنجەرەی (Label Style Composer) دێت، ئێمەش لە بەشی (Layout) دا تەنها (EG Elevation) دەهێڵینەوە و ئەوانی تر لادەبەین هەروەکو لە خوارەوە دیارە




دوای ئەوە لە (Anchor Point) دا (Band Middle) هەڵدەبژێرین وە لە (Attachment) دا (Middle center) هەڵدەبژێرین هەروەها (X offset) و(Y offset) دەکەینە (0+00) وە ڕەنگی نووسینەکان دەکەینە سەوز وەکو لای خوارەوە



دواى (Apply) و(OK) ئەمجارە لە بەشى (Title text) دا كليك لەسەر (Compose label) دەكەين وەكو لاى خوارەوە




ئينجا لە پەنجەرەى (Label Style Composer) دا لە (Anchor Point) دا (Middle center) هەڵدەبژێرين وە لە (Attachment) دا (Middle center) هەڵدەبژێرين وەكو لاى خوارەوە



ئینجا کلیك لەسەر بەشی (Contents) دەکەین و پەنجەرەی (Text Component Editor) دێت ئێمەش ناوەکەی دەکەینە (EG Elevation) وە رەنگیشی دەکەینە سەوز وەکو لای خوارەوە




ئینجا (OK) دەکەین ئینجا لە هەموو پەنجەرەکان (Apply) و (OK) جا پرۆفایلەکە بەم شێوەیەی لێدێت




بۆ زیادکردنی بەرزی (Design Line) کلیك لەسەر پرۆفایلەکە دەکەین ئینجا کلیکی راست دەکەین و کلیك لەسەر (Profile View Properties) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی (Profile View Properties) دێت ئێمەش بەشی (Bands) دەکەینەوە و لە بەشی (Band type) دا (Profile Data) هەڵدەبژێرین وە لە بەشی (Select band style) دا (Elevations and Stations) هەڵدەبژێرین ئینجا کلیك لەسەر (Copy Current Selection) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی (Profile Data Band Style) دێت ، ئێمەش لە بەشی (Information) دا ناوەکەی دەنووسین (FG Level) هەروەکو لە خوارەوە دیارە




ئینجا دەچینە (Band Details) و لە بەشی (Labels and ticks) دا (Major Station) هەڵدەبژێرین ئینجا کلیك لەسەر (Compose Label) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی (Label Style Composer) دێت ، ئێمەش بەشی (Layout) دەکەینەوە و لە بەشی (Component name) دا تەنها (FG Elevation) دەهێلینەوە و ئەوانی تر لادەبەین وەکو لای خوارەوە




ئینجا ئەو گۆڕانکاریانە دەکەین و ( Apply ) دەکەین ئینجا ( OK ) وەکو لای خوارەوە



ئینجا لە پەنجەرەی پێشوو لە بەشی ( Title text ) دا کلیك لەسەر ( Compose label ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی ( Label Style Composer ) دێت ئێمەش بەو شێوەیە گۆڕانکاری تێدا دەکەین ئینجا لە بەرامبەر بەشی ( Contents ) کلیك دەکەین وەکو لای خوارەوە



ئینجا پەنجەرەی (Text Component Editor) دێت ئێمەش ناوەکەی دەگۆڕین بۆ (FG Elevation) وە ڕەنگیشی دەگۆڕین بەو شێوەیەی کە دەمانەوێ وەکو لای خوارەوە




ئینجا (OK) دەکەین و دەگەڕێینەوە پەنجەرەی پێشوو ، دواى ئەوە (Apply) ئینجا (OK) دواى ئەوە لە پەنجەرەی (Profile Data Band Style) دەچینە (Display) وە ئەو بەشانەی پەیوەندیان بە (Band) هەیە دەریان دەخەین وەکو لای خوارەوە



ئینجا (OK) دەکەین دوای ئەوە لە پەنجەرەی (Profile View Properties) کلیك لەسەر (Add) دەکەین ئینجا پەنجەرەی (Geometry Points to Label in Band) دێت وەکو لای خوارەوە




دوای (OK) کردن دەگەڕێینەوە پەنجەرەی پێشوو هەروەکو لە خوارەوە دیارە خانەیەکی تر زیاد بووە



ئينجا ( Apply ) دواى ئەويش ( OK ) جا پرۆفايلەكە بەم شێوەيەى لێدێت




بۆ زيادكردنى پرۆفايلى لاى راست و چەپ دووبارە كليك لەسەر پرۆفايلەكە دەكەين ئينجا كليكى راست دەكەين و كليك لەسەر ( Profile View Properties ) دەكەين وەكو لاى خوارەوە




جا پە نجەرەى ( Profile View Properties ) دێت ئێمەش بەشى ( Bands ) دەكەينەوە و لە بەشى ( Band type ) دا ( Profile Data ) هەڵدەبژێرين وە لە

بەشی (Select band style) دا (EG Level) هەڵدەبژێرین ئینجا کلیك لەسەر (Add) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی (Geometry Points to Label in Band) دێت ، ئێمەش لە بەشی (Profile 1) دا (Surface1-6.000) هەڵدەبژێرین کە تایبەتە بە پرۆفایلی لای راست وەکو لای خوارەوە



جا زانیاریەکانی پڕۆفایلی لای راست لە خوارەوە زیاد دەبێت ، بەشی ( Gap ) دەکەینـە ( 0 ) وەکو لای خوارەوە




ئینجا لە بەشی ( Style ) کلیك لەسـەر ئـایکۆنی تەنیـشت ( EG Level ) دەکـەین و پە نجـەرەی ( Pick Band Style ) دێـت ، ئێمـەش ( Copy Current Selection ) هەڵدەبژێرین وەکو لای خوارەوە



جا پە نجەرەی (Profile Data Band Style) دێت، ئێمەش لە بەشی (Information) دا ناوەکەی دەکەینە (Right EG Level) وەکو لای خوارەوە




ئینجا بەشی (Band Details) دەکەینەوە و لە بەشی (Title Text) دا کلیك لەسەر (Compose label) دەکەین وەکو لای خوارەوە



جا پە نجەرەی ( Label Style Composer ) دێت ، ئێمەش بەو شێوەیە گۆڕانكــاری تێدا دەكەین و كلیك لە بەشی ( Contents ) دەكەین وەكو لای خوارەوە




ئینجا پە نجەرەی ( Text Component Editor ) دێت و بە رەنگێكی جیا ناوەكـەی دەنووسین ( Right EG Elev ) وەكو لای خوارەوە




ئینجا ( OK ) دەكەین و دەگەڕێینەوە پە نجەرەی ( Profile Data Band Style )

ئینجــا لــه بەشــی ( Labels and ticks ) دا ( Major Station ) هەڵدەبــژێرین و كلیك لەسەر ( Compose Label ) دەكەین وەكو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی ( Label Style Composer ) دێت و بەو شێوەیە گۆڕانكاری تێدا دەكەین




جا ( Apply ) ئینجا ( OK ) لە هەموو پەنجەرەكان ئینجا پرۆفایلەكە بەم شــێوەیەی لێدێت




بۆ زیادکردنی پرۆفایلی لای چە پیش هەمان هەنگاوەکانی لای ڕاست دووبارە دەکەینەوە جا پرۆفایلەکە بەم شێوەیەی لێدێت




بۆ زیاد کردنی وێستگەکان کلیك لەسەر پرۆفایلەکە دەکەین ئینجا کلیکی ڕاست دەکەین و (Profile View Properties) هەڵدەبژێرین جا پەنجەرەی ( Profile

View Properties ) دێت ئێمەش لە بەشی ( Band type ) دا ( Profile Data )
هەڵدەبژێرین وە لە بەشی ( Select band style ) دا ( Stations ) هەڵدەبژێرین
ئینجا كلیك لەسەر ( Add ) دەكەین وەكو لای خوارەوە




جـا پە نجـەرەی ( Geometry Points to Label in Band ) دێـت وەكـو لای خوارەوە



جا ( OK ) دەکەین و بەشی وێستگەکانیش دەچێتە پاڵ ئەوانی تر وەکو لای خوارەوە




ئینجا لە بەشی ( Style ) کلیك لەسەر ئایکۆنی تەنیشت ( Stations ) دەکەین و پەنجەرەی ( Pick Band Style ) دێتە ئیمەش کلیك لەسەر ( Edit Current Selection ) دەکەین وەکو لای خوارەوە



جا پەنجەرەی ( Profile Data Band Style ) دێت ئێمەش لە بەشی ( Title text ) كلیك لەسەر ( Compose label ) دەكەین وەكو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی ( Label Style Composer ) دێت و ئەو گۆڕانكاریانەی تێدا دەكەین



ئینجا کلیك لەسەر بەشی (Contents) دەکەین و پەنجەرەی (Text Component Editor) دێت ئێمەش ناوەکەی دەنووسین (STATIONS) وەکو لای خوارەوە




ئینجا (OK) دەکەین و دەگەڕێینەوە پەنجەرەی (Profile Data Band Style) ئینجا لە بەشی (Labels and ticks) دا (Major Station) هەڵدەبژێرین و کلیك لەسەر (Compose Label) دەکەین وەکو لای خوارەوە



جا پەنجەرەی (Label Style Composer) دێت ئێمەش بەو شێوەیەی خوارەوە گۆڕانکاری تێدا دەکەین و کلیك لەسەر بەشی (Contents) دەکەین وەکو لای خوارەوە




ئینجا هەموو پەنجەرەکان وەکو ئەوانی پێشوو پڕدەکەینەوە و (Apply) و (OK) دەکەین تا پەنجەرەی (Profile Data Band Style) لەوێش بەشی (Display) دەکەینەوە و ئەو گۆڕانکاریانەی تێدا دەکەین



دووباره له هەموو پە نجەرەکان (Apply) و (OK) دەکەین جا پرۆفایلەکەمان بەو شێوەیەی لێدێت




ئەگەر سەیری ناوەکان بکەین دەبینین ناوەکانمان نووسیوە (Elevation ,Level ,Elev) دەتوانین هەموویان یەکە یەکە لە پەنجەرەی (Text Component Editor) بگۆڕین بۆ ئەو ناوەی کە خۆمان دەمانەوێ بۆ نموونە (LEVEL)، جا پرۆفایلەکەمان بەو شێوەیەی لێدێت




**ئەگەر سەیری هەر سێ هێڵی ( ناوەراست و راست و چەپ ) بکەین دەبینین هەموویان بە یەك رەنگ کێشراون ئێمەش رەنگی هەر هێڵێك وەکو رەنگی نووسینەکەی لێدەکەین بەم شێوەیە :**

**کلیك لەسەر هێڵی ناوەراست دەکەین ئینجا کلیکی راست دەکەین و دەچینە ( Edit Profile Style ) وەکو لای خوارەوە**



جا پەنجەرەی (Profile Style) دێت ئێمەش (Display) دەکەینەوە و ئەو ڕەنگانەی کە پەیوەندیان بە هێڵەکەوە هەیە دەیانکەینە سەوز وەکو لای خوارەوە




ئینجا (Apply) و (OK) دەکەین جا هێڵی ناوەڕاست ڕەنگی دەبێتە سەوز بەم شێوەیە



هەر بە هەمان شێوە هێلی ڕاست و چەپیش وەکو نووسینەکانیان لێدەکەین جا پڕۆفایلەکە بەم شێوەیەی لێدێت




ئەو شێوازەی کە دروستمان کرد دەتوانین بە ناوێك هەڵیبگرین بۆ ئەوەی لە کارەکانی داهاتوومان بەکاری بێنین.

بۆ هەڵگرتنی ئەو شێوازە کلیك لەسەر پڕۆفایلەکە دەکەین ئینجا کلیکی ڕاستی لەسەر دەکەین و دەچینە ( Profile View Properties ) وەکو لای خوارەوە



ئینجا پەنجەرەی ( Profile View Properties ) دێت ئێمەش کلیک لەسەر ( Save as band set ) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی ( Band Set ) دێت ئێمەش لە بەشی ( Name ) ناوێکی لێدەنێین بۆ نموونە ( SHAHOYE ) وەکو لای خوارەوە




ئینجا ( Apply ) دواى ئەویش ( OK )

ئەگەر بمانەوێ لەناو هەمان فایل پرۆفایلی تر دروستبکەین دەتوانین ئەو شێوازەی دروستمان کرد بۆ شێوازە نوێکانیش بەکاری بێنین وەکو لای خوارەوە:

نموونە:

ڕێڕەوێکمان هەیە بە ناوی ( Alignment 2 ) وەکو لای خوارەوە




بۆ دروستکردنی پرۆفایل دەچینە ( Profile ) ئینجا ( Create Profile from Surface ) وەکو لای خوارەوە




ئینجا هەموو هەنگاوەکانی دروستکردنی پرۆفایل تەواو دەکەین کە لە پێشدا باسمان کرد تا دەگەینە پەنجەرەی ( Create Profile View ) جا لەو پەنجەرەدا کە

دەگەینە ( Data Bands ) لــە بەشــی ( Select band set ) دا شــێوازەکەی خۆمــان هەڵدەبژێرین کە ( SHAHOYE ) یە وەکو لای خوارەوە




ئینجا کلیك لەسەر ( Create Profile View ) دەکەین و لەسەر شاشە کلیك دەکەین جا ئەو پرۆفایلەمان بۆ دروست دەکات




پێویستە هەندێك دەستکاری پرۆفایلە تازەکە بکەین بۆ ئەوەی تەواوی زانیاریەکانمان پێ بدات.

## دروستکردنی هێڵی دیزاین (Design Line) بە لەبەرچاو گرتنی بەرزی خانوو

**پرۆفایلێکمان هەیە بەو شێوەیەی خوارەوە**



**ڕێڕەوێکیشمان هەیە کە ئەم پرۆفایلەی لێدروستکراوە لە نزیك وێستگەی (100 و180) دوو خانووی لێیە کە بەرزیەکانیان (496.7 و 497.7) ن ،وەکو لای خوارەوە**




**پێویستە بەرزی (Design Line) لە ئاستی ئەو خانوانە بەرزتر نەبێ، پێویستە شوێنی خانووەکان لەسەر پرۆفایلەکە نیشان بدەین بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**لە بەشی (View) دا دەچینە (Viewport Configuration) ئینجا (Two:Vertical) هەڵدەبژێرین وەکو لای خوارەوە**



ئینجا شاشەکەمان بۆ دەکاتە دوو بەشی ستوونی جا لە بەشێکی پرۆفایلەکە دێنینە پێش و لە بەشەکەی تریش رێڕەوەکە دێنینە پێش وەکو لای خوارەوە



ئینجا لە بەشی (Home) دا دەچینە (Profile View) ئینجا کلیك لەسەر (Project Objects To Profile View) دەکەین وەکو لای خوارەوە




ئینجا داوا دەکات کە ئەو شتانە نیشان بکەین کە دەمانەوێ بیانخەینە سەر پرۆفایلەکە وەکو لای خوارەوە



دواى ئەوەى خاڵەكان ديار دەكەين كليكى راست دەكەين ئينجا داواى دياركردنى پڕۆفايلەكە دەكات كە دەمانەوێ خاڵەكان لەسەرى دەركەون وەكو لاى خوارەوە




ئێمەش كليك لەناو پڕۆفايلەكە دەكەين جا پەنجەرەى ( Project Objects To Profile View ) دێت وەكو لاى خوارەوە




ئينجا ( OK ) دەكەين و خاڵەكان بەو شێوەيەى خوارەوە لەسەر پڕۆفايلەكە دەردەكەون



ئینجا هێڵی دیزاین ( Design Line ) دروست دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە :
دەچینە ( Profile ) ئینجا کلیك لەسەر ( Create Profile by Layout ) دەکەین وەکو لای خوارەوە



**ئینجا هەموو هەنگاوەکانی پێشوو کە لە هێڵی دیزاین باسمان کرد دووبارە دەکەینەوە و پرۆفایلەکەمان بەو شێوەیەی لێدێت**



# دەستکاریکردنی هێڵی دیزاین (Design Line)

بۆ دەستکاری کردنی هێڵی دیزاین نیشانی دەکەین ئینجا کلیکی راستی لەسەر دەکەین و کلیك لەسەر (Edit Profile Geometry) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی (Profile Layout Tools) دێت وەکو لای خوارەوە




- بۆ زیاد کردنی خاڵی یەکتر بڕین (PVI) دەچینە (Insert PVI) وەکو لای خوارەوە




ئینجا داوا دەکات کە شوێنێك دیار بکەین بۆ زیادکردنی (PVI) تازەکە ئێمەش لەو شوێنەی بمانەوێ کلیك دەکەین جا (PVI) دروست دەکات وەکو لای خوارەوە




- بۆ لابردنی (PVI) دەچینە (Delete PVI) وەکو لای خوارەوە




جا لە نزیك هەر (PVI) یێك کلیك بکەین (PVI) ەکە نامێنێت

- لە هەمان پەنجەرەدا دەتوانین چەندین کرداری تری وەکو جولاندنی (PVI) و بەرزکردنەوەی یان نزمکردنەوەی ئاستی (PVI) و چەندین کرداری تریش ئەنجام بدەین.

# هێنانەدەرەوەی زانیاریەکانی ناو پڕۆفایل

بۆ هێنانە دەرەوەی زانیاریەکانی ناو پڕۆفایل دەچینە (Toolbox) ئینجا (Reports Manager) دەکەینەوە دواى ئەویش (Profile) دەکەینەوە، جا بۆ زانینی :

- (ڕۆژهەلأت و باکور و بەرزی زەوی سرووشتی و بەرزی هێلی دیزاین و جیاوازی نێوان بەرزی هەردووکیان بۆ هەر وێستگەیەك) کلیکی ڕاست لەسەر (Incremental Station Elevation Difference Report) دەکەین ئینجا کلیك لەسەر (Execute) دەکەین وەکو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی (Create Reports-Profile Elevation Defferences) دێت،ئێمەش ماوەی نێوان وێستگەکان دەنووسین وەکو لای خوارەوە




ئینجـــا كلیــك لەســەر (Create Report) دەكــەین دوای ئــەویش (Done) جــا را پۆرتێكی لەو شێوەیەمان بۆ دروست دەكات كە ئەمە تەنها بەشێكی را پۆرتەكەیە :

# Profile Elevation Differences Report

Vertical Alignment: Layout (1)
Existing Profile: Surface1 – Surface (1)
Description:
Station Range: Start: 0+000.00, End: 0+700.07

| PVI | Station | Easting | Northing | Elevation Existing | Elevation Design | Elevation Difference |
|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 0 | 0+000.00 | 6085.5564 | 1917.4517 | 397.355m | 397.134m | 0.221m |
| 1 | 0+025.00 | 6110.2559 | 1913.587 | 397.483m | 397.263m | 0.219m |
| 2 | 0+050.00 | 6134.9554 | 1909.7223 | 397.610m | 397.393m | 0.217m |
| 3 | 0+075.00 | 6159.6549 | 1905.8576 | 397.738m | 397.523m | 0.215m |
| 4 | 0+080.58 | 6165.1659 | 1904.9953 | 397.766m | 397.551m | 0.215m |
| 5 | 0+081.04 | 6165.6269 | 1904.9232 | 397.768m | 397.554m | 0.214m |
| 6 | 0+081.61 | 6166.187 | 1904.8355 | 397.769m | 397.557m | 0.212m |
| 7 | 0+083.13 | 6167.6897 | 1904.6004 | 397.771m | 397.565m | 0.207m |
| 8 | 0+093.71 | 6178.1399 | 1902.9653 | 397.817m | 397.620m | 0.197m |
| 9 | 0+094.83 | 6179.2428 | 1902.7927 | 397.798m | 397.625m | 0.173m |
| 10 | 0+096.61 | 6181.0042 | 1902.5171 | 397.733m | 397.635m | 0.099m |
| 11 | 0+096.64 | 6181.0347 | 1902.5124 | 397.729m | 397.635m | 0.094m |
| 12 | 0+096.66 | 6181.0593 | 1902.5085 | 397.748m | 397.635m | 0.113m |
| 13 | 0+099.16 | 6183.5258 | 1902.1226 | 397.759m | 397.648m | 0.111m |
| 14 | 0+100.00 | 6184.3543 | 1901.9929 | 397.750m | 397.652m | 0.098m |
| 15 | 0+104.79 | 6189.0826 | 1901.2531 | 397.698m | 397.677m | 0.021m |
| 16 | 0+116.81 | 6200.965 | 1899.3939 | 397.430m | 397.736m | -0.306m |
| 17 | 0+121.95 | 6206.0359 | 1898.6004 | 397.758m | 397.761m | -0.003m |
| 18 | 0+124.55 | 6208.613 | 1898.1972 | 397.812m | 397.773m | 0.039m |
| 19 | 0+125.00 | 6209.0538 | 1898.1282 | 397.812m | 397.775m | 0.037m |
| 20 | 0+127.03 | 6211.0576 | 1897.8147 | 397.814m | 397.785m | 0.029m |
| 21 | 0+134.23 | 6218.1745 | 1896.7011 | 397.838m | 397.818m | 0.020m |
| 22 | 0+140.00 | 6223.8735 | 1895.8094 | 397.859m | 397.843m | 0.016m |
| 23 | 0+142.27 | 6226.1188 | 1895.4581 | 397.868m | 397.853m | 0.015m |
| 24 | 0+143.93 | 6227.759 | 1895.2014 | 397.881m | 397.860m | 0.020m |

- بۆ زانینی (PVI) و لاری و بەرزی هێڵی دیزاین لە هەر وێستگەیەك كلیكی راست لەسەر (Incremental Stationing Report) دەكەین ئینجا (Execute) وەكو لای خوارەوە




جا پەنجەرەی (Create Reports- Incremental Stationing Report) دێت وەكو لای خوارەوە



جا وەکو هەنگاوی پێشوو بەردەوام دەبین و ئەم راپۆرتەمان دەداتێ

# PVI Station Increment Report

Vertical Alignment: Layout (1)
Description:
Station Range: Start: 0+000.00, End: 0+700.07
Station Increment: 20.00

| **Station** | **Elevation** | **Grade Percent (%)** | **Location** |
|---|---|---|---|
| 0+000.00 | 397.134m | | PVI |
| 0+020.00 | 397.237m | 0.52% | |
| 0+040.00 | 397.341m | 0.52% | |
| 0+060.00 | 397.445m | 0.52% | |
| 0+080.00 | 397.548m | 0.52% | |
| 0+100.00 | 397.652m | 0.52% | PVC |
| 0+120.00 | 397.752m | 0.50% | |
| 0+140.00 | 397.843m | 0.46% | Crest |
| 0+160.00 | 397.927m | 0.42% | |
| 0+180.00 | 398.002m | 0.38% | PVT |
| 0+200.00 | 398.073m | 0.36% | |
| 0+220.00 | 398.145m | 0.36% | |
| 0+240.00 | 398.216m | 0.36% | |
| 0+260.00 | 398.287m | 0.36% | |
| 0+280.00 | 398.358m | 0.36% | |
| 0+300.00 | 398.430m | 0.36% | |
| 0+320.00 | 398.501m | 0.36% | |
| 0+340.00 | 398.572m | 0.36% | |
| 0+360.00 | 398.644m | 0.36% | |

به هەمان شێوەی پێشوو هەر زانیاریەکمان بوێت دەربارەی ئەو بەشانەی خوارەوە دەتوانین بە دەستیان بێنین



## کۆکردنەوەی زانیاری بەدەم ڕێگاوە

## د- ڕێگایەکی ئاسان بۆ جارانکردنی هەندێك ژمارە

### 1- لێکدانی هەر ژمارەیەك لە ژمارە ( 5 )

ئەگەر ویستمان ژمارەیەك جارانی ژمارە ( 5 ) بکەین سەرەتا ژمارەکە دابەش ( 2 ) دەکەین ئینجا ( سفر-0 ) یێکی بۆ دادەنێین ،ئەگەر فاریزەی هەبوو فاریزەکە لەگەڵ سفرەکە دەڕوات وەکو:

